# هۆزی لەبیرکراوی گاوان و
# گاوانییە بەناوبانگەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دوکتۆر مستەفا جەواد

# هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکان

وەرگێڕانی

مامۆستا هەژار



ناوی کتێب: هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکان
نووسینی: دوکتۆر مستەفا جەواد
وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار
نووسیاری: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٧٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٦٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەستییەک

وەرگێڕ

زۆر خـۆم بەبەخـتـەوەر دەزانم کـە کـۆڕی زانیـاری کـورد ئەو ئاوڕە بەخـێـرەی وێ دام و وەرگـێـڕانی ئەم نامـیلکە هێـژایەی بەمـنی هەژار ئەسپارد؛ چونکە بەئەنجامدانی ئەو کارە لەبار و نازدارە، بەتیرێک دوو نیشانە دەپێکم و لە دوو سەرەوە هەودای بەختیاریم تێک دەکەنەوە:

١– ئەم نامـیلکەیە بیرخستنەوەی هۆزێکی سەربەرز و نەبەز و مـەرد و نەبەردی کەونارای کوردە و ئێستا لە ئارادا نەماوە؛ بەڵام لە ڕۆژ و ڕۆژگـاریکدا ئەو هۆزە – کـە هۆزی گـاوان بووە – زۆر دیار و لە بەرچاوان بووە و لە سـایەی ئازایی و مـێـرخـاسـی و گـەڕناسـیی کوردانەی خۆیەوە – لە لایەکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا – ناو و نـاوبانـگێکی زۆر و زەوەندی پێکەوە نـاوە و لە لای لاوەکـی و دەر و دراوسێ و ئاشنا و بیانییانەوە، بەزیخ و بوێر و چاونەترس و شێر و ئابڕوومەند و جوامێر و ئاکارپەسند و چاوتێر ناسراوە و دۆستی خۆی شـاد کردوون و نـەیاری بەرباد کـردوون و پاڵەوانی بەزاندوون و لەشکری ڕەتاندوون و لـە چاخ و چەرخی خـۆیدا گـەلی کـوردی وەک گەلێکی هـەرە ئازا و بەکار، بەخەڵک ناساندووە.

هۆزی گاوانی کورد لە دەورانی دەسـەڵاتی خـەلیفـەکانی عـەباسـیدا ژیاوە و شانبـەشانی بەرەی ئەسـەدی عەرەبی، شاری حیللەی ئێستای عیراقیان بنیات ناوە و سەرەڕای ئەو شوێنەوارە ماوەشیان، ماوەیەکی



زۆر مـەیدانی زۆرانـبازی و ڕێبازی پڕ لە شـانازیی نێوانی خـانەقین و مـەندەلیی ئێستا و حـەلوانی ئەوسا و بەدرە و جـەسانی لای کووت و عـەممارە بووە و گەلێک چیا و کەژ و ئاوی و بەژ و نەرمان و ڕەقەن و دەشت و بەندەنی[١] لەبەر دەستا بووە و کەس نـەیوێراوە دەستیان بۆ بەرێ و هـەرکـەس خـۆی لە قـەرەی داون، کردوویەتییە قـەرەبرووت و بۆ پووش و پەڵاشی گـیانی نـەویستانیـان وەک بزووت بووە و لەگـەڵ هـەر پادشا و خونکارێکدا جووت بووە، بەرهەڵستی خـۆی بەکەوی کوڵیو زانیوە و کەس نەیتوانیوە لە بەری بکۆخێ.

جا هـەروەک لە بێباکی و پەیتی و خورتیدا، شۆڕەسـواری مـەیدان بوون، لە نانبدەیی و دەهەندەیی و ئەمـەکداری و چاکەکاریشدا ناویان لە سـەرووی ناوانـەوە بووە و هونەروەر و هـونەرپەروەر و بوێـژ و زانا و پیر و پیاوچاکـیشیان زۆر لـێ هەڵکەوتوون و لـە زۆر بارانەوە بۆ ئەوە شیاون کە گەلی هاوڕەگەزیان خۆیان پێوە ڕانێ و ئاکار و کردەوەیان لە بـەرچاوی کـوردنەبینان دانێ. بـەڵام بەداخـەوە – ئاخ چەند هەزار بەداخـەوەی تریشـمـان هـەیە – لە سۆنگەی بێ کـەسی و بێ دەستی و ژێردەستی و بێ هەستی و بێ پەنا و پەسیوی و خۆشی لە خۆ نەدیوی خـۆمـانەوە، هـەر دۆمـانە گـریاوین و ژیننامـەی ئەو خـزمـە بەکـار و کارامانەشمان – وەک هـەزاران مایەی شانازیی ترمان – لە بیر چووەتەوە یان لە بیریان بردوینەوە.

ئەو ژیانی کڵـۆڵی و شـڕۆڵی و ژێر چەپۆکـەیی و دیلییـە، چاوی دڵ و دڵی چاوی وا کوێر و کوتر کردووین و بەدەردێکی بردووین کە هـەمیشە لـە تاریکسـتـانـی ئەنگوست لە چاودا، دەژین و هـەست بـەهەڵاتن و

(١) هیچ بە دوری نازانم: جوانڕۆ، گاوانڕۆ بێ. (ڕۆ) بە چۆم دەڵێن.

ئاوابوونی مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە گەشەکانی عاسمانی کوردستانمان ناکەین و هەموو شت لە بەرچاومان ڕەش و دزێوە و هەموو ڕەنگێک لە لای کوێر هەمڕەنگی خەڵووز و ڕەژین.

٢– ئەگەرچی هەر بەباس و خواسی کوردی هاودەرد و کەسوکار و خزم و خوێشم دڵخۆشم و کە سەربەهووردیان دەخوێنمەوە یان دەنووسم، پێی سەرخۆش دەبم و کە لە ئێستا و ڕابردوویان دەدوێم، زۆرم لە گیانان خۆش دێ و فەرامۆشیم پێیان دێ و هەمیشە بێزوو بەو جۆرە کارانە دەکەم و لەبەرم نابێزرێن، بەڵام بەتایبەتی ئەرکی ئەمجارم زۆر لە لا بە ودم و پیرۆزە؛ چونکە ماکی کارەکە و نووسینی وتارەکە بەرهەمی ڕەنج و کۆششی مامۆستا مستەفا جەوادی خۆشەویست و بەناوبانگە.

لەسەرمە کە شەرم نەمگرێ و ئەو ڕاستییە لە خۆم بڵێم: ڕاستتان دەوێ هەرگیز لە تابشت و توانی قەڵەم و زمانی منی هەژاری دەستەوستاندا نییە تۆزێکیش پەسنی هۆزانی و زۆرزانی و جەوهەر و هونەر و ژیری و بەپیری ئەو پیاوە شایستە و شیاوە بدەم! گەلێک لە زانایانی بەدەسەڵات و خوێندەوارانی لە زەبر و وێژەوانانی دەموپل ڕەوان – بەوتار و کتێب و دوان – پەسنیان داوە و هێشتا دەوری هەشتێک لە مشتێکیان نەداوە و لە کۆشکێک خشتێکیان دانەناوە.

شاری دڵداریت سەروبەر پشکنی
ئێمە تازە پێ دەخەینە کووچەیەک

کەوابوو چارم ناچارە دەبێ واز لەوە بێنم کە لەباری خوێندەواری و ڕۆشنبیری و زانیاری و ژیری و هۆشیاریی دوکتۆر مستەفا جەوادەوە بدوێم و پلەی زانست و پایەی شارەزایی و مایەی پسپۆڕی و زانایی



لە بەرچاو ڕانێم و بینوێنم؛ چونکە سوور دەزانم ئەگەر بەلاساری دەگژ چیای هەڵگورد ڕاچم و بڵێم لێ بڕاوم کە ئەو لەمپەرە سەخت و هەڵەمووتە بپەڕێنم و لە جێگەی خۆی بڕەتێنم، دەبمە گەپچاڕی کوڕ و کاڵان و دەکەومە بەر توانج و تانەی خوێش و بێگانە و بەشێت و شوورم دەزانن و دەشزانن کە هەزار جار خۆ لە بەرد و دار بدەم، تیزمالکێکیشی لێ هەڵناکرێنم. واتا مەتاڵم فرێ داوە و هەر هێندە لەخۆم ڕادەبینم کە بڵێم ئەو پیاوە لەگەڵ هۆزانیدا، ئینسانیش بووە.

وابزانم ئەو تۆزوولکەش کە من تێی گەیشتووم هەر زۆرە. مەسەلێکی ناو فارسان هەیە دەڵێ: «هاسانە ببیە زانا؛ دژوارە ببیە مرۆڤ!».(١) زۆر زانای زۆرزانمان دیوە کە جەوهەر و هونەرەکەی وەک دیواربڕ لەکار هێناوە و ماڵی مەردمی پێ وێران کردووە! باسی زۆر زیت و پیتۆڵانمان بەبەرچاو و گوێدا تێ پەڕیوە کە زانیارییەکەیان هەر بەشی گیرفانی خۆیان بووە و وردکە نانێکی خوانی خوێندەوارییان بەهیچ ئافەریدەیەک ڕەوا نەدیوە. گەلێکی وا هەبوون و ئێستاش هەن کە بەناویش و بەناوەڕۆکیش زانان، بەڵام خۆیان و زانستەکەیان گۆشتی سەر چەپەرە و هەر دراو و پارەی بدەنێ پەروای لە ناو و نەنگ نییە و چیرئابڕوویی نازانێ و لە هیچ بێ ئاکاری و نالەبارییەک سڵ ناکا. بازرگانە؛ دەفرۆشێ و لە کڕیار دەگەڕێ. ئیتر سەوداگەر کێیە؟ دراوەکەی لە کوێوە دراوەتێ؟ ئەو هێندە بەتەنگەوە نییە و ئەوەندە فوو لە دۆ ناکا و بۆ هیچ پرسیارێک لە پاکی و گەماری دەمی گۆ ناکا. کەوابوو تەنیا زانایی پیاو ناکاتە پیاو؛ پیاوەتی و مرۆڤایەتی و ئاکاری لەبار بۆ زانا و خوێندەوار، وەک گەشییە بۆ خوێن و وەک خوێنە بۆ

١– عالم شدن چه آسان؛ آدم شدن چه مشکل!

لەش. ئەو نەزانەی بەئاکارە، هێشتا هەزار تۆپە قوتنی بەسەر ئەو زانایەدا هەیە کە دوورە ئاکارە و شەرم لە خۆی و لە خوێندەوارییەکەی ناکا!

جا ئێستا با بزانین مستەفا جەوادی کوڕە هەژاری ڕەنجدەر چۆنی توانی کە زێدە لە هاوماڵ و هاوساڵانی لەناو دڵی هەزاران هەزار لە خەڵکی عیراق و هەندەراندا جێگەی خۆی بکاتەوە و هەرگیز لە هیچ دڵێک دەرنەچێ؟ ئەگەر ڕاست بڕۆین، هونەر هونەری مرۆڤایەتی و ئاکارچاکی و ڕاست ڕۆیشتنەکەی بوو. مستەفا جەواد چەندەی زانا بوو ئەوەندەش مرۆڤ بوو. واتا جوانی و دەستڕەنگینیی گەیبوونە یەک و داواکاران دەستی خۆیان لەسەر دەشکاند.

بەڵێ لە ڕاستیدا مستەفا جەواد وەک هەموو زانایەکی نموونەیی – کە لەسەر ڕووپەڕی کتێبان پەسنیان دراوە – ئەگەر ئەو قەلەمندارەی بەجێش نەهێشتبێ، هەنگاوێکی مەزنی بەرەو شار ناوە. زانای بەئاکار و بە ئاکاری زانا مستەفا جەواد بوو؛ بەهەموو هێز و توانا ڕاستیی پەرست و خاوەن ویژدان و مرۆڤدۆست بوو. لەو ڕۆژ و ڕۆژگارە ناهەنجارەدا کە هێشتا ئەویش بەڕواڵەت ژیانی بەجێ نەهێشتبوو دەماندیت و دەمانبیست، هەر ڕۆژە سازێک و هەر تاوە ئاوازێک دەنگی دەداوە، تەپوتۆزی ڕەگەزپەرستن و درۆ هەڵبەستن و کێچ بەگاکردن و نەتەوە بەتاڵان بردن بەرچاوی زۆر خوێندەواری خاوی وەها گرتبوو کە لەو ڕۆژەدا هەزار بار و خەڵواری ڕاستی و دروستی، پوولە سووتاوێکی نەدەکرد و تۆزە درۆیەک بەدەرمانی چاوان دەچوو، مستەفا جەوادی زانای ڕاستەقانی و هەقپەرست و لە ڕێ لانەدەر، لە پشت بەرزەوێژی ئێزگە و لە بەرچاو ئەندازی تەلەفیزیۆن و



لەسەر بەرزەکی دواندان و لە کۆڕی ڕۆشنبیراندا – کە لە وێژە و مێژووی وڵاتی عەرەبیی دەکۆڵیەوە و ماڵم هەقە کەسیش وەک ئەوی لێ نەدەزانی – هەر وەختێک لەناوێک هەڵدەنگوت کە خاوەنی بەڕەگەز کورد بووە و لە ناو عەرەب و ئیسلامدا جەوهەری لە خۆ نیشان داوە و بەئازا و دڵسۆز و زانا ناو براوە، بەوپەڕی قەدر و ڕێزەوە ناوی دەبرد و دەستنیشانی دەکرد کە ئەوە کورد بووە و ژیننامەشی شی دەکردەوە.

لەو سەروبەندانەدا کە خوێندەواری پارووڕفێن و هەلپەرست، سەربەخۆ سواری سەری خۆ دەبوون و بەقسەی ساردوسڕ و بەڵگەی شاش و شڕیان هەر بۆ ئەوەی بەبەرماوێک بیانلاوێننەوە، نیازیان وابوو لەسەر کاغەز کورد بتاوێننەوە! مستەفا جەوادی بەویژدان، بەدەنگی زوڵاڵ و پڕ تینی، کۆمەڵی تین دەدا کە بێن و گوێی لێ بگرن: وەرن پێتان ڕابگەیەنم کە شاری حیللەمان دەسکاری کوردانە و بەحری مولەممەعی شیعری عەرەبی، کوردێکی هەولێری دای هێناوە؛ فڵانە شاعیر کە لە دەرباری خەلیفەدا هەموو خەڵاتی شیعری پێ بڕا، کوردی کوڕی کورد بووە؛ فیسارە شێخ کە لە ناو سۆفییاندا نازناوی تاجولعارفینی پێ درا، دەچێتەوە سەر ڕەگەزی ئەو برا کوردانەمان.

لە بیرمە جارێک لەو ڕۆژگارە تووش و ئەنگوست لە چاوەدا کە هێندێک بنیچە کورد – بۆ ژیانپارێزی – پارێزیان لە کوردایەتی دەکرد و خۆیان لە ڕەگەزەکەیان دوورەپەرێز دەگرت و کۆنەباپیرێکی قەڵتاغ شڕی کەس نەناسی بیانی و نامۆیان بەخەیاڵ دەدۆزییەوە و بەقیر و زفت بەخۆیانەوە دەنووساند! کابرایەک لەو خۆگۆڕانە نامەیەکی بۆ دوکتۆر مستەفا جەواد نووسیبوو لێی پرسیبوو: من پێم دەڵێن جوڕانی. گوایە بنچینەمان جوولەکەی جۆڕان بووە و کەونە باپیرێکی

خوالێخۆشبوومان عەقڵی بڕیوە و موسڵمان بووە و ئێمە لە ڕەگەزدا هەر سامین. تۆ دەڵێی چی؟

دوکتور مستەفا جەواد لەسەر تەلەفیزیۆنی بەغداوە وەرامی داوە: کاکی جوڕانی! ئەم جیرە و جۆڵەی پێ ناوێ؛ تۆ گۆرانی و کوردی و ڕاستی وەبن لیچدان، ئاکارێکی ناپەسندە. هیچ خمت لێ نەشێوێ؛ گومان نابەم هیچ جۆڕانەجوو لە حوڕان بووبێ. گۆرانەکانن لە کوردستانن و بۆ ئەو مەبەستەش بڕوانە پوختەی مێژووی کورد و کوردستانی مامۆستای بەهرەدارمان ئەمین زەکی بەگ کە زۆر باسی بۆ ڕوون کردووینەوە و هەرچی ئەویش لەو بارەوە نووسیویە، هیچ خڵتە و خەوشی تێدا نییە.

جا ئەو ئاکارپەسندی و ڕاستپەرستی و خودان وێژدانییەی کە بووبوونە خشڵ و خەملی زانست و هونەری، کارێکیان کردبوو کە عەرەب و کورد لەسەر بنیچە و ڕەگەزی شەڕە دەندووکەیان بوو؛ هەردووک لا ئەوەندەیان خۆش دەویست دەیانویست بەلای خۆیانیدا بکێشن و بەگەڵ مایەی شانازیی خۆیانی بخەن. بەڵام مستەفا جەواد لە عەرەب و کورد دەرچووبوو؛ بووبووە پارچەیەک زانست و مرۆڤایەتی، زانست و مرۆڤایەتیش بەشی هەموو کەسن و هەموو تیرە و ڕەگەزێک دەتوانێ بەهی خۆی بیانزانێ و خۆی پێوەیان ڕانێ و شانازییان پێوە بکا. ئەم شیعرە بەئەسڵ فارسییە هەر دەڵێی بۆ مستەفا جەواد گوتراوە کە دەڵێ:

وەها بمرە کە گاور ئاورێ هەڵکەن لە بن تەرمت(١)

موسڵمان بتڕفێنن تا بە ئاوی زەمزەمێ بتشۆن

---

(١) گاور: مەجووسە. کە لە سولەیمانی بە فەلە دەڵێن گاور، هەڵەیە. هەژار

## ژیننامەکەی بەسەرچڵی

زانای گەورە دوکتۆر مستەفا جەواد ساڵی ١٩٠١ی زاینی لە بەری ڕەسافەی بەغدایە لە گەڕەکی قشڵە هاتووەتە سەر دنیایە. باوکی بەرگدروو بووە؛ لە بەغداوە چووەتە دێلتاوە کە سەر بە پارێزگەی باقووبەیە و لەوێ مستەفای بچکۆلەی لە قوتابخانەی ژنێک کە ناوی مەلا سەفییە بووە لەبەر خوێندن ناوە؛ بەڵام دوایی کەمێک کاری وەرزێرشی پێ کردووە.

مستەفا هاتووەتە بەغدا و لە فێرگەی بەرایی دامەزراوە و زۆریش زیرەک بووە. بەڵام هەژاری ناچاری کردووە بچێتەوە دێلتاوە و ژیانی لەسەر باغەکەیان بێ.

ساڵی ١٩٢١ی ز. دوای ئەزموونێکی زۆر دژوار، لە(دارالمعلمین) وەرگیراوە و لەوێ دەستی بە شیعردانان کردووە و بۆ شاگردانی هەواڵی خوێندووەتەوە و دوای چوار ساڵ کە دەرچووە، ڕۆژنامەکانی عیراق و عەرەبی، بۆ چاپکردنی شیعرەکانی ملەیان بووە و منەیان کردووە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ و ١٩٣٢ی ز.دا لە ناسریە و بەسرا و دێلتاوە و کازمەین و بەغدا، مامۆستای فێرگەی بەرایی بووە. لە گۆڤاری (لغة العرب)دا بووەتە نووسەر کە لە نێوانی ساڵی ١٩٢٨ و ١٩٣٢ی ز.دا لەلایەن ئەب ئەنستاس کرملییەوە بڵاو دەکرایەوە. وتار و نووسراوی مستەفا جەواد زۆر بەرمێن و ڕەوان و پێز بوون.



سەری لە میسر دا و لەوێوە خۆی گەیاندە پاریس و زانستی زمانەوانیی خوێند و لە ١٩٣٩ی ز. کارنامەی دوکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت.

لە چەندین کۆڕی زانیاری و فەرهەنگستاندا ئەندامی کارا و یاریدەر بوو.

بریکاری سەرۆکی زانکۆی بەغدا و عەمیدی ئامۆژگەی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی بووە و لە کۆلێجی پەروەرین و چەند کۆلێجێکی تریشدا مامۆستا بووە.

جگە لە زمانی عەرەبی، فەرەنسیشی باش زانیوە و سەریشی لە فارسی دەرچووە. ئەوەندەی کتێب و نووسراوی دانراوی خۆی لەمەڕ مێژوو و زمان و وێژەی شیعر و پەخشان لە پاش بەجێ ماوە کە پیاو دەتوانێ بڵێ کتێبخانەیەکی سەربەخۆیە.

ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٧ی ز. گیانی پاکی بەبیناییی چاوان ئەسپارد و ئەو دڵەی – کە هەموو مرۆڤی خۆش دەویست و هەموو دنیای تێدا جێ دەبووە – لە لێدان کەوت.

# هۆزی لەبیرکراوی گاوان

گاوان[1] هۆزێکی کەونی کوردە و لە مێژووی عیراقدا لە هۆزە هەرە بەناوبانگەکانە و لە هەمووان جێ بەرزترە و لە گشتیان خاوەن ناوترە و لە باری شەڕ و شۆڕ و سیاسەتیشدا لە هەمووان هونەرمەندترە و شوێنەواریشی لە ئەدەبی عەرەبیدا و بە تایبەتی لە شیعردا، لە هەمووان بەرچاوترە. ئەندامانی ئەو هۆزە. زۆر حەزیان لە شیعر کردووە و برەویان پێ داوە؛ بەڵام ئەوانەی لە مێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، نە لێی ورد بوونەتەوە و نە لێشیان تۆژیوەتەوە! هەتا کار بەو جێگەیە گەییوە کە لە کتێبەکانی مێژووی عیراقدا جێگەیەکیان بۆ دیار نەکراوە و هەڵپەسێراون و لە بیر کراون. هەر ئەمەش بووەتە هۆ کە لە ناو مێژووی هەندەرانیشدا بێ باسوخواس و بێ ناوونیشان ماون.

بۆیەش کەوتوومە سەر ئەو بڕوایە کە بڵێم لە بیر کراون و نەڵێم نەناسراون، چونکە وشەی نەناسراو بۆ ئەوانە دەگوترێ کە لەبەر بێ کارەیی و بێ بایەخی وەلا دراون و ناو نەبراون. هۆزی گاوان لە مێژووی عیراقی ڕۆژگاری ئیسلامەتیدا دەورێکی زۆر گرینگی هەبووە. ئاکاری ئەوەندە بەرز و کاری ئەوەندە تەرز و هێژای لە خۆ نیشان داوە کە هەڵدەگرێ هیچ نەبێ بەشێک لەوانە لە بیر نەکرێ و لە مێژووی عیراقیدا بەگشتی و لە مێژووی کوردەواریدا بەتایبەتی جێگەی

(١) عەرەب گافی نییە و بە «جاوان» نووسراوە؛ ئێمە بردمانەوە سەر دەقی پێشووی.



شایانی خۆی بۆ دیار بکرێ؛ چونکە خۆ لێبواردن و چاو لێنووقاندنی، دەبێتە مایەی کەمایەتی و هۆی بێ بەش بوون و نیشانەی بێ ئەمەکی و پێنەزانین.

زۆر کەمایەتییە کە ئاگامان لە ڕووداوی ڕاستەقینەی مێژوویی نەبێ! بێ بەش بوونە لەو زانستە بەڕاستییەی کە هەموو ئاوات و ئامانجی دۆزینەوەی ڕووداوی ڕاست و بێ گرێ و بێ سەرەنگرییە. بێ ئەمەکی و پێ نەزانینە ئەگەر ئەو چاکە و پیاوەتییەی ڕابوردووان دەربارەیان کردووین، لە بەرچاومان نەبێ و ئەو شوێنەوارە بەهرەدارەی لەوانەوە بەیادگار بەجێ ماوە، چاوی لێ بپۆشین و لە بیر خۆمانی بەرینەوە. ئەرکی سەرشانمانە بەوپەڕی ڕێز و گەورەتییەوە ناویان بێنین و بەسوپاسەوە یادیان بکەین و لێیان بدوێین. بەڵام بەداخەوە نە شەرەفخانی بەدلیسی لە (شەرەفنامە)دا – ئەگەرچی مێژووی کوردیشە – ناوی هێناوە، نە فەزلوڵڵا عومەری لە (مسالك الابصار في ممالك الامصار)دا دانی پێدا ناوە!

خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی خولاسەی تاریخی کورد و کوردستاندا تەنیا جارێک یادی کردووە و لەو تەنیا جارەشدا ڕەتێکی بەناوەکە داوە و بە(جەوان)ی ناوی بردووە. دەستنیشانیشی کردووە گوایە ئەو ناوەی دەگەڵ ناوی چەند هۆزە کوردێکدا لە (مروج الذهب)ی مێژوونووسی بەناوبانگ مەسعوودیدا بەرچاو کەوتووە و لەوی وەرگرتووە. بەڵام من وام بۆ دەرکەوت کە لە (دائرة المعارف الاسلامية)ی وەرگرتووە؛ چونکە ئەو (مروج الذهب)ەی کە لە ئەورووپا لە چاپ دراوە بە (جاوان)ی ناو دەبا و هەتا نەشکرێتە عەرەبی، جاوانی

(١) خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی، ل , ٣٧٥

بەرەو جـــەوانی لانادا. تەنانـەت ئەویش لە کــاتێکدا ڕوودەدا کـــە وەرگێڕەکە بۆ خۆی دەسکاریی تێدا بکا؛ یان نیازی وابێ کە ڕەتی پێ بدا.

لە زۆربەی چاپەکانی (مـروج الذهب)دا ناوی ئـەو هۆزە بە (حـاوان) (بێ نوختـە) نووسـراوە. هەرچەندە تاجـەدین سـەبکیـشی لە (طبـقات الکبـری)دا[١] ناوەکـەی بەڕاست نەنووسـیـوە، بەڵام لە کـاتێکدا کـە خاوەنی (قاموس المجد) فەیرووز ئابادی لە برگەی جیم و واو و نووندا باسی دەکا، ئیتـر هیچ دەرەتانێک بۆ گومـان و دوودڵی نامێنێتەوە و ڕوخسـاری گـەشـەداری ڕاسـتـەقـینەی، ئاشـکرا و بەڕاشکاوی خـۆی دەنوێنێ.

مەسعوودی لە مرووجدا دەڵێ: «ئەوەی لە بارەی کوردەوە باسمان کرد و ئەوەی بەلای خەڵکەوە زۆر ئاشکرا و بێ درۆیە ئەوەیە: بنچینەی کورد دەچێتـەوە سـەر نەتەوەی ڕەبیـعـەی نزار! بەڵام هێندێک هۆزە کـوردی تری وەک شـاهـجـان کـە لە لای دینەوەر و هەمــەدانن و سـەر بەماهی کووفە و بەسرەن، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە لە ڕەگەزدا دەچنەوە سـەر تۆرەمـەی ڕەبیـعـەی کوڕی نزار کوڕی موعەد! هەر بەو جــۆرەش هۆزەکـانی مــاجــووران کـە تیـرەیەکن و لە مــەڵبــەندی ئازەربایـجـاندا نیشـتـەجێن و ئەوانەش کە لە ناو چیادا دەژین، وەک هەزبانی و سـەرات و شـازەنجـانی و لوڕ و باردلکان و باریسیـان و خالی و جەنارقی و جاوانی»[٢].

(١) طبقات الشافعية الكبري، ٤/٨٨ .

(٢) مروج الذهب، چاپی ئەورووپا، ٣/٢٥٤ و چاپی عەبدوڕەحمان کوڕی محەمەد، ١/٣٠٨ و چاپی کتێبخانەی عەسرییە، ٢/٢٤٤ .



گومـان لەوەدا نییە کە بردنەوەی ڕەگەزی کورد بۆ سـەر عەرەب، لە لای زانایانی وردبین و تێگەیشتوو، شتێکی پووچ و بێ کاکڵە. من لام وایە ئەو کـارە هـەر بۆیە کـراوە کـە هەروەک عـەرەب و کـورد لە دین و ئایندا بوونەتە برا، هەروەها لە ڕەگەز و ڕەسەنیشدا بکرێنە برا! کورد و عــەرەب زۆر پێکەوە تێکەڵاو بوون و کــوردیش لە بەردڵیــان گـران هاتووە کـە لە ڕەســەنی عـەرەبی پێـشـوو بێ بەش بن. جـا ڕەگـەز هەڵبەستان کەوتوونە خۆیان و ئەم خزمایەتی و هاوڕەگەزایەتییەیان بۆ داهێناون!

ئەوەی بەلای ئێمـەوە گرینگە باسی هۆزی گاوانی کوردە. ئەوەندەی لە (مـروج الذهب)مانـەوە زانی، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هۆزی گـاوان لە ناوەڕاسـتـەکـانی چەرخی چوارەمی کـۆچیـدا لە هۆزە هەرە بەناوبانگەکانی کورد بوون. هەروەک لە سەرەتای وتارەکەشمدا باسم کرد، عیمادی ئیسفەهانی لە چەرخی شەشەمی کۆچیدا باسی ئەو هۆزە دەکـا و لەمــەڕ ژیانی هێندێک لە فـەرمـانڕەوایانیـەوە دەدوێ و دەڵێ: «ئەمیر ئەبووشـوجاع عاسم، کوڕی ئەبوونەجمی کورد، لە گەورە پیاوانی کوردی گاوانە».[١]

فەیرووزابادی دەڵێ: «گاوان هۆزێکی کوردە و لە عیراقدا لە حیللەی مـەزیدییە نیشتـەجێ بوون. زانای ئاینی مـحـەمەد کوڕی عەلی گاوانی لەوانە. سـەید مورتـەزا زوبەیدی لە شەرحی قامووسدا وشـەی حیللیی شـافـیـعی خـسـتـووەتە سـەر و کـردوویەتە کوردی گـاوانی (حـیـلـلیی شـافـیـعی). سـەبووکیش ناوی ئەو زانا ئاینیـیـەی لە (طبـقـات)[٢]دا

(١) خريدة القصر، نوسخەی پاریس، ل ٣٣٢٧ (١٥٢–٣).

(٢) طبقات السبکێ (٤/٨٨).

هێناوە و دەڵێ: محەمەد کوڕی عەلی عەبدوڵڵا ئەبوو سەعیدی گاوانی حیللیی عیراقی. گاوانیش هۆزێکی کوردە؛ لە حیللە نیشتەجێ بووە. دەشڵێ ساڵی ٤٦٨ی. ک هاتووەتە دنیاوە و ئەمەشی لەمێژووی (ابن النجار)ەوە وەرگرتووە. ئەو کتێبەش بۆ باسی ئەو کوردانەی کە لە حیللەدا نیشتەجێ بوون سەرچاوەیە.

فەیرووزئابادی دەڵێ لە حیللە ژیاون، پێویستە بەر لەوەش کە بێنە حیللە و دوای ئەوەش کە لە حیللە دامەزراون، باسیان لێوە بکەین و باسی ئەو گەڕەکە ماڵەش بکەین کە هەتا ئەمڕۆش هەر بە ناوی (حی الأکراد) گەڕەکی کوردانەوە ناسراوە؛ ئەگەرچی زۆربەی خەڵک هۆی ئەو ناونانەی نازانن. هێندێک کەس لایان وابوو نیاز لە وشەی ئەکراد، کەڕادەیە؛ چونکە خەڵکی حیللە کروودیان[1] لەسەر ڕەخی ڕووباری دیجلە هەیە. ئەمەش لە خۆگۆڕینێکی نالەبار و داوایەکی نەزانانەیە؛ ئەکراد و کەڕادە زۆر لێک جیاوازن و بەڵگەی مێژوویش هیچ گومانمان بۆ ناهێڵێتەوە و زۆر باشی ڕوون کردووەتەوە کە ئەو گەڕەکە لە شاری حیللەدا هەر لە ڕۆژی دروستبوونیەوە، هەتا ئەمڕۆش هەر بەناوی کوردەوە بووە و هیچ پێویست بەوە ناکا بە گزیکاری و لە ڕێ لادان، چاوپۆشی لە ڕووداوێکی ڕاست و دروستی مێژوویی بکەین.

شاری حیللە لە کۆتاییەکانی چەرخی پێنجەمی کۆچیدا دروست کراوە. سەیفودەولە سەدەقە کوڕی مەنسوور کوڕی دەبیس کوڕی عەلی کوڕی مەزیدی ئەسەدی مەزیدی بنیاتی ناوە.

(١) کروود: واتا چەند کەرد، کەرد: دووکانە، زەوییەکە لەهەر چوار لاوە هەڵیان داوە تا ئاوی تێدا ڕاوەستێ و سەوزەی تێدا دەچێنن. کەرد لە کەردووی کوردییەوە هاتووە و لە فەرهەنگی عەرەبیدا نییە.



هۆبە و نشیمەنی باب و باپیرانی لە هێندێک لە ناوچەکانی کەناری چەمی نیلدا لە وڵاتی بابل بوون و کاتێ هێز و پێزێکی پێکەوە نا و ماڵ و پیاوی زۆری لە دەورەی خۆی دی، گوێزایەوە بۆ جامعین؛ کە شوێنێکە دەکەوێتە لای ڕۆژاوای پڕایی فوراتەوە.

نیازیشی لەم کۆچ و کۆچبارە ئەوە بوو هەرگا ویستی لەبەر دوژمن بڕەوێ، لە شوێنێک بێ کە بە هاسانی دەستیان نەیگاتێ. ئەم کۆچ و کۆچبارەش لە مانگی موحەڕەمی ساڵی ٤٩٥ی ک.دا لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان بەرکیارقی کوڕی مەلیکشای سەلجووقیدا و لە دەورانی خەلیفایەتیی موستەزهەروبیلای عەباسیدا ڕووی داوە.

ئەوسا ئەو شوێنە کە ئەوانی بۆ چوون مێشە و چوغورێک بوو پڕ بوو لە جانەوەر و دڕندە. بە خاووخێزان و لەشکر و دۆست و هەوالان و هاومالانەوە لەو ناوە دابەزین و ئەمیر بنیاتی خانووبەرەی خۆی لێ دارشت و کۆشک و باڵەخانە و سەرسەرا و شانوشینی ڕێک و جوان و تەرز و لەباری لێ هەڵخستەوە و هەوالانیشی –بە چاولێکەری– لاساییی ئەویان کردەوە و لە زووێکی زوودا شاری حیللەی نۆبنیات وای لێ هات کە لە هەموو شوێنێکی تری عیراق جوانتر و لەبارتر هەڵکەوت و بووبووە ڕووگە و ڕێگەی بازرگان و گەڕیدان.[1]

منیش هیچ گومانم لەوەدا نییە کە سەدەقە و هەوالانی لە تالانی خشتەکانی بابل و لە کەرستەی کۆنە ئاوەدانییەکانی تر سوودیان وەرگرتووە؛ چونکە بابل لە حیللەوە نزیکە.

هەروەها باسی ئەوەش دەکەین کە هۆزی گاوانی کورد دەگەڵ هۆزی بەنوئەسەددا سوێندخۆر و هاوپەیمان بوون.

(١) معجم البلدان (الحلة).

هەر سەبارەت بەو دۆستایەتییەشە کە گاوانییەکان لە کۆتاییەکانی چەرخی پێنجەمەوە لە ڕیزی بنیاتنەران و دانیشتووانی شاری حیللە دەژمێردرێن و هەر لەو کاتە لە مێژینەشەوە گەڕەکی کوردەکان بە ناوی ئەوانەوە ناو نراوە و هەر بەو ناوەشەوە ماوەتەوە. ئیبن بەتووتە لە باسی حیللەدا دەڵێ: خەڵکی ئەم شارە هەموویان دوازدە ئیمامین و ئەوانیش دوو تیرەن: تیرەیەکیان پێیان دەڵێن کورد؛ ئەوی تریان بە خەڵکی جامعین ناسراون. هەمیشە شەڕ و شۆڕ و ئاژاوەیان دەناودایە.(١)

ئیبن بەتووتە، ساڵی ٧٢٧ی ک. بە حیللەدا ڕابردووە. دەربارەی مەزەب و ئاژاوەی ناوخۆشەوە، دەڵێ: بێگانە دووبەرەکییان بۆ دەنانەوە و بەگژ یەکیاندا دەکردن.

دیسانەوە ناوی گەڕەکی کوردەکانی حیللە دەگەڵ باسوخواسی بەسەرهاتی سەیدێکیشدا هاتووە کە لە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیلخانیدا ڕووی کردووەتە عیراق. ئەو سەیدەش شەهابودین ئەبوو سولەیمان ئەحمەد کوڕی ڕومەیسە کوڕی نەجمودین ئەبوونەمی محەمەدی عەلەوی حەسەنی مەکەیی بووە. لە کاتێکدا کە باوکی ئەمیری مەکە بوو، هاتە عیراق و ڕووی کردە بارەگای سوڵتان ئەبوو سەعید بەهادۆرخان کوڕی ئۆلجایتۆ کوڕی ئەباقا کوڕی هولاکۆی مەغۆل.

سوڵتان زۆری ڕووی خۆش نیشان دا و گەلێکی ڕێز لێ گرت و کردیە میرحەجی حاجییەکانی عیراق و هەموو مەڵبەندەکانی تری ژێر قەڵەمڕەوی سەر بە ئیلخانی.

---

(١) سەفەرنامەی ئیبن بەتووتە. چاپی چاپخانەی تەقەدوم، قاهیرە (١/١٣٨).



سەیدەکە لە عەرەفات بار و بنەی حاجییە عێراقییەکانی وەپێش بارگەی میسرییەکان خست و خەڵکیشی لە مەکە ناچار کرد کە دەبێ هەر بە دراوی لە سکە دراوی سوڵتان ئەبوو سەعید ساتوسەودای خۆیان بکەن. لەوسەریش دەگەڵ کاروانی حاجییاندا هاتەوە عێراق. سوڵتان ئەبوو سەعید زۆر لە جارانی پتر ڕێز لێ گرت و چاکەی زۆری دەربارە کرد و کاروباری عەرەبی عێراقی پێ سپارد. ئەویش بەبێ درێغی کردن ملی نا لە کوشتن و تاڵان و خەڵک ڕووتاندنەوە و دەست و پێوەندی زۆر و زەوەندی پێکەوە نا و بەهاوکار و هاریکار و نۆکەر و خزمەتکاری زۆر و زۆردارەوە ڕووی کردە حیللە و خۆی لەوێ دامەزراند.

ساڵی ٧٣٦ی ک. هەرکە سوڵتان ئەبوو سەعید سەری ئاوا بوو، ئەو گورجێک هەستا سەید عەلی کوڕی تالبی حوسەینی دەلقەندی لە حیللە وەدەرنا؛ کە وەختی خۆی سوڵتان ئەبوو سەعید کردبوویە کاربەدەستی حیللە و مەڵبەندی حیللە. ئەنجا دەستی کرد بە دراو کۆکردنەوە و سامان وەسەریەک نان و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئەو سەیدەدا زوڵم و زەلالەت گەیشتە چڵەپۆپە و لە ئەندازە دەرچوو.

شێخ حەسەنی گەورە کوڕی حەسەن ئاقبوغا (سمێڵ سپی) -کە لە مێژووە فارسییەکاندا بە ئوزون حەسەن بەناوبانگە و دامەزرێنەری دەوڵەتی جەلایرییە- کاتێ دەستی بەسەر عێراقدا گرت، چەند جارێک لەشکری ناردە سەر سەید.

سەید هێندێک جار بە بەربەرەکانی کردن و شەڕ خۆی دەپاراست و هێندێک جاریش بەگزی و تەڵەکەبازی خۆی لێ دەبواردن و بە هیچ ئاوایەک دەرۆستی نەدەهاتن. هەتا لەپاشان شێخ حەسەن هەر لەژێر

سەرکردایەتیی خۆیدا لەشکرێکی گەورە و گرانی بردە وێزەی سەید و لەپێشدا لەلای ئەنبارەوە بۆی پەڕیەوە و ئەوسا هەڵی کوتایە سەر و ئابلۆقەی حیللەی دا.

ئەحمەد کوڕی ڕومەیسە بۆ بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوە خۆی لە حیللەدا قایم کرد. بەڵام ئەو حیللەوییانەی ئەو پشتی پێ سپاردبوون، خۆیان لێ دزییەوە و ئەو عەرەبانەش کە لەلاوە بەکۆمەگیەوە هاتبوون مەرجی خۆیان نەبردە سەر و لێی تەکینەوە و بەجێیان هێشت؛ هەر خۆی بە تاقی تەنیا مایەوە و کەسی بەدەورەوە نەما. سەرەڕای ئەوەش لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆیدا شەڕێکی زۆر مەردانەی کرد. لەو شەڕەدا ئەحمەد کوڕی فلیتە و فلیتەی باوکی کوژراون. ئیبنو عەنبە نەسابی دەڵێ: «کاتێ زۆری زۆر بۆ هات و کەوتە تەنگانەوە، ڕووی کردە گەڕەکی کوردەکان.

ئەگەرچی چەند جارێکیش تالانی کردبوون و چەند پیاوێکیشی لێ کوشتبوون، بەڵام کوردەکان کە دیتیان لێی قەوماوە و بێ ئەمەگیی دەگەڵ کراوە، پەنایان دا و بەڵێنیان پێ دا کە یاریدەی بدەن و بڕیاریان دا لەناو کۆڵانە تەنگەکانی حیللەدا، شەڕی لەسەر بکەن و هەتا شەو بەسەردا دێ پارێزگاریی لێ بکەن و ئەوسا خۆی دەزانی و بۆ کوێ دەچێ بچێ.

هەرچی کوردەکان گوتیان بەڕاست و لە تەهی دڵیانەوە بوو؛ بەڵام سەید بەگوێی نەکردن و خۆی هاویشتە ماڵی نەقیب قیوامودین کوڕی تاوس ئەلحوسەینی؛ کە ئەو ڕۆژە کەیخودای کەیخودایانی سەیدەکان بوو. کاتێ شێخ حەسەنی گەورە ئەمەی زانی، شێخولئیسلام بەدرەدین شەیبانی –کە خزمی نەقیب قیوامودین تاوس بوو؛ کوڕی شێخی



شێخانیشیان پێ دەگوت– ناردە لای و بەڵێنی بووردنی بە مزگێنی بۆ ئەحمەد برد و سوێندی بۆ خوارد و ئەنگوستیلەی نیشانی خاترجەمی دایە و دەگەڵ خۆیدا بردی و ڕوویان کردە بنکەی بارەگای شێخ حەسەنی گەورە کە لە دەرەوەی شاری حیللە بوو. هەر لە ڕێگا پیاوی شێخ حەسەن پێشیان لێ گرت و شیرەکەیان لە قەدی کردەوە. ئەویش ڕووی کردە شێخولئیسلام و لێی پرسی ئەمە چییە؟ شێخولئیسلام گوتی ئاگام لێ نییە، من تەنیا ڕاسپاردەیەک بووم و چم پێ سپێردراوە بەجێم هێناوە.

کاتێ گەیشتە لای شێخ حەسەنی گەورە بە پەشیمانییەوە داوای بووردنی کرد. شێخ حەسەن گوتی باشە دەتبەخشم بەڵام دەبێ تۆش لەو ماوەیەدا کە فەرمانڕەوای حیللە بووی هەر پارە و پوولێکت لە خەڵک ساندووە بیدەیتەوە. ئەو ماوەش لە هەشت ساڵی تێ دەپەڕاند. سەید لە وەرامدا گوتی هیچم نەماوە و هەمووم بەخت کردووە. ئەوسا بە فەرمانی شێخ حەسەن خرایە بەر ئەشکەنجەوە. تەنانەت تەشتیان پڕ دەکرد لە سکڵی ئاگر و لەسەر سینگیان دادەنا. سەید ئێستا و ئێستاش هیچ قسەیەکی نەدرکاند و ڕاستیی هیچ دراوێکی نەگوت و لەو بارەوە ورتەی لە دەم دەرنەهات.

هێندێک لە سەید و پیاوماقووڵانی تر وایان بۆ تێ چاندبوو کە بکوژرێ. بە فەرمانی شێخ حەسەن، ئەبوو بەکری کوڕی کنجایە لە تۆڵەی باوکی خۆیدا کوشتی؛ چونکە لەوەپێش ئەحمەدی کوڕی ڕومەیسە، باوکی ئەوی کوشتبوو. دەڵێن ئەبوو بەکری کوڕی کنجایە حەوجاران بە شیر لە ملی سەید دا هەتا توانیی تەواوی کا. شێخ حەسەن و کاربەدەستانی نوێژیان لێ کرد و هەر لە حیللە لە ماڵەکەی

خۆیدا بە خاکیان سپارد و لەپاشان تەرمەکەی بۆ نەجەفی پیرۆز ڕاگوێزراوە[١و٢].

بەڵێ هۆزی گاوانی کورد لە کۆتاییەکانی چەرخی پێنجەمی کۆچیدا لە حیللە نیشتەجێ بووە و بە پێدەشتان و بەرەو واسیت بڵاوبووەتەوە؛ هەر وەک بەم زووانە لە بارەیەوە دەدوێم. بەڵام با بزانین لەوەپێشتر لە کوێ بووە کە مەسعوودی لە یەکەم سێیەکی چەرخی چوارەمی کۆچیدا ناوی دەبا.

بێگومان ئەویش هەروەک هۆزە کوردەکانی تر نیشتەجێی ناو چیا و بانووە ساردەکان بووە و ئەگەر لەوێشەوە شوێنی داخزینەکەی هەڵگرین، واتا کاتێ کە لەو کەژ و کێوانەوە سەربەرەوخوار داکشاوە، لەلای ڕێگەی خۆراسانەوە تووشی دەبین؛ کە ئێستا ئەو مەڵبەندە بەلیوای دیالە ناو دەبرێ. ناوی وەرام لە ناوە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو هۆزەیە و لەپاشان کە تێکەڵاوی ناو عەرەب بووە و ڕەنگی عەرەبایەتیی بە خۆیەوە گرتووە، گەلێک ناوی عارەبیشی وەک موهەلهەل و تەغلەب و عەنتەری لەناودا پەیدا بووە. ساڵی ٣٩٧ی ک. یەکێک لە ئەمیرەکانی

(١) عمدة الطالب في انساب آل أبي طالب (١٢٦–٨).

(٢) إبن بطوطة کورتەباسێکی ئەحمەد کوڕی ڕومەیسەی ناوبراو دەکا و هیچ باسی گەڕەکی کوردانی نەکردووە. دەڵێ لەپاش مەرگی سوڵتان ئەبوو سەعید، ئەحمەدی کوڕی ڕومەیسە کوڕی ئەبوونەمی ئەمیری مەکە دەستی بەسەرحیللەدا گرت و چەند ساڵان فەرمانڕەواییی تێدا کردووە و پیاوێکی باش بووە و خەڵکی عیراق پەسندی چاکی دەدەن. تا لە دواییدا شێخ حەسەنی سوڵتانی عیراق بەردەستی کرد و ئەشکەنجەی کرد و کوشتی و هەر گەنجینە و سامانێکی هەیبوو بەتاڵانی برد. سەفەرنامەی إبن بطوطة ١٣٩/١ دەربارەی ئەو پیاوەوە ئەو دوو قسانە هەن و یەکتریش ناگرنەوە.



گاوانی –کە ناوی وەرام کوڕی محەمەد بوو– دەگەڵ خزم و کەسی خۆی و هێندێک لە ئەمیرە کوردەکانی تر و دەگەڵ ئەمیر ئەبولحەسەن عەلی کوڕی مەزیدی عەرەبی ئەسەدی مەزیدیدا، بە فەرمانی بەدر کوڕی حەسنەویەی بەرزیکانی –کە ئەمیرێکی کورد بوو– هاتن و دەوری بەغدایان گرت و شەڕی ئەبوو عەلی حەسەن کوڕی ئەبووجەعفەری دەیلەمییان[١] دەکرد؛ کە ئەویش هەواڵی بەهائودەولە کوڕی عەزدودەولەی بویەهی بوو. وەک من بیزانم ئەمە یەکەمین جار بووە کە گاوانی و ئەسەدی شانبەشان و دەست لە دەستی یەکتر، لە شەڕدا هاوکاریی یەکتریان کردبێ.

ساڵی ٤٢٠ی ک. لافاوی تورکان بە سەرکردایەتیی سەلجووقییان ڕووی کردە خاکی ئێران و وڵاتە موسڵمانەکانی تر. عەرەب و کورد بۆ بەربەرەکانیی ئەوانە یەکتریان گرتەوە و لێک کۆبوونەوە. قەرواش کوڕی موقەلیدی عوقەیلی، ئەمیری مووسڵ و دەوروبەری و ئەمیر دەبیسی کوڕی مەزیدی ئەسەدی، ئەمیری عەرەبەکانی فوراتی ناوەڕاست، سەرکردایەتیی عەرەبەکانیان دەکرد.

سەرکردەی کوردەکانیش ئەمیر ئەولفەتحی گاوانی و حوسامودەولە ئەبولشۆک کوڕی محەمەد کوڕی عەنازی کوردی شازنجانی بوون. هەردووک لەشکر– واتا لەشکری کورد و عەرەب و لەشکری سەلجووقی– لە باکووری شاری مووسڵ تووشی یەک هاتن و پێکیان دادا. لەو شەڕەدا تورک و ئەمیرە سەلجووقییەکان شکان و هەموو خێوەت و بار و بارخانەیان لە مەیداندا بەجێ هێشت و ڕایان کرد. قەرواش ڕاوەدووی نان، هەتا دە نووسەیبین[٢]ی پەستاوتن.

(١) کاملی إبن إثیر، ڕووداوەکانی ساڵی ٣٩٧ ک.

(٢) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢٠ی ک.

ساڵی ٤٣١ی ک. جەلالودەولە کوڕی بەهائودەولە کوڕی عەزەدودەولەی بویەهی لە کاتێکدا کە سەربازە تورکەکانی خۆی لێی یاغی بووبوون و هێمنایەتیی بەغدا کەوتبووە مەترسییەوە، هانای بردە بەر ئەبوول فەتح کوڕی وەرام و ئەبووفەوارسی کوڕی سەعدی و دەبیسی کوڕی عەلی مەزیدی(١).

ساڵی ٤٣٢ی ک. لە کاتێکدا کە حوسامودەولە ئەبوو شۆک دەقووق تاوقی لە دەست ئەبووماجد موهەلهەل کوڕی محەمەد کوڕی عەنازی برای خۆی دەرهێنابوو، سورخاب کوڕی محەمەد کوڕی عەنازی کوردی شازنجانی- کە ئەویش دەبێتە برایان- هەستا دژی حوسامودەولە چوو دەگەڵ ئەبوول فەتح کوڕی وەرامی گاوانیدا ڕێک کەوت و هێرشی بردە سەر چەند جێگەیەک لە مەڵبەندی بەندنیجین واتا مەندەلی و حەلوان؛ کە ئەوسا قەڵەمڕەوی ئەمیرایەتیی حوسامودەولە ئەبوو شۆک بوون. حوسامودەولە کە ئەمەی زانییەوە، لە ترسی ئەوە کە نەوەک گاوانی و شازنجانییەکانی دوژمنی، وڵاتەکەی بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندەوە بەندنیجین و حەلوان و هاناشی بردە بەر جەلالودەولەی بویەهی و ئەویش لەشکری بە هاوارەوە نارد و بەو هۆیەوە توانیی دوژمنەکانی لە وڵاتەکەی بەردەستی خۆی دوور بخاتەوە(٢).

لەم ڕووداوە پچڕپچڕانەوە کە لەمەڕ گاوانییانەوە باسم کردن، وامان بۆ دەردەکەوێ کە گاوانییەکان وەک گوێ لە فەرمان و بەردەست، دەبوونە هاوکاری هاوپەیمانان نەک وەک سەرۆک و

(١) المنتظم ١٠٤/٨ و النجوم الزاهره ٥/ ٣١.
(٢) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٢ی ک.



فەرمانڕەوا. لە پێشوودا بووبوونە دۆستی کوردەکانی بەرزیکان و عەرەب، لەپاشان خۆیان کردە هەواڵی کوردەکانی شازنجانی و عەرەب. ئەمەش بەوەدا دەزاندرێ کە ساڵی ٤٣٨ی ک. سەعدی کوڕی ئەبوو شۆک – کە باسم کرد – خۆی کردە لایەنگیری ئیبراهیم یەناڵی دایک برای سوڵتان توغرول بەگ و لەشکرێکی لە کوردەکانی شازنجانی و لە غوزە تورکەکان پێک هێنا و لە مابەینی ئێران و عیراقدا هەڵی کوتایە سەر چەند شار و گوندێک. لە دوواییی ئەو هێرشە، بەندنیجین و مەندەلیی بە ئەبوولفەتح کوڕی وەرامی گاوانی بەخشی. بەڵام مەرجیشی دەگەڵ کرد کە دەبێ ئەویش بۆ شەڕی سورخابی کوڕی محەمەدی کوڕی عەنازی کوردی، ڕەگەڵی کەوێ؛ کە ئەم سورخابە دەبووە مامی سەعدی. شەڕێک لە ناو مام و برازادا قەوما و لە شەڕدا سەعدی و ئەبوول فەتحی کوڕی وەرام هەردووکیان بەدیل گیران و زۆربەی ئەو کورد و تورکە غوزانەی کە دەگەڵیاندا بوون پەرەوازە بوون و بڵاوەیان لێ کرد(١). دەنگوباس وای دەردەخا کە لە پاشان ئەبوول فەتح لە زیندان بەردراوە و ڕزگار کراوە.

ئیتر ناوی ئەبوول فەتح کوڕی وەرام بۆ ماوەیەک ون دەبێ و خۆ دەرناخا. لە ساڵی ٤٣٩ی ک. دا، واتا بە ساڵێک لەپاش بەدیلگیرانی ئەبوول فەتح، ناوی ئەبوو دەلف قاسم کوڕی محەمەدی گاوانی دێتە ناو ناوانەوە و مێژوو لەتەک ئەبوول فەتحدا یادی دەکاتەوە. ئەمەش بەم جۆرە بووە:

ئیبراهیم یەنال لەو ساڵەدا لەشکرێکی لە تورکە غوزەکان ناردە سەر قەڵاکانی ئەو سورخابەی کە لە پێشدا باسمان کرد. هێندێک لەو

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٨ی ک. المنتظم ١٣٠/٨

لەشکرە چوونە سەر ئەبوول فەتح کوڕی وەرامی گاوانی. ئەبوول فەتح ترسی ڕێ نیشت و پاشەکشەی لەبەر کردن و هەرچی ماڵ و ناوماڵیشی هەبوو هەمووی بەبێ دەست لێدان بەجێ هێشت و نیازیشی ئەوە بوو کە تورکە غوزەکان بێن و خۆیان بە تاڵان و شڕەخۆرییەوە خەریک بکەن و ئەوسا لەپڕ باداتەوە سەریان و خافڵگیریان بکا. بەڵام تورکە غوزەکان خۆیان بەتاڵانەوە خەریک نەکرد و کەوتنە شوێن خۆی. ئەویش لە ترسی گیانی خۆی کە نەوەک بکەوێتە بەردەستیان– شەڕێکی زۆر ئازایانە و لەخۆبوردووانەی دەگەڵ کردن و غوزەکانی شکاندن و گەلێکی لێ کوشتن و زۆریشی لێ بەدیل گرتن و ئەوی دەرەتانێکی بەدی کرد خۆی دەرباز کرد و هەرچی هەست و نیستیان بوو بەتاڵان دەست ئەبوول فەتح کەوت(١).

ئەمجار لە ترسی ئەوە کە نەوەک دیسان غوزەکان بێنەوە جەستەی و تۆڵەی لێ بکەنەوە، پیاوی ناردە بەغدایە و داوای کۆمەگی لە بووەیهییەکان کرد؛ بەڵام ئەوانیش لەبەر پەرێشانی و شپرزەیی ناو دەوڵەتەکەی خۆیان نەپەرژان کە بە هاواریەوە بچن. ئیتر ئەبوولفەتح لە ترسی غوزەکان جێگەی پێ لێژ بوو. لە چاری ناچار دەگەڵ بەرەی وەرامی گاوانیدا پەڕییەوە بەری لای ڕۆژاوای دەجلە؛ کە دەستی دوژمنی پێ ڕا نەگا. هێندێک لەو تورکە غوزانە هاتن گەیشتنە بەراز ڕووز (بەلەد ڕووز) و لەوێشەوە هاتن هەتا گەیشتنە سەر چەمی سەلیل. ئەبوودەلف قاسم کوڕی محەمەدی گاوانی لەوێ بەرسینگەی لێ بڕینەوە و بەگژیاندا هات و لەپاش شەڕێکی زۆر گەرم و خوێناوی شکاندنی و ڕاوی نان و هەرچی پێیان بوو دەست ئەبوودەلف کەوت(١).

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٩ی ک.



ئەمە دووەمین ئەمیری گاوانی بوو کە ویستی جێگەی گاوانییەکان لە ڕێگەی خوراساندا وا قایم بکا کە بتوانن بەبێ ترس و بە خاترجەمی تێیدا بحەوێنەوە؛ بەڵام کوردی خۆپەرست و چاونەزێری تر ڕێگەیان لێ بڕییەوە. سەعدیی کوڕی ئەبووشۆک کوردی شازنجانی خۆی کردە پیاوی سوڵتان توغرول بەگ و ساڵی ٤٤٤ ک بە لەشکرێکی تورکی غوزەوە پەلاماری ئەبوودەلفی ناوبراوی دا و تاڵانی کرد و ئەبوودەلف هەر هێندەی بۆ کرا خۆی لە دەستیان ڕزگار کرد و بۆی دەرچوو(١).

وا دەردەکەوێ کێشە و هەرای نێوان خاوەن بیر و بڕوا سیاسییەکانی دژی یەکتر، گاوانییەکانی هێناوەتە سەر ئەو بیرە کە بە دەنگی بانگی فایمانەوە بچن و بە وڵاتەکانی بەردەستی خۆیاندا خوتبە بە ناوی موستەنسیروبیللای خەلیفەی فاتمی بخوێننەوە و ڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر ناوی خەلیفەی عەبباسی نەهێنن.

بەرەی ئەسەدی و عوقەیلی و خەفاجی و هی تریش هەر ئەم ڕچەیان ڕەچاو کردبوو. گومانیش لەوەدا نییە هەر بۆیە وایان دەکرد دەترسان ئەگەر وا نەکەن سەلجووقییەکان ئەمیرایەتی و زەمینەکانیان لێ داگیر بکەن.

موستەنسیروبیللا خەلیفەی فاتمی لە میسرەوە خەڵاتی بۆ ئەمیر نوورودەولە دەبیس کوڕی مەزیدی ئەسەدی و ئەمیر ئەبوولفەتح کوڕی وەرامی کوردی گاوانی و قوڕەیشی کوڕی بەدرانی عوقەیلی و موقبیلی کوڕی بەدرانی عوقەیلی و ئەبولحەسەن کوڕی عەبدوڕەحیمی وەزیر و مەحموودی کوڕی ئەخرەمی خەفاجی نارد. ئەم مەحموودی کوڕی ئەخرەمی خەفاجییە لەو کاتەدا لە قەڵای عەین تەمر (اخیضر)ی

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٤٨ی ک.

ئێستادا خۆی قایم کردبوو(١). هەروەها ئەمیر ئەرسەلانی بەساسیریش ئەگەرچی بنیچە تورک و لە کۆیلەی بوەیهییەکانیش بوو، پێوەندیی دۆستانەی دەگەڵ دەوڵەتی فاتمیدا گرت و هەر بەناوی فاتمیانیشەوە بووبووە یەکێک لە سەرکردە شەڕکەرەکانیان.

پوختەی مەبەستەکە ئەوەیە دوژمنایەتیی غوز و ئەمیرەکانی سەلجووقی ئەوانەی کردبووە سوێندخۆر و هاوپەیمانی یەکتر. توغرول بەگ ساڵی ٤٤٩ی ک. لەشکری لێ کردن و لە باکوری عیراقدا دەگەڵیان بەشەڕ هات و شکاندنی و کوشتارێکی زۆری لێ کردن و گەلێکیشی لێ بەدیل گرتن و کۆمەڵێکی لەو دیلانە هاویشتە بەرپێی فیلان و لەبن پێیاندا پلیشانەوە. تەنیا منداڵێک لە ناو ئەوانەدا ڕزگاری بوو ئەویش فیلەکە ملی نەدا کە پێی ڕێ خا و سوڵتانیش لێی خۆش بوو. لەو شەڕەدا یەکێک لە سەرکردەکانی لەشکری سوڵتان، ئەمیر هەزار ئەسپی کوڕی بنکیر(٢) کوڕی عیازی کورد بوو.

سوڵتان توغرول لە پاداشتی ئازایەتیدا مووسڵی بە خەڵات دایە. بەڵام مووسڵ لەوەپێش لە لایەن لەشکریانی سەلجووقییەوە تاڵان و خاپوور کرابوو. هەزار ئەسپ خێزانە ئاوارەکانی کۆکردەوە و پارێزگاریی لێ کردن و بژیو و دراوی بەسەردا بەشینەوە و دای مەزراندنەوە.

هەروەها دڵخۆشیی ئەبوولفەتحی گاوانی و هۆزی گاوان و نورودەولە دەبیس و بەنووئەسەد و قورەیشی کوڕی بەدرانی عوقەیلی و هۆزی عوقەیلی دایەوە و کردنیە لایەنگیری توغرول بەگ و بڕیاریان دا

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٤٨ و ٤٤٩ی ک و مرآة الزمان دانەی پاریس.

(٢) وا دیارە ناوی بەنگین بووە. ناوی بنکیر لە کوردیدا نییە و بەنگین زۆرە.



ئیتر خوتبەی هەینی بەناوی عەبباسییانەوە بخوێننەوە. بۆ ڕاگەیاندنی ئەو مەبەستە، ئەبوولفەتحی کوڕی وەرامی گاوانیان کردە ڕاسپاردەی خۆیان و ناردیانە لای سوڵتان و ڕاسپێرییەکەشی زۆر بە ڕێکوپێکی بە ئەنجام گەیاند و سوڵتان خەڵاتی کرد و بەخششی زۆر بەنرخی پێ بەخشی(١). بەڵام لە ناو ئەوانە هەموواندا ئەمیر ئەرسەلانی بەساسیری خۆی هەڵاوارد و پێی گوتن من باوەڕ ناکەم توغرول بەگ بەڕاستی دەگەڵتان بێتە پێش. ئەو نیازی هەر ئەمەیە لەبەر یەکمان هەڵوەشێنێ و خەریکە گزیمان لێ بکا و گاڵتەمان پێ بکا. لەلایەکی تریشەوە من سەر بە سوڵتانی میسرم و ئەویش زۆر دوورەدەستە و بەبێ فەرمانی ئەویش ناتوانم سەربەخۆ هیچ کارێک بکەم. پێویستە چاوم پێی بکەوێ و لەو بارەوە پرسی پێ بکەم. تەنانەت بە توند و تیژیش ڕەفتاری دەگەڵ دەکردن.(٢)

ئیتر عیراق لەوساوە لەلای باکورەوە کەوتە بەر مەترسیی لەشکری سەر بە فاتمییان؛ کە ئەمیر ئەرسەلانی بەساسیریی –ناوبراو– سەرکردایەتیی دەکرد.

لە نێوەڕاستەکانی مانگی شەشەکانی ساڵی ٤٤٩ی ک. دا ئەبوولفەتح کوڕی وەرامی گاوانی و بەدرانی کوڕی نوورەدەولەی مەزیدی هاتنە بەغدایە. عەمید (کاربەدەست)ی عیراق لەلایەن توغرول بەگەوە پێشوازیی لێ کردن و زۆری ڕێز لێ گرتن. ڕۆژێ دوایی سەرۆکی سەرۆکان وەزیر ئەبوولقاسم عەلی کوڕی موسلیمە، بانگی کردنە لای خۆی و لە ناو قساندا دەستی کرد بە سەرکۆنەی

(١) مرآة الزمان، دانەی پاریس. پەڕەی ١٥٠٦ «٢٣–٢٦».

(٢) مرآة الزمان، دانەی پاریس. پەڕەی ١٥٠٦ «٢٣–٢٦».

ئەبوولفەتحی کوڕی وەرام کە لەسەر چی خۆی کردووە بە دۆستی ئەرسەلانی بەساسیری؟

ئەبولفەتح لە وەرامدا گوتی لەو کاتەدا کە سوڵتان توغرول بەگ هاتە ئەم وڵاتە، ئێوە دڵی کەستان بە خۆتانەوە نەهێشت و هەموو کەستان لێ دوور کەوتەوە. سەربازەکانی سوڵتان ماڵ و سامانی خەڵکیان تاڵان دەکرد و خاو و خێزانی مەردمیان بە یەخسیر دەبرد. جێگایەکتان بۆ نەهێشتینەوە پەنای پێ بەرین و بە دڵنیایی ژیان بەسەر بەرین. چارمان ناچار بوو کە بۆ پاراستنی ماڵ و نامووس و ئابڕووی خۆمان لێتان دوور کەوینەوە و بەرەوژوور ببینەوە.

وەزیر دڵی دایەوە و زۆری لاواندەوە و لەباتی خەلیفە (قائیمو بیئەمریلا) بەڵێنی هەموو جۆرە چاکەیەکی پێ دا.[1]

لە قسەکانی ئەبوولفەتحی وەرامەوە -کە وەرامی وەزیری داوەتەوە- وا دەردەکەوێ کە لەناو ئەو کوردانەدا هی وا هەبوون تەواو خۆیان کردووەتە عەرەب و بەو عەرەبییەی کە ئەو ڕۆژگارە باو بووە توانیویانە بە ڕەوانی باخێون. ڕۆژی یەکشەمە دووەمی مانگی ناو جێژنانی ساڵی ٤٥٠ی ک. ئەبوولحارس ئەرسەلانی بەساسیری بە ناوی خەلیفە موستەنسیروبیللای فاتمییەوە بەشی ڕۆژاوای شاری بەغدای داگیر کرد و لە مزگەوتی مەنسووردا خوتبەی بە ناوی خەلیفەی فاتمییەوە خوێندەوە. خوتبەخوێن و بانگەدران جلکی سپییان دەبەرکرا؛ کە درۆشمی تایبەتی فاتمییان بووە و (حيَّ على خيرالعمل)[1]یش خرایە سەر بانگ.

(١) مرآة الزمان، پەڕەی ٣٠.

(٢) مرآة الزمان، پەڕەی ٤٩.





وا دەردەکەوێ کە لەو سەردەمانەدا بەساسیری، ئەبوولفەتحی کوڕی وەرامی گاوانی و گاوانییەکانی تر و نوورودەولە دەبیسی مەزیدی کردبوونە دۆستی خۆی و تێکەڵ بە بەرەی سەر بە فاتمییانی کردبوونەوە.

بەرەی مەزیدی ئەسەدی، شیعەی ئیمامی بوون؛ بەڵام گاوانییەکان -هەر وەکو کوردی دیکە- شافعی مەزەب بوون.

بەساسیری لە دوای ئەوە کە بەغدای گرت، ڕۆژی دووشەمە بیست و یەکەمی مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی ٤٥١ ی ک. بە لەشکرەوە بەرەو واسیت داخزی و نیازیشی ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە ئەهواز. پێشەکی لەسەر ڕێگەی خۆی بەسرای گرت و کاروباری هەواڵ و هاوکارانی لەوێدا ڕووبەڕا کرد. بۆ ئەو هێرشەی، ئەبوولفەتحی کوڕی وەرام و نوورودەولە دەبیس و سەدەقەی برای دەبیسی دەگەڵ بوون و ئاپۆڕە و حەشاماتێکی زۆریشی لە عەرەب و کورد و تورک و دەیلەم ڕەگەڵ کەوتبوو.

کاتێ کە بەساسیری زانییەوە سوڵتان توغرول بەگ هاتووەتەوە عێراق، ئەویش وازی لە ئەهواز هێنا و گەڕایەوە بۆ واسیت و دەستی کرد بە کۆکردنەوە و سازکردنی لەشکر بۆ بەگژداچوونەوەی توغرول. لە دۆستەکانی بەساسیری، ئەبوولفەتحی کوڕی وەرام و دەبیس کوڕی مەنسوور، خۆیان لێ دەکەنار گرت و بەجێیان هێشت. بەڵام دەبیس هێشتا ترسی سوڵتان توغرول بەگی هەر دەدڵیدا بوو؛ لە نێوان حیلە و فوراتدا لەشکربەزی کرد. جگە لە عەرەبان، ئەبوولفەتحی کوڕی وەرامی گاوانی و گاوانییەکانی تریش -کە هاوپەیمانی بوون- دەگەڵیدا بوون.

بەساسیری خۆی گەیاندنێ و دەستی دەبەر پشتی دەبیس وەرێنا و کەوتە خاک و پایەوە و لەبەری پاڕایەوە کە بەجێی نەهێڵێ و لەو تەنگانەیەدا یاریدەی بدا. دەبیس و هەوالانی لە ڕوو دامان و ناچار بەڵێنیان پێ دا کە یاریدەی بدەن و بۆی بەگژ سوڵتان توغرولدا بچن. ئەوان لەو مقۆمقۆیەدا بوون و باریان دەکرد کە لەپڕ و ناکاو یەکێک لە سەردارانی لەشکری توغرول بەسەریدا دان.

بەساسیری لە مەیداندا چەقی و شەڕی کرد هەتا کوژرا. دەبیسی کوڕی مەنسوور هەلات و خۆی ڕزگار کرد. ئەبوولفەتحی کوڕی وەرام بەدیل گیرا؛ بەڵام سەردارەکەی لەشکری توغرول ئازادی کرد و دڵخۆشیشی دایەوە. توغرول بەگ کە ئەمەی زانییەوە، پێی خۆش نەبوو.

هەروەها بەدران و مەنسوور و حەمادی مەزیدیش -وێڕای ئەبوولفەتح- بە دیل گیرابوون؛ سوڵتان ئەوانیشی بۆ دەبیس نارد و نیازیشی لەو کارە ئەوە بوو دڵی دەبیس بەلای خۆیدا بێنێ[1].

سەبارەت بەوە ئەمجارە ئەمیری کوردە گاوانییەکان "ئەبوولفەتح کوڕی وەرام" بۆ بەگژدا چوون و بەربەرەکانێ سەلجووقییەکان، یاریدەی ئەمیر نوورودەولە دەبیسی، کوڕی مەنسووری دابوو، ئیتر لەوساوە دۆستایەتیی زۆر توند و پتەویان لە نێواندا دامەزرا و ژیانی دواڕۆژیانی بەیەکەوە گرێ دا و ئەو هاوکارییە کارێکی وای کرد کە هەتا سەر، هەر بە یەکەوە بژین و بۆ هەمیشە هاوسوێند و هاوسا و هاوماڵ و هۆگری یەکتر بن. هەر لە سۆنگەی ئەو هەواڵەتیەشدا بوو

(١) مرآة الزمان، پەڕەی ٥٨، ٩، ٦٤، و المنتظم، ٢٠٨/٨، ٢١٠، و کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٠ی ک. چونکە ڕووداوی دوو ساڵی لێک داوە.



کە دەبینین گاوانی و بەرەی ئەسەدی، لە دواییدا -بە جووتە- خۆیان دەخەنە ژێر داڵدەی توغرول بەگەوە.

کچەزای کوڕی جەوزی (سبط بن الجوزی) لە مێژووەکەی خۆیدا لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٠ی ک. دا دەڵێ: سوڵتان توغرول بەگ - کە لە واسیتەوە بەرەوژوور دەهات - ڕۆژی پێنجشەمە حەڤدەمی سەفەرەمانگ هاتە ناو شاری بەغداوە و ئەبوولفەتح کوڕی وەرام و ئەبوولئەغەڕ دەبیس کوڕی مەنسووری مەزیدی و سەدەقەی کوڕی مەنسووری کوڕی مەزیدی و ئەبووکالیجار کوڕی هەزار ئەسپ کوڕی بنکیر کوڕی عەیازی کوردی لە خزمەتدا بوون. خەلیفە قائیم بیئەمریللا خوانێکی زۆر گەورەی ڕازاندەوە و سوڵتان توغرول بەگ و ئەو ئەمیرانەی ناومان بردن هاتنە سەر ئەو نان و خوانە و سوێندیش دران کە بۆ هەمیشە فەرمانبەر و گوێ لە مستی سوڵتان بن؛ تێکڕا خەلاتیش کران[1].

ئیتر لەوساوە هۆزی گاوان و ئەمیرانی بنەماڵەی وەرام، بوونە یاریکاری دەوڵەتی عەبباسی و بۆ گەشەپێدانی وڵات تێ دەکۆشان. هەر لەو ساڵەدا، واتا ساڵی ٤٥٢ ک بەندێکیان لەسەر جۆباری نەهرەوانات هەڵبەست[2]. شتێکی ئاشکراشە ئەم بەند هەڵبەستنەیان بە نیازی وەرزێری و دار و درەخت ناشتنەوە بووە.

هەر لەوەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەموو گاوانییەکان -یاخۆ زۆربەیان- لەو سەروبەندەدا لە بەری ڕۆژاوای دەجلە، بەرانبەر بە ڕێگەی خوراسان دەژیان. باسی ئەوەشمان کرد کە بەراز ڕووزیشیان

(١) مرآة الزمان، پەڕەی ٦٨.

(٢) کامل، ڕووداوەکانی ئەو ساڵە.

به دەستەوە بووە. ناوی ئەبوودەلف قاسم کوڕی محەمەدی گاوانیشمان هێنا کە ساڵی ٤٣٩ی ک. چۆن هێندێک لە لەشکری سەلجووقییەکانی لە بەلەدرووز ڕاو نا و لە ناوی بردن.

وا دیارە کە لە ڕۆژهەڵاتی بەغداوە درێژاودرێژ بەسەر ڕەخی چەمی نەهرەوانەوە ژیاون و دایان گرتووە هەتا گەیشتوونەتە جرجرایا[١]؛ کە سنوور و کەوشەنی دەگەڵ زەویوزاری کووت لێک دەگەڕێنەوە.

ساڵی ٤٥٥ی ک. سوڵتان توغرول بەگ لە ڕەی بەشی لە دنیا بڕا. لەپاش مردنی ئەو، عەرەب لە دەوروبەری بەغدایە دەستیان کرد بە شەڕەخۆری و خەڵک ڕووتکردنەوە و تەنانەت لە پەنا دیواری شاری بەغدایەش گەڕیان دە بێ دەسەڵاتان دەهاڵاند. خەلیفە قائیم بیئەمریللا بۆ ئەمیرە کوردەکانی لایەنگری خۆی، کە ئەبوولفەتح کوڕی وەرام و ئەبوونەجم کوڕی وەرامی برای ئەبوولفەتح و ئەبوو کالیجار هەزار ئەسپ و بەدری کوڕی موهەلهەل بوون و هەروەها بۆ ئەمیرە عەرەبەکانی دۆستی خۆی، کە بریتی بوون لە موسلیمی کوڕی قورەیشی عوقەیلی و دەبیسی کوڕی عەلی مەزیدی کە هەموویان کاربەدەستی وڵاتەکە بوون، نامەی نووسی و دەنگوباسی مەرگی سوڵتان توغرول بەگ و ڕووداوە ناهەنجارەکانی دوای مەرگی ئەوی پێ ڕاگەیاندن و داواشی لێ کردن گیر نەبن و بێنە بەغدایە دەگەڵی کۆ ببنەوە و هەموو پێکەوە دەربارەی باری وڵات و چلۆنایەتیی کاروبار و ڕووداو بکۆڵنەوە و چارێکی بۆ بدۆزنەوە.

ئەمیر ئەبوولفەتح و ئەمیر ئەبوونەجمی کوڕانی وەرام، بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە ناو بەغداوە و لەلای ڕۆژهەڵاتی شارەوە لە پشت

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٥ی ک.



ئەندەروونی ماڵی خەلیفەوە دامەزرێندران[١]. ئەو جێگەیە ئێستا بازاڕی شۆڕیجە لەتی کردووە؛ ئەوسا هەمووی باغ و باغات و جۆگە و جوبار بووە.

دەبیسی مەزیدی لە هاتن دواکەوت. ئیشاعەش بەناو بەغدادا بڵاوبووەوە کە وا موسلیمی کوڕی قورەیشی عوقەیلی نیازی وایە بەسەر بەغدادا بدا و بۆ خۆی داگیری بکا و بۆ ئەو مەبەستە گەرەکیە لە بنکەی شانشینی بوەیهییەکاندا لە مەخرەم، واتا لە سەڕافییەی ڕۆژهەڵاتی ئێستا، لای پردی تازەوە دابەزێ و ئابڵۆقەی کۆشکی خەلیفە بدا و تاڵانی بکا. ئەو کۆشکەی خەلیفە –وەک بزانم– لە جێگای شاڕێی موستەنسیریەی ئێستا بووە.

خەڵکی شاری بەغدایە بەو دەنگۆ و هات و هاوارە زۆر پەرێشان بوون و ترسێکی زۆریان کەوتبووە دڵەوە. ئەوانیش کۆ بوونەوە و دەگەڵ لەشکری خەلیفە و کوردە گاوانییەکاندا خۆیان ئامادە کرد و بڕیاریان دا کارێکی وا نەکەن تاڵانکەر بێنە ناو بەغداوە. موسلیم نامەیەکی بۆ خەلیفە نووسی و پاکانەی خۆی تێدا کرد و ئەو دەنگ و باسانەی وەدرۆ خستنەوە کە دەڵێن نیازی خراپەکردنی هەیە؛ بەڵام کەس گوێی بەو پاکانەیەش نەدا.

لە دواییدا ئەمیر ئەبوولفەتح کوڕی وەرامی گاوانی لە شاری بەغدا عەمری خوای کرد و تەرمەکەیان بردەوە بۆ جرجرایا کە نزیک بە کووتی ئێستایە و لەوێ بە خاکیان سپارد[٢]. بە مەرگی ئەبوولفەتح پەردە بەسەر باس و خواسی ئەمیرێکی وا پایەبەرزدا کشا؛ کە لە

(١) مرآة الزمان، پەڕەی ٩١–٢ .

(٢) کامل، ڕووداوی ساڵی ٤٥٥ی ک.

مەیدانی ڕامیاری و مەیداندارییدا هۆشیارێکی پێکەوتە و شۆڕەسوارێکی هەڵکەوتە بوو.

لە سۆنگەی زیرەکی و زانایی ئەو ئەمیرەوە ناوی هۆزی گاوان هاتە ناو ناوان و لە تەنگەبەری بێ سەروبەرییەوە پێی نایە ناو دەشتی پان و بەرفرەوانی ڕووداوەکانی مێژووی پڕ لە هەڵسووڕان و تژی لە دەسمایەی ژیان. هەرچەندە کەسوکار و خزم و خێزانی بە بەرەی وەرامی ناو براون و لەسەر دەستووری مێژوونووسان لە لایەن مێژووناسانەوە بە ناوی باوکەوە ناسراون، بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەو ئەمیرە بوو کە بەو پایە و مایەی گەیاندن و ئەو هەموو زەویوزار و خاک و ئاوەی لە سەرزەمینی عیراقدا پێ گەیاندن و هەر لە سایەی ئەویشەوە لە مێژوودا خاوەن ناون.

وام بۆ دەردەکەوێ کە لە پاش مەرگی ئەبوولفەتح کوڕی وەرام، مەزنایەتیی هۆزی گاوان دراوە بە ئەبوونەجمی برای؛ بەڵام لە تاریخاندا ئەمەم بەرچاو نەکەوتووە.

ساڵی ٤٨٨ی ک. لە ڕۆژگاری خەلیفە موستەزهیروبیلادا، تاجودەولە تەتش کوڕی ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی –کە پادشای شام و جزیرە بوو– ئەمیرێکی تورکمانی بەردەستی خۆی ناردە بەغدایە؛ کە ناوی یووسف کوڕی ئەبەق بوو. ڕای سپارد خەڵکی بۆ هان بدا و داوایان لێ بکا دەبێ تاجودەولە دەوڵەتی سەلجووقیی گەورە دابمەزرێنێ. سوڵتان بەرکیارق کوڕی مەلیکشا –کە برازای تاجودەولە بوو– لەو کارەدا بووبووە بەرهەڵستی سەرسەختی تاجودەولە و هەرا و کێشەیان کەوتبووە نێوانەوە.

کاتێ یووسف گەیشتە بەغدایە، پەردەدارێک لە پەردەدارانی دیوانی



خەلافەت ڕاسپێرا بچێ چاوی پێ بکەوێ. یووسف هەر چاوی بە پەردەدار کەوت بەربووە سەر و گوێلاکی و دەستی کرد بە لێدانی و پێی داگرت کە هەر دەبێ وەزیر عەمیدودەولە ئەبوومەنسوور، کوڕی جەهیری تەغلەبیم بۆ بێتە دەرێ. ئەو وەزیرەش پیاوێکی زۆر بە فیز و لەخۆبایی بوو. لە گفتوگۆکردنیشدا گوایە لاسایی عەرەبی پێشووی دەکردەوە و وشەی وا ڕەق و تەقی هەڵدەبژاردن کەم کەسی تێ دەگەیشت.

ئەمیر یووسف کوڕی ئەبەق بە زۆرەملی هاتە ناو شاری بەغداوە و مرخی خۆی لێ خۆش کردبوو گەڕ و گێچەڵ دەخەڵک بهاڵێنێ و بەهانەی دەس بکەوێ و بەغدا تاڵان بکا. ئەمیرێکی تری دەگەڵ بوو، ئەو دەستی وەبەر دەستی هێنا و نەیهێشت ئەو دەستبزێویە بکا. بەڵام دیسان لە ترسی ڕۆژی مەبادا، وەزیر عەمیدوددەولە کوڕی جەهیر لە دووی گاوانییەکانی نارد– کە ئەوسا ئەمیرەکەیان وەرام کوڕی ئەبووفەڕاسی گاوانی بوو– بۆ ئەوە ئاگایان لە بەغدا بێ و پارێزگاریی بکەن.

وەزیری دەموڕاوێژ خۆش! بانگی پەردەدارێکی خۆی کرد و فەرمووی بڕۆ لە زمان منەوە بەو وەرامیانە بڵێ: (استلئموا بسدفة)! گوایە نیازی ئەوە بوو بچێ پێیان بڵێ ئەگەر تاریکان بەسەردا هات بە چەکەوە ئامادە بن. پەردەداری بەستەزمانیش هەر تەقەی لە سەریەوە دەهات و هیچی لێ تێ نەگەیشت، هات بە کوردەکانی گوت: گەورەمان دەفەرموێ: «ناموا بالصفة». واتا لەسەر سەکۆیان بخەون! وەرام بە سەرسوڕمانیکەوە وەرامی داوە گوتی: هەر دەڵێی ئێمە سەرسەکۆمان بەجێ هێشتووە تا جەنابی وەزیر ئەو فەرمانەمان بۆ دەرکا؟ پەردەدار

هاتەوە لای وەزیر و وەرامەکەی وەرامی بۆ گێڕایەوە. وەزیر پێ کەنی و گوتی: بەڵای هەرە خراب ئەوەیە پیاو بخەنێنێ. کەچی ڕاستت دەوێ دەبووایە وەزیر بەخۆی و بەو فەرمایشتە قەڵەوانەی خۆی پێکەنیسایە.

لەپاشان خەبەر هات کەوا تاجودەولە تەتش کوژراوە. ئیتر ئاو بە ئاگردا کرا و ئەو هەرایەش کوژایەوە[1].

لەو دەنگ و باسە تێ دەگەین کە لە سەردەمێکدا ئەمیر وەرام کوڕی ئەبوو فەڕاس مەزنایەتیی هۆزی گاوانی کردووە، کەچی تا ئەمڕۆش من لە هیچ مێژوویێکدا چاوم پێ نەکەوتووە و نازانم چۆنی ئەو مەزنایەتییە دەست کەوتووە.

لە ڕۆژگاری ئەم ئەمیر وەرامەدا، هۆزی گاوان –یاخۆ زۆربەی گاوانییەکان– ماڵیان بار کردووە و هاتوونە (جامعین) کە نزیکی بابلە؛ بۆ ئەوە دەگەڵ ئەمیر سەدەقەی کوڕی مەنسوور کوڕی دەبیسی مەزیدی ئەمیری بەرەی ئەسەدیدا –کە هێندێکمان باس کردووە– شاری حیللە دروست بکەن. بەرانبەر بەو هەوالانەی دەستگیرمان بووە، کوردەکان لەو گەڕەکەی خۆیاندا –کە بە ناوی گەڕەکی کوردانەوە ناودەبرێ – نیشتەجێ بوون.

جا ئەگەر وەک لە پێشەوە گوتمان– گاوانییەکان دواڕۆژی خۆیان بە دواڕۆژی بەنووئەسەدەوە گرێ داوە و ئەسەدییەکانیش شیعە مەزەب بوون، کوردەکان ئەگەر چی شافیعی مەزەبیش بوون، بەڵام چاریان ناچار بووە و کەم، دوای زۆرە کەوتووە. من هیچ بە ڕاستی نازانم کە مێژوو ڕچەیەکی ئاینی، هەتا سەر بە سەر کەسێکدا بسەپێنێ کە لە منداڵیدا گرەویدەی بووە.

(١) المنتظم، ٩/٨٤–٥ و کامل، ڕووداوی ساڵی ٤٨٨ی ک.



لەو سەروبەندانەدا کە پادشایانی سەلجووقی خۆبەخۆ تێک بەربووبوون و گەڕیان دەیەکتر هاڵاندبوو، هەمووو ئەمیر و دەسەڵاتدارێکی تر لە وڵاتدا سوودیان لەو شەڕە خۆبەخۆییە وەرگرتبوو. هەلیان بە دەرفەت زانی و دەستیان بە درێژ و پانکردنەوەی سەرزەمینەکانی بن دەستی خۆیان کرد و لەجیاتی مەڵبەندێک یان شارێک کە بەروبوومەکەیان دەخوارد، ساڵانە دەمبڕ شتێکیان بۆ سوڵتان دەنارد و زۆر جاریش هەر خۆیان لێ دەبوارد.

لەم هەرکەس– هەرکەسەدا، قەڵەمڕەوی ئەمیر سەیفودەولە سەدەقەی کوڕی مەنسووری ناوبراو زۆر هەراو و گوشاد بووە. لە سەفەرەمانگی ساڵی ٥٠٠ی. کۆچیدا دەستی بەسەر تکریتدا گرت؛ کە لەمەوبەر بەدەست کەیقوبادی کوڕی هەزار ئەسپی دەیلەمییەوە بوو. ئەویش بەم جۆرە دەستی کەوتبوو: کاتێ سوڵتان محەمەد کوڕی مەلیکشا لەپاش مەرگی بەرکیارقی برای، لەسەر تەختی پادشایەتیی سەلجووقی جێگیر بوو، شاری تکریتی بە مووچە بە قەسیمودەولە ئاقسونقوری تورکی بەرسقی بەخشی. کەیقوبادی دەیلەمی ملی نەدا بۆی بەجێ بهێڵێ. ئەویش لەو بارەوە نامەی بۆ ئەمیر سەدەقەی کوڕی مەنسوور نووسی و لەشکری بۆ نارد. گاوانییەکانیش دەگەڵ ئەو لەشکرە بوون.

ئەمیر سەدەقە تکریتی لە کەیقوباد ساند و بە ئەمیر وەرامی کوڕی ئەبووفەڕاسی گاوانیی ئەسپارد کە لەباتی ئەو بە سەری ڕا بگا[1].

سەیفودەولە سەدەقە و خزمەکانی زۆریان بڕوا و متمانە بە گەلێک

(١) کامل، ڕووداوی ساڵی ٥٠٠ی ک. و المناقب المزیدیة فی اخبار الملوك الاسدیة، دانەی مۆزەی بەریتانیا، پەڕەی ,١٤٤

له میر و مەزنەکانی هۆزی گاوانی دەکرد؛ له دەوروبەری واسیت و له چەند شوێنێکی تریشدا گەلێکیان زەویوزار پێ سپاردبوون. یەک لەو ئەمیرانە، ئەمیر ئەبوونەجمی کوردی گاوانی بوو کە گوندی (ئەبوونەجم) ئەو ئاوەدانی کردووەتەوە و هەر بەناوی ئەویشەوە ناونراوە. گوندی ئەبوونەجم دەکەوێتە نزیک گوندی (فاروس)ی گەورە و لەسەر ڕەخی دەجلەیە و لە نێوان واسیت و مەزاردا هەڵکەوتووە[١].

گەلۆ! دەبێ ئەو ئەبوونەجمە هەر ئەو ئەبوونەجمی کوڕی وەرامە نەبێ کە دەگەڵ ئەبوولفەتحی گاوانیدا باسمان کرد؟

یەکێ تریش لەو ئەمیرە گاوانییانە ئەبوو شوجاع عاسم کوڕی ئەم ئەبوونەجمەیە کە دەربارەی دواین. ئەویش لە بەرەژێری واسیتەوە لە کەناری دەجلە، لەو شوێنەدا کە جۆباری بەرجداو، جۆباری سینییەی لێ هەڵدەگیرێ ، ئاغایەتیی دەکرد و پێ ڕادەگەیشت. گوندی عاسمیویە کە لە گوندە هەرە قەوغاکانی سەر جۆباری بەرجداوە، بە ناوی ئەو ئەمیر عاسمەوە ناودێر کراوە.

ئەمیر عاسم پاڵەوان و بوێرێکی بێ هاوتا و چاونەترسێکی بێ وێنە بووە؛ وەرەزیی خۆی بە شێر کوشتن دەشکاند. خۆی دابووە ڕاوەشێر و بە تاقی تەنێ و بەبێ ئەوە کەس دەگەڵ خۆی بەرێ ، شێری بە تەماڵ لەلاندا هەڵدێنا و هەڵی دەکردێ و خۆی دەپاڵ داویشت و بە نێزە دەیکوشت. ڕەنگە لە تەمەنی خۆیدا پتر لە پەنجا شێری بەم جۆرە کوشتبێ. دەگەڵ ئەوەشدا کە لە مەیدانی شەڕدا ئاگرێکی بێ ئامان بوو، وێژەوان و زۆرزان و دەموپل ڕەوانیش بوو.

جارێک دەگەڵ کابرایەکدا لەسەر پارچە زەوییەک بە کێشە دێن.

(١) خریدة القصر، نوسخەی پاریس، ژمارە ٣٣٢٧، پەڕەی ١٥٢.



کارەکە دەچێتە بەر دەستی مەلا و کابرای غەنیمی بە درۆ بە قورئانی پیرۆز سوێند دەخوا.

عاسم لەو بارەوە نامەیەکی بۆ سەیفودەولە سەدەقەی کوڕی مەنسووری ناوبراو نووسیوە و بە چەند شیعرێک بەو کابرا سوێندخۆرە درۆزنەدا هەڵدەخوشێ و دەڵێ: «گەورەم دوژمنەکەم گوناهکارە و نارەواخوازە و لە ئەنجامی سوێندی بە درۆ ناترسێ. لە ڕاستیشدا بردن و داگیرکردنی ماڵی موسڵمانان بە ناهەق، لە سوێندخواردنی بە درۆ تاوانترە»[١].

هەروەها لە شیعرێکدا دەڵێ: نەیارەکەم خاوەن دراوە؛ بۆیە سووکایەتیم بەسەردێ و ڕێزم لێ ناگیرێ و ئاوڕم وێ نادرێتەوە. ئەگەر دراودار پەرەوازەی وڵاتی فارس بێ و بانگی قورەیش و جورهوم بکا بە دەنگیەوە دەچن[٢].

لەپاش کوژرانی ئەمیر سەیفودەولە سەدەقەش، بە شیعر پێیدا هەڵداوە و شینی بۆ گێڕاوە و باسی شپرزەیی بەنووئەسەد دەکا کە لە

(١) ئەوە مانای دوو شیعری عەرەبی بوون. بە شیعری کوردییش ئاوا تەرجەمە کراون:

گەورەم! نەیارم زۆر گوناهبارە     بە درۆ سوێند دەخوا و ناترسێ لە خوا
کەسێ بە ناهەق ماڵی موسوڵمان     بخوا، زۆر هاسان سوێندەکەش دەخوا

(٢) دوو شیعری عەرەبین و بە شیعری کوردی ئاوا وەرگەڕاون:

دوژمنەکەم دەوڵەمەندە     من هەژارم کارم گەندە
هەژار هەزار هونەری بێ     کەس ناڵێ کەرت بەچەندە
خاوەن دراو با خوێڕیش بێ     دەڵێن زانا و مەرد و ڕەندە
قوڕەیش و جورهومی بوێن     لە بەردەستی دەبنە بەندە

قوڕەیش و جورهوم دوو هۆزی کەونارای بەناوبانگی عەرەبن.

پاش ئەو چییان بەسەر هاتووە. ئەمەش لە جێگەی خۆیدا باس دەکەین.

ئەمیرێکی تریش لە ئەمیرەکانی گاوانی ئەمیر سەیفوددەولە ئەبوونەجم بەدر کوڕی وەرامی کوردی گاوانییە کە لە (تسفونج) دادەنیشت. ئەویش گوندێکی گەورە بوو لە بەرانبەر نوعمانییە لە نێوان بەغدا و (واسیت)دا لە ڕۆژهەڵاتی دەجلە هەڵکەوتبوو. ئەم ئەمیر سەیفودەولەیە لە مانگی مەولوودی ساڵی ٤٧٢ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد[١].

وا دیارە ئەم سەیفودەولەیە برایەکی هەبووە ناوی شەرەفودەولە محەمەدی کوڕی وەرام بووە و لە واسیت فێرگەیەکی ئاینیی بۆ شافیعی مەزهەبەکان دروست کردووە.

ئەبووعەلی حەسەن کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدوڵڵای واسیتی، یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی لەو فێرگەیەدا ڕێ و شوێنی مەزهەبی شافیعیی بە دەرس گوتووەتەوە.

تاجودین سەبووکی دەڵێ: لە شاری واسیت لە فێرگەی کوڕی وەرامدا دەرسوێژ بوو، لە ڕۆژی یازدەی محەڕەمی ساڵی ٥٧٦ی ک. هەر لە واسیت بە ڕەحمەت چووە[٢].

لە مێژووی واسیتدا –کە دانەرەکەی ئەسلەم کوڕی سەهلی ڕوزاز و بەناوی بەحشەل ناسراوە– وام بەرچاو کەوتووە کە ئەبوو تالیب محەمەد کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی کەتانی شافیعیی دارۆغە، ساڵی

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٤٧٢ی ک.

(٢) طبقات السبکی، ٤/ ,١٠٩



٥٧٣ی ک. لە واسیت، لە فێرگەی شەرەفوددەولە محەمەد کوڕی وەرام ئەم مێژووەی بۆ خوێندراوەتەوە[١].

نووسەری مێژووەکە بۆ بنیاتنەری ئەو فێرگە ئاینییە لەبەر خوا دەپاڕێتەوە و دەڵێ: "خوا گۆڕی پڕ لە نوور کات". بەوەدا بۆمان دەردەکەوێ لەو ساڵەدا شەرەفودین لەسەر دنێ نەماوە. لە ساڵی ٥٠١ی ک. دا ئەبوودەلف سورخاب کوڕی کەیخوسرەو، خاوەنی ئاوەج و ساوەی نێوان ڕەی و هەمەدان –کە سوڵتان محەمەد کوڕی مەلیکشا لێی بەرکدا چووبوو؛ پەیسەری دەگەڕا– ڕای کردە عیراق و پەنای بردە بەر سەیفوددەولە سەدەقە کوڕی مەنسووری ئەسەدی مەزیدی ناو براو، ئەویش گرتیە خۆی و داڵدەی دا.

سوڵتان لێی ڕاسپارد کە دەبێ ئەو پەنابەرە بداتەوە دەست کاربەدەستانی ئەو لە عیراق. ئەمیر سەدەقە ئەو ڕاسپێرییەی بە هیچ گرت و لە وەرامدا گوتی: ئەو پیاوە هانای وەبەر من هێناوە و منیش پەنام داوە، جگە لەوە کە نایگرم و نایدەمەوە: بگرە دەشیپارێزم، لە وەرامی سوڵتاندا منیش هەر ئەوە دەڵێم کە وەختی خۆی ئەبووتالیب بە قوڕەیشانی گوتووە، کاتێک کە داوای بە دەستەوەدانی محەمەدیان لێ کردووە گوتویە: درۆتان کرد سوێند بە ماڵی خوا کە دەڵێن محەمەدمان دەست دەکەوێتەوە، هێشتا دەگژ یەکدا نەچووین و ڕمبمان لە یەکتر نەداون[٢].

لە پێش ئەم شیعرەشدا شیعرێکی تر هەیە دەڵێ:

(١) مێژووی واسیت هی (بحشل). دانەی مۆزەی عیراق. ل ٤٥٤– ٥,

(٢) بە کوردی ئاوا کراوەتە شیعر:

بە ڕمب و شیر هەتا لێکمان نەداوە    محەمەد دانەوە بیرێکی خاوە

هەتا لە دەورەی دەکوژرێین و واز لە ژن و منداڵمان دەهێنین هەر دەیپارێزین[١].

سوڵتان محەمەد بۆ شەڕی سەدەقەی کوڕی مەنسوور لەشکری کۆکردەوە و ڕووی کردە عیراق. لەپاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند ڕاسپاردە و پێکگۆڕینەوەی نامە و وتوویژێکی زۆر کە زۆری نەمابوو لە ڕێگەی ئاشتییەوە پێک بێن، لەپڕ و نەکاو لە سەرزەمینی قەوسان –کە ئێستا ناوچەی غەڕافە– هەردووک لەشکر پێکیانادا و شەڕ قەوما.

ڕاستەی لەشکری سەدەقە کوردە گاوانییەکانی هاوپەیمانی بوون. لەو شەڕەدا ئەوەندەیان ئازایەتی نواند دڵی سەدەقەیان زۆر بە خۆیان خۆش کرد و بەڵێنی پێ دان لەمەڕ پلە و پایە و مووچە و مەزنایەتی پێبەخشینەوە، بەوپەڕی دلاواییەوە ڕەفتاریان دەگەڵ بکا و لە پاداشتی ئەو مەردی و نەبەردییەدا ئەویش هیچ درێغیان دەگەڵ نەکا. بۆ خۆشی (سەدەقە) لە لایەکی ترەوە شالاوی بۆ تورکان برد. کۆیلەیەکی تورک لە جەنگەی شەڕەکەدا دەرفەتی لە سەدەقە هێنا و تیخێکی داهێنایە، وە ڕوخساری کەوت و نوقوستان و درێوی کرد. سەرەڕای ئەو برینەش هەر شەڕی دەکرد: «من تاجولولووکم، من پادشای عەرەبم، من سەدەقم». سەرە تیرێکیشی دەپیشتیڕا چوو. کۆیلەیەکی تری تورک کە ناوی بزغش بوو، دەستێکیشی شەپڵەی لێ دابوو، هەڵی کردێ و خۆی گەیاندێ و خۆی پێوە هەڵروسکاند و لەسەر سواریەوە ڕای کێشا خوارێ و هەردووکیان وێکڕا کەوتنە سەر هەردی.

(١) بەشیعری کوردی ئەمە دەگرێتەوە:

ژن و کوڕمان و گیانمانی لـە ڕێدا    دەبەخشین، کێ دەوێرێ دەستی لـێ دا؟



ئەمیر سەدەقە ئەو کۆیلەیەی دەناسی، پێی گوت: «بزغش بەزەییت بێ!». بزغش بەزەییی نەهات و بە شیر سەری پەڕاند و سەرەکەی برد.

ئیتر بە کوژرانی سەدەقە لەشکری ئەسەدی و هۆزی گاوانی هاوپەیمانیان شکان و دەبیسی کوڕی سەدەقە و سەرکردەی لەشکرەکە و سورخابی دەیلەمی کە پەنابەرەکە بوو – بەدیل گیران و بەدرانی کوڕی سەدەقە بەو ناوەدا خۆی دەرباز کرد و ڕای کرد و ڕووی کردە حەلەب و لەوێشەوە خۆی گەیاندە میسر و ساڵی ٥٣٠ی ک. هەر لە میسر مرد[١]. ئیتر لەم شەڕەوە ڕۆژی ڕەشی بەرەی ئەسەدی و هۆزی گاوانی دەستی پێ کرد. وا دیارە سوڵتان محەمەدیش بەرانبەر بە پێداویستیی باری سیاسی – کە ئێستاش باوە– ویستوویە سەری کوردان هەر بە کوردان نەرم کا!

لە دوای ئەم شەڕە هێنای زۆربەی ئەو زەمینانەی کە دەژێر دەستی سەیفودەولە سەدەقە و کوردە هاوپەیمانەکانیدا بوون، بەسەر کوردەکانی دۆستی خۆیدا بەشینەوە. جا لە ناو ئەو کوردانەدا کە دۆستی سوڵتان بوون، پیاوێک هەبوو، ناوی سیاکێل بوو[٢].

ئەمیری وێژەوان ئەبوو شوجاع عاسم کوڕی ئەبوونەجمی گاوانی دەربارەی ئەو سیاکێلەوە دوو شیعری گوتوە، دەڵێ:

گوتم بەو کیژە: واز بێنە بە گوریت بم! بۆچ نەتزانیوە کە زەمانە وەرگەڕاوە؟

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ی ک. و المنتظم ٩/١٥٦/ ٢٣٦.

(٢) سیاکێل: ڕەش ئەسمەر.

گوندەکانی نیل، سیاکێل بەسەریانڕا دەگا؛ بەدران دوور خراوەتەوە بۆ حەڵەب[١].

هەر لە مەڕ ئەو مەبەستەوە ساریموددەولە مەرجی لەیسی بەتایحی شاعیر، هەڵبەستێکی گوتووە تێیدا دەڵێ:

بەشینەوەی زەویی تەرخان ئەوەندە زۆر بووە لەلام وایە
سەگی جزیرەش و پشیلەکانی زەوییان بۆ تەرخان دەکرێ
سی هەزار هەر تەنیا بۆ بەشیری
واز لەوانەش بێنە کە ناشێ باس بکرێن
بیست هەزاریش وەبەر نەرگسییان کەوتووە
هەزار لەوان زیادە ئەگەر پشکەڵیش بێ
ئەگەر وا نەبا سیاکێل سوار نەدەبوو لە دواشیەوە
یەدەگی لە ئەسپی بەشیری سورخون ڕاکێشن
سالاری براشی بە شکۆهێکەوە سوار دەبێ
لە دوایەوە پڵنگ و لە پێشیەوە سەقرە[٢]

(١) دوو شیعری عەرەبین، بە شیعری کوردی ئاوا وەرگێڕدراون:

پێم گوت واز بێنە دەبـــەرت مـــرم! بۆچ نـەتزانـیوە دەوران گۆڕاوە؟
گوندی نیل بوونە مەزرای سیاکێل بـــەدران ئاوارەی حەڵەب کراوە

(٢) پێنج بەیتی عەرەبین و بە پێنج شیعری کوردی وەرگەڕاون و ئاوا دەرچووە.

بەش بەش ئەوەندە زۆرە لە لام هیچ سـەیر نیـیـە
کتک و سەگی جزیرە هەمووی پشکی خۆی بوێ
تـەنیا بەشی بەشـیری گەیشـتووەتـە سی هەزار
ئی واش هــەیـە کـە ناوی دەبێ بچـتـە بن سـەوێ
چۆن بیست هەزار دراوە بە نەرگسییەکان؟ کەچی
پـشکـەڵ هەزاری زیـادە وەبـەر نــەرگسی کـەوێ =



کاتبی ئیسفەهانی عیماد، لەباسی بەشیری و نەرگسییەدا دەڵێ: بەشیری و نەرگسییە دوو بەرەبابن لە کوردەکانی حیللەی مەزید؛ پتر لەوەی کە لێیان دەوەشێتەوە زەویوزاریان پێ دراوە[١].

ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەم دوو تیرەیەش هەر لە هۆزی گاوانی بوون و سوڵتان سەلجووقی دژی گاوانییەکانی تری ڕاست کردوونەوە و ڕێزی لێ ناون و زەویوزاری پێ داون، نیازیشی لەم تەڵەکە سیاسییە وەک لە پێشیشدا گوتم هەر ئەوە بووە بە کورد لە کورد بدا!

شێخ ئەبوولوەفا محەمەدی زاهید کە نازناوی تاجولعارفین بووە و لە سەرەتای چەرخی شەشەمدا مردووە و گۆڕەکەی تا ئێستاش هەر بەناوبانگە و لە بەرانبەر کووت کەوتووەتە لای ڕۆژاوای دەجلەوە. لە مێژووی ژیانیدا ئاوای باس کراوە: ڕەگەزی نەرگسییە و نەرگسی هۆزێکی کوردە. هەر بۆ خۆشی فەرموویەتی: «شەو عەجەم بووم و بە ڕۆژ بووم بە عەرەب»[٢].

شێخ شەهابودین ئەحمەد کوڕی عەبدولمونعیمی کۆنە واسیتی دەڵێ: باوکی شێخ ئەبوولوەفا سەیدە و دەچێتەوە سەر ئیمام حەسەن و لەناو هۆزی نەرگس (بەرگس) –کە هەوەڵەکەیان ڕاستە– ژیاوە و ژنێکی لەو هۆزە هێناوە و ئەو هۆزەش کـــوردن و بۆیەش بەناوی ئەبوولوەفـــا

= دنیـا وەهـایـە ئـەمـڕۆ سـیـاکـێـلە سـوار دەبێ
ئەسـپی لـە دوو دەکـێـشـن و دەیـداتە سـەررڕەوێ
سـالارەکـەی بـراشـی بە فـیـزێـک دەچـێـتـە ڕاو
لە دوایـەوە پڵـنگ و دەبێ سـەقـری پێـش کـەوێ

(١) نصرة الفره... لەو باسەدا.

(٢) أمسيت كردياً و أصبحت عربياً.

تاجولعارفینی کورد ناوبانگی ڕۆیشتووە؛ چونکە خۆی لەسەر ماڵی خاڵوانی و خزم و کەسوکاری دایکی حساب کردووە[1].

منیش لام وایە کە ئەم سەیدایەتییەی ئەبوولوەفا لەپاش مردنی بۆی هەڵبەستراوە! چونکە لەپاش نەمانی دەوڵەتی عەبباسیش هەتا دێرزەمانێک پارێزگاری و چاودێری کردنی ئەو ڕەگەزە پیرۆزانە زۆر لە کزی و کەنەفتیدا بوون. لەوساوە ڕاوکەرانی ماڵی دنیا کەوتنە ملە و پێشەبڕکە بۆ ئەوەی پشتاوپشتی ڕەسەنی خواناسانی تەرکەدنیا بگەیەننەوە سەر ئیمام عەلی و هەروەها بۆ داتاشینی کەشف و کەراماتیش بە هەڵپە و پەلەوە خۆیان هاویشتبووە ناو هەڵە و پەڵەوە.

با بگەڕێمەوە سەر باسوخواسی فەرمانڕەوایانی مەزیدی و گاوانییە هاوپەیمانەکانیان:

سوڵتان محەمەدی سەلجووقی، ئەگەرچی بەشە زەویوزارەکانیشی لێ هەڵقرچاندبوون و کورتی هەڵێنابوونەوە بەڵام بە یەکجارەکی دەستی لە مەزنایەتیی حیللە کۆتا نەکردبوون، تەنانەت دەبیسی کوڕی سەدەقەیشی لە بەند ڕزگار کرد و سوێندیشی دا دژی ئەو ئاژاوە نەنێتەوە[2]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دیارە لە جێگەی باوکی خۆی، کراوەتە ئەمیری حیللە و بە دەستووری ئەو ڕۆژەش دەرامەت و بەروبوومەکەی خواردووە.

زۆربەی ئەو کوردە گاوانییانەش کە دۆست و هاوپەیمانی دەبیس

(١) تذكرة المتفقين آثار اولى الصفا و تبصرة المقتدين بطريق السيد أبي الوفا. دانەی پاریس، پەڕەی ٢٠٦٣-٧-٨ وغاية الإختصار فی البیوتات العلویة المحفوظة من الغبار. لاپەڕەی ,٧٠

(٢) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ی ک.



بوون، جا چ لە حیللە بووبن یان لە شوێنەکانی تری ناوچەی فوراتی ناوەندیدا، لە جێی خۆیاندا مانەوە.

ساڵی ٥١١ی ک. سوڵتان محەمەدی سەلجووقی مرد و مەحموودی کوڕی لە جێگە دانیشت.

ساڵی ٥١٢ی ک. خەلیفە موستەزهیری عەبباسی لە دنیا کۆچی کرد و کوڕی هێژا و سەربەرزی موستەرشیدوبیللا کرا بە خەلیفە کە لە چەرخی شەشەمدا یەکەمین شەهید بوو لە ڕێگەی سەربەخۆیی دەوڵەتی عەبباسیدا.

ئەمیر دەبیس پیاوێکی چنۆک و چاوبرسی بوو؛ لە پەستا هەر خەریکی ئەوە بوو قەڵەمڕەوی خۆی گوشاد و بەرینتر کاتەوە.

لە کاتێکدا کە ئەمیر ئەبووحەسەن کوڕی موستەزهیروبیللا و برای خەلیفە موستەرشیدوبیللا خۆی لە ژێر چاودێریی خەلیفەی کاکی دزیبووەوە و لە بەغدا دەرچووبوو، دەبیس وەخۆی گرت و لە حیللە گلی دایەوە. لەسەر ئەو کارە نێوان ناخۆشییەکی وەها کەوتە بەینی خەلیفە و ئەمیر دەبیسەوە کە ئەنجامەکەی بە مردنی هەردووکیان و بە ئابڕووەمەندیی موستەرشید و بە ناوزڕانی دەبیس تەواو بوو.

یەکەم کارێکی کە موستەرشید دەربارەی دەبیسی کرد ئەوە بوو خانووبەرەی سەدەقەی باوکی دەبیسی خستە سەر مزگەوتی کۆشکەوە کە شوێنەوارەکەی ئێستا بە (سوق الغزل) بەناوبانگە. بەهانەکەشی ئەوە بوو کەوا ئەو مزگەوتە ڕۆژی هەینییان جێگەی نوێژ جومعەی هەموو خەڵکی بەری ڕۆژهەڵاتی بەغدایە و ڕۆژانی هەینی جێگەی نوێژکەران زۆر تەنگەبەر دەبێ.

دەبیس بە نووسین پرسیارێکی کرد ئایا زانا گەورەکان دەربارەی ئەو کابرایە دەڵێن چی کە خانویەکی کڕیوە و پیاوێکی تر لێی داگیرکردووە و خستوویەتە سەر مزگەوت؟ ئاخۆ ئەم کارە بۆ ئەو داگیرکەرە کارێکی ڕەوایە؟ یان لە سەریەتی بیداتەوە بە خاوەنی خۆی؟

قازییەالقوزات – سەردادپرس – ئەبولحەسەن عەلی کوڕی محەمەدی دامغانی حەنەفی –کە ئەو ڕۆژە لە هەموو دادپرس و زانایانی ئاینیی وڵاتی ئیسلام زاناتر و گەورەتر بوو– لە وەرامی ئەو پرسیارەدا نووسییەوە: ئەم کارە کارێکی نادروستە و گەرەکە داگیرکەرەکە بیداتەوە بە خاوەنەکەی پێشووی و ڕەوا نییە بکرێتە ماڵی مزگەوت.

دەبیس ئەم نووسراوەی بردە لای خەلیفە موستەرشید و قەباڵەیەکیشی نیشان دا کە سەدەقەی باوکی خانووبەرەی ناوبراوی بە پازدە هەزار دینار لە کاربەدەستێکی خەلیفە موستەزهیروبیللا کڕیوە و هەژدە هەزار دیناریشی تێدا خەرج کردووە. موستەرشید خانووەکەی نەدایەوە؛ بەڵام بە دراو دەگەڵی پێک هات(١). دەنگ و باسی ئەو خانووەش گەلێ سەیر و سەمەرەیە:

لە ڕۆژگاری ژیانی سەدەقەدا ئەو خانووە وەک ماڵی مەندووبی سامیی ئەم زەمانە، وابووە. بێ نەوا و ترساو و داواکراو و ڕاونراو هەر خۆی بگەیاندبایە ئەو ماڵە – با خاوەن ماڵیش لە ماڵ نەبووایە– پەنای دەدرا و کەس خۆی تێ نەدەگەیاند و کەس زیانی پێ نەدەگەیاند.

ئیبنوئەسیر لە ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ی ک. دا دەڵێ: لە

(١) المنتظم، (٩/١٩٨–٩) والمرآة، (٨/٧١) وکامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥١٢ی ک.



سەفەرەمانگی ئەمساڵدا وەزیر ئەبوولقاسم عەلی کوڕی جەهیری وەزیری موستەزهیروبیللا لە کار بەرکەنار کرا و ڕووی کردە ماڵی سەیفودەولە سەدەقە و پەنای بەوێ برد. ئەو ماڵە پەنا و پەسیوی هەموو لێقەوماوێک بوو. سەدەقە پیاوی خۆی نارد و وەزیریان لە بەغداوە بردە حیللە، خەلیفەش فەرمانی دا خانووەکەیان هەڵوەشاند کە لەلای دەرگای عامە (هەمووانی)یەوە بوو(١).

ئیتر سەبارەت بەو خانووە کە بووبووە بەست و پەسیو، نەخەلیفە و نەکاربەدەستان و نەفەرمانبەرانی خەلیفە کەس دەخۆیڕا نەدیت دەس بۆ لای وەزیر درێژ بکا و ئەگەر ئەو خانووە دەئارادا نەبووایە چەرمیان لەدار دەهاڵاند. دەربارەی ئەو خانووبەرەیە، دەنگوباسی تر زۆرە، بەڵام لێرەدا جێگەی باسکردنیان نییە.

دوژمنایەتیی بە کردەوە ئەگەر ئەم ڕستەیەم ڕاست بێ – لە نێوان موستەرشید و دەبیسدا دەستی پێ کرد. ئەویش ئاوا بوو:

ئاقسونقوری بەرسقی نایبی سوڵتان مەحموودی سەلجووقی، بەلەشکرێکەوە گەیشتە ڕەقە (ڕەقەی ئیبن دەحرووج) کە ئێستا گەڕەکی کرێمات و شەوواکەیە. لەلای خوارووی ئەو شوێنەدا لەشکربەزی کرد و ڕای گەیاند ئەم لەشکرەی دەباتە سەر حیللە و دەبیسی کوڕی سەدەقە لە حیللە وەدەر دەنێ. لەو گەفەوە دەبیس وەخۆ کەوت و کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری لە عەرەب و لە کوردە گاوانییەکان لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و چەک و دراوێکی زۆری بەناودا تەخشان و پەخشان کردن و بەساز و تەیاری، چاوەنۆڕی نەیاری دەکرد کە بەگژیدا بچێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەمیر ئابە سەرداری لەشکر و ئەتابەگی مەلیک

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ی ک.

مەسعوودی سەلجووقی و ئەمیر ئەبوولهەیجای کورد –ئەمیری هەولێر هەروەها ئەمیری بەوازیج – ئەمیر کرباوی کوڕی خوراسانی تورکمانی، هەموویان ڕەگەڵ ئاقسونقوری بەرسقی کەوتن. دەبیس لەو گەلەکۆمەگییە کەوتە دڵخورتییەوە و خۆی لە بەرەنگاربوون دەپاراست و خۆی لە پێک هەڵپرژان دوورەپەرێز گرت و دووربەدووریش بە نەرمی دەگەڵیان دەهاتە پێش.

لە پاشان ئەمیرێک کە ناوی عیمادەدین مەنکەبرس بوو هاتە عیراق و لە نزیک نوعمانییەوە دەبیس خۆی گەیاندێ و دەگەڵی ڕێک کەوت و بوونە سوێندخۆری یەکتر و بڕیاریان دا بۆ هەمیشە هاوکار و هاریکاری یەکتر بن.

لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کێشە و هەرای خۆبەخۆی دەسەڵاتدار و ئەمیرانەوە ئاژاوە و پشێویەکی زۆر کەوتبووە ناو عیراقەوە. هەر دەستەیەک لایەنگیرانی دوژمنی خۆی دەچەوساندەوە و لە هەموو لایەکیشەوە خەڵکی گوندەکانیان دەڕووتاندەوە؛ تالانیان دەکردن و دارایی و سامانیان دەبردن. گوندەکانی دەوروبەری چەمی عیسا و ڕووباری سەرسەر و چەند گوندێکی نزیک دوجەیل لەو گوندانە بوون کە وەبەر تالانوبڕۆ کەوتبوون. ئیبنوئەسیر دەڵێ: ئەو تالانکەرانە دەستیان بۆ ناموسی خەڵکیش دەبرد.

خەلیفە موستەرشید بە هەموو توانا تێ دەکۆشا ئاشتی بکەوێتە نێوان و هێمنایەتی باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێ و شەڕ و ئاژاوە لە ئارادا نەمێنێ. لە ئەنجامدا کار وای لێ هات کە مەنکەبرس کرا بە سەردارۆغەی بەغدا واتا حاکمی عەسکەری. ئەو مەنکەبرسە دایکی مەلیک مەسعوودی سەلجووقی –کە هێشتا عیدەشی هەڵنەهاتبوو– لە



خۆی مارە کردبوو. بەم کارەی دڵی سەلجووقییانی لە خۆی ڕەنجاندبوو.

ئەمیر دەبیس ماڵئاواییی لە مەنکەبرس کرد و گەڕایەوە بۆ حیللە. مەنکەبرسیش بەبێ هیچ لەمپەر و بەرگر دەستی کرد بە بەدفەڕی و زۆرداریيەکی وەها کە هەموو خەڵک لە چەنگی وەزاڵە هاتبوون[١].

ساڵی ٥١٦ی ک. لە نزیک ڕووباری بەشیر کە لە ڕۆژهەڵاتی فورات لە چەمی مەلیک دەبێتەوە –ئەوە ئەو ڕووبارە نییە کە لکێکی دوجەیلەیە– لەشکری ئاقسونقوری بەرسقی و لەشکری دەبیس کە گاوانییەکانیشی دەگەڵدا بوون، گەیشتنە یەک و دەگژیەکڕا چوون و لەشکری بەرسقی شکا. ئەوسا دەبیس فەرمانی دا بە هەواڵانی خۆی کە خۆیان بگەیەننە بەشە موڵکەکانی دوژمنان کە لە واسیتدا هەبوون. ئەوان بەرەو واسیت دەچوون و هەر لە ڕێدا تورکەکانی واسیت هاتنە پێشیان و نەیانهێشت بەرەو پێشتر بچن.

دەبیس لەشکرێکی بۆ شەڕی ئەو تورکانە ئامادە کرد و سەرکردایەتییەکەی بە ئەمیر زیائەددین موهەلهەل کوڕی ئەبوو عەسکەری کوردی گاوانی ئەسپارد. ناردیشییە لای ئەمیر موزەفەر کوڕی ئەبووجەبری لەیسی ئەمیری بەتایح کە دەگەڵ موهەلهەلدا ڕێک بکەون و بە جووتە شەڕی ئەو تورکانەی واسیت بکەن. بەڵام موهەلهەل پەلەی کرد و لەسەر ئەوە ڕانەوەستا کە موزەفەری بگاتێ و لەلای وابوو هەر خۆی بە تەنیا دەتوانێ ئەو دوژمنانە لەبەین بەرێ. کەچی تورکەکان زۆری موهەلهەلیان برد و لەشکری کورد عەرەبیان خستە تەنگانەوە و خۆیان دەنا و هاویشتن و گەلێک لە سەرکردەکانیان لێ

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ی ک.

بەدیل گرتن و نزیکەی هەزار کەس لەو لەشکرە بەکوشت چوو(١).

لە ساڵی ٥١٧ی ک. دا بەرسقی و خەلیفە موستەرشید بە لەشکرەوە چوونە سەر دەبیس. لەشکری بەرسقی لە خەزاچی و سەربازی مووچەخۆر و لەو عەرەبانە پێک هاتبوو کە بۆ هات و هاواران دەنگ دەدران. سولەیمان کوڕی مهارشی عوقەیلی و قەرواش کوڕی موسلیمی عوقەیلی لەو عەرەبە هیمدادییانە بوون کە ڕەگەڵ لەشکرەکە کەوتبوون.

کاتێ دەبیس بەم کەین وبەینەی زانی، پەژیوانینامەیەکی بۆ خەلیفە نووسی و داوای بووردن و بەخشینی کرد. خەلیفە نامەکەی بە هیچ نەگرت و لەشکری لێ دەنگ دا و هەر خۆیشی دەگەڵ لەشکرەکە دا هات هەتا لە ڕۆژهەڵاتی فوراتی ناوەندیدا لە مەڵبەندی نیل لە گوندی موبارەکە لەشکربەزی کرد. هەردووک لەشکر –واتا لەشکری دەبیس و لەشکری خەلیفە موستەرشید و بەرسقی– ساز و ئامادە بەرانبەر بە یەک وێستان.

ئەمیر فەخرەددین ئەبوو محەمەد عەنتەر کوڕی ئەبوو عەسکەری گاوانی –کە برای ئەو ئەمیر موهەلهەلە بوو وا لە پێشدا باسمان کرد– دەگەڵ لەشکری دەبیسدا بوو. عەنتەر بە کۆمەڵێک لە کوردە گاوانییەکان و عەرەبەکانەوە پەلاماری ڕاستەی لەشکری بەرسقی دا– کە خەلیفە موستەرشید و پیاوماقوڵانی لە پشت ئەو قۆڵەوە بوون. لەشکری بەرسقی بە پاشدا گێڕانیەوە. جارێکی تر دیسان عەنتەر پەلاماری ڕاستەی لەشکرەکەی دا و ئەمجارە بەجارێک لەبەر یەکی هەڵتەکاند.

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥١٦ی ک. و المنتظم (٩/٢٣٧).



بە دوای ئەوەدا –قسە تێک دەپەڕن– ئەبوولفەرەج ئیبنولجەوزی دەڵێ: عەنتەری گاوانی خەیانەتی بە دەبیس کرد و خۆی بە لەشکری بەرسقی بەگرتن دا، چونکە دەیەویست لەلای خەلیفە بێت و نەیدەویست لێی یاغی بێ.

گوایە کۆمەڵێک لە شەڕکەرانی هەواڵی دەبیس کە دیتیان بە شوێن پەلامارەکەی عەنتەردا وا خەلیفە موستەرشید و وەزیرەکەی بە سەر لێواری ڕووباری عەتیقدا بەرەژوور دەچن، گوتیان عەنتەر نامەردیی کرد و بە دڵ شەڕی نەکرد. ئیبنوئەسیر دەڵێ: عەنتەر زۆر بە دڵ شەڕی کردووە. بەڵام عیمادەدین زەنگی کوڕی ئاقسونقور بە لەشکری واسیتەوە پشتی لە عەنتەر بڕیوە و هێرشی بردە سەر و خۆی و هەواڵانی دەناوخۆ گرتن. ئیتر عەنتەر و هاوکارانی هیچ دەرەتانیان بۆ نەما و بە دیل گیران(١).

لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا دەبیس و گەلێک لە لەشکرەکەی ڕایان کرد و هەزارانیشیان لێ بەدیل گیرا و زۆریشیان لێ بەکوشت چوو.

ئیبنوئەسیر هەر بۆیە لە خۆ دزینەوەی عەنتەر لە شەڕدا چاوپۆشی دەکا تا بە ئازایەتیی عیمادەدین زەنگیدا هەڵبڵێ.

لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ٥١٢ی ک. دا دەڵێ: مەلیک مەسعوود ڕووی کردە عیراق، وەزیر فەخرولمولووک کوڕی عەممار و زەنگی کوڕی ئاقسونقوری باپیری ئەو پادشایەمان –کە ئێستا لە مووسڵە– دەگەڵیدا بوون. زەنگی لە پیاوە هەرە ئازاکان بوو، ئەگینا ئەگەر عەنتەر خۆی لە شەڕکردن نەبواردبا و بە ئانقەست خۆی بەگرتن

(١) المنتظم، (٩/٢٤٢-٣) و کامل، (١٠/٢١٥-٦)

نەدابا، خەلیفە موستەرشید هەروەک فەرمانی کوشتنی هەموو دیلەکانی ئەو شەڕەی دەرکرد و لە ڕیزی ئەوانەی دانان کە سەرپێچییان لە فەرمانی پێشەوای ئوممەت کردووە، فەرمانی کوشتنی عەنتەریشی دەدا.

ئیبنوئەسیر دەڵێ: دیلەکان لە بەردەمی خەلیفە موستەرشید ڕیز کران. ئەویش فەرمانی دا لە تۆڵەدا سەریان بپەڕێنن[١].

ئەبوولفەرەج کوڕی جەوزی دەڵێ: کۆمەڵێکی زۆر لە شەڕکەرانی دەبیس بەدیل گیرابوون. هەرکامێکیان دەهێنا کە بیکوژن هاواری دەکرد: دەبەرت دەمرم دەبیس[٢]!

کچەزای کوڕی جەوزی دەڵێ: دیلەکان سی هەزار کەس بوون، گەلێک کوردی گاوانیشیان دەناودا هەبوو.

سەعد کوڕی محەمەد کوڕی سەفی، واتا حەیس بەیسەی شاعیر، لە پەسنی ئازایەتی و مێرخاسیی عەنتەردا دەڵێ:

کاتێ سپیاییی دەمی شیران لە توونییان شپرزە دەبن
عەنتەر لە خوێنی سەران ئاویان دەدا و تێراویان دەکا
نیازم عەبسییەکە نییە و هاوناوەکەیەتی
کێ بۆ پێ هەڵگوتن لەو شیاوتر و لە پێشترە
ئەگەر عەبسی شانازییان بە سواری ڕۆژی مەترسی کرد
هۆزی گاوان لەوان بەرزتر و بەشانازیترن

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥١٧ی ک.
(٢) المنتظم، ٩/ ٢٣٤.



لاوێکە بۆ هەژاران سەرچاوەی بەخششە و
بۆ تاوانباری قزە، کانگای ترسە[١]

دیسان هەر ئەو شاعیرە بە عەنتەردا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

من هەرچەندە بوومەتە گەورەی (دارم)یش
خەبات دەکەم بۆ بەرزیی ڕەگەزیان و شەڕیش دەکەم
کەمێ بە گاوانی هەڵدەڵێم لەبەر عەنتەر
پێ هەڵگوتنێک ئەگەر بیشی شارمەوە بڵاو بووەتەوە
لاوی هۆبە لە عوزرهێنانەوە بۆ نەداران
دەستتەنگە، بەڵام بەخششی فراوانە
حەمایەلی شیرەکەی بە ئازا و بە هێزێکەوە
هەڵواسراوە کە مەیدانی شەڕ بەو هەڵدەڵێن[٢]

(١) پارچە شیعرێکی عەرەبییە و لە چوار بەیتە، ئەوە مانای بوو بە پەشخانی کوردی، بە شیعریش بەو جۆرە وەرگەڕاون:

تیخی دەبان دەمی کە لە توونییان وشک دەبێ
عەنتەر لە خوێنی لاشی نەیارانی ئاو دەدا
من عەبسییەکەم نیاز نییە هاوناوەکەی دەڵێم
کێ شان لە شانی عەنتەری گاوانی لاو دەدا
عەبسی بە شۆڕەسواری دەنازێ، کەچی ئەوا
گاوانی عەبیسی دایە دوا و هێشتە تاو دەدا
لاوێکە: کانی بەخششە بۆ بێکەس و نەدار
نامەردی پیس و سپڵە لە دنیایە قاو دەدا

(٢) نصرة الفترة وعصر الفطرة، پەڕەی ٢٢١.

ئەوە مانای چوار بەیتەکەی حەیس بەیسی عەرەبی بوون. بە شیعری =

ساڵی ٥٢٩ی ک. بە فەرمانی سوڵتانی مەسعوود کوڕی مەلیکشا – کە لە پێشدا بە مەلیک مەسعوودمان ناو برد– ئەمیر دەبیس کوڕی سەدەقەی مەزیدی کوژرا. سەدەقەی کوڕی –کە هێشتا منداڵ بوو– لە جێگەی باوکی کرا بە ئەمیری حیللە. وەک ئێستا دەیڵێن: سەدەقەی دووەم کرا بە جێنشینی سەدەقەی یەکەم و چونکە کاروباری ئەمیرایەتییەکەی بۆ هەڵنەدەسووڕا، ئەمیر عەنتەری گاوانی کرا بە سەرپەرشتی و مشوورخۆری کاروباری کە بە قسەی ئەو ڕۆژگارە وەک ئەتابێک[١] وابوو[٢]. سوڵتان مەسعوود کاری زۆر نالەباری لێ ڕووداوە و خەڵکی زۆر لە خۆی ترساندبوو. لە ساڵی ٥٢٩ی ک. دا لە زۆر لاوە ئەمیران و دەسەڵاتداران لێک کۆ بوونەوە و دژی سوڵتان یەکتریان گرت و بڕیاریان دا بە گژیدا بچن. ئەمیری حیللە سەدەقەی کوڕی دەبیس و ئەمیر عەنتەری گاوانی سەرپەرشتی پێکەوە هاتنە بەغدایە و چوونە لای سوڵتان.

= کوردیش ئاوا وەرگەڕاون:

دەبووایە من ئەمێستە کە سەرداری دارمم
دەست و دەمم لە پەسنی ڕەگەزیا بکەوتە کار
پێم خۆشترە بە عەنتەرەی گاوانی هەڵبلێم
بێ پەسنی مەش بە جەوهەری خۆی بووەتە نامدار
دنیا دەزانێ عەنتەری گاوان چتۆ کوڕە
ئازایی داویەتێ لە شەڕا ئافەرین هەزار
دەستتەنگە بۆ وەرامی گومان نابەم و نییە
دەست و دڵی گوشادە لە ڕاست بێدەس و هەژار

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٣٠ی ک.

(٢) لە ڕۆژگاری سەلجووقییان بە لەلەی منداڵی پاشایانیان دەگوت ئەتابەک؛ واتا: بابەگەورە.



لە سەرەتاکانی ساڵی ٥٣٢ی ک. دا شەڕێک لە نێوان سوڵتان مەسعوود و داودی کوڕی مەحمووددا کە برازای سوڵتان بوو– هەڵگیرسا. ئەمیر سەدەقەی کوڕی دەبیس و عەنتەری کوڕی ئەبوو عەسکەری گاوانی سەرپەرشتەکەی ئەمیر– لایەنگری سوڵتان بوون. ئەمیر بوزابە خاوەنی خۆزستان و مەنکەبرس خاوەنی فارس چووبوونە لای داود.

لە شوێنێک لەلای خۆراوای وڵاتی فارسدا لەشکری هەردووک لا تووشی یەک هاتن و دەبەریەک ڕاچوون. سوڵتان مەسعوود لەشکری داودی شکاند و مەنکەبرس بە دیل گیرا و لە تۆڵەدا کوژرا. ئەمیر بوزابەش لە شەڕدا چەند ئەمیرێکی لایەنگری مەسعوودی بەدیل گرتبوو. ئەمیر سەدەقەی کوڕی دەبیس و عەنتەری کوڕی ئەبووعەسکەری مشوورخۆری سەدەقە، دەگەڵ ئەو گرتووانە بوون. کاتێ بوزابە زانییەوە کەوا مەنکەبرس کوژراوە ئەویش لە تۆڵەدا دیلەکانی بەردەستی خۆی کوشت، ئا بەم جۆرە ژیانی عەنتەری پاڵەوان دوایی پێ هات.

لە پاش کوژرانی سەدەقەی کوڕی دەبیس، ئەمیرایەتیی حیللە –لە لایەن سوڵتان مەسعوودەوە– درا بە محەمەدی کوڕی دەبیس کە دەبووە برای سەدەقە. ئەمیر زیائەدین موهەلهەل کوڕی ئەبوو عەسکەریش –کە برای عەنتەر بوو– کرا بە سەرپەرشتی کاروباری ئەمیر محەمەد[١].

بەم ئاوایە موهەلهەل، بوو بە هەواڵی سەلجووقییان و سوڵتان لە

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٣٠ی ک. و ٥٣٢ی ک. و أخبار الدولة السلجوقية لصدرالدين الحسيني، ل ١١٠.

کاری زۆر گرینگ و حەستەمدا پشتی خۆی پێ دەسپارد.

لە ساڵی ٥٤٠ی ک. دا -کە ڕۆژگاری خەلیفایەتیی ئەلموقتەزی لیئەمریلا بوو- ئەمیر بوزابەی خاوەنی خۆزستان دژی سوڵتان مەسعوود ڕاپەڕی و دەگەڵ مەلیک محەمەدی کوڕی سوڵتان مەحموود ڕێک کەوتن و لەشکریان بردە سەر کاشان و مەلیک سولەیمان شای کوڕی سوڵتان محەمەدیشیان ڕەگەڵ کەوت و هەموویان لەسەر ئەوە پێک هاتن کە لە ژێر فەرمانی سوڵتان مەسعوود بچنە دەر و توانییان دەست بە سەر زۆربەی خاکی قەڵەمڕەوی سوڵتان مەسعووددا بگرن.

سوڵتان مەسعوود کە لە بەغدا ئەم دەنگوباسەی بیستەوە، ئەمیر موهەلهەل و ئەمیر نەزەری موستەرشیدی و کۆمەڵێک لە کۆیلەکانی موجاهیدەدین بەهرۆزی لە بەغدا هێشتەوە و بۆ خۆشی بۆ سەرکوتکردنی ئەو ئاژاوەخوازانە لە بەغدا دەرکەوت.

لە پێش ئەوەدا کە سوڵتان لە بەغدا دەرکەوێ ، موهەلهەل تێی گەیاند کە پێویستە عەلی کوڕی دەبیس بگرێ و بیخاتە زیندانی قەڵای تکریتەوە. عەلی بەم کەینوبەینەی زانی و بە دەستەیەکی کەمەوە ڕای کرد و خۆی گەیاندە (ئەریز) وەک من بیزانم ئێستا بە ناوی (طعیریزات) ناودەبرێ و کەوتووەتە ڕۆژاوای نەجەفەوە.

لە ئەریز هۆزی ئەسەدی و خەڵکی تری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و هاتەوە سەر حیللە و دەگەڵ محەمەدی برای خۆیدا بە شەڕ هات و لە حیللەی دەرپەڕاند و خۆی لە سەر حیللە کردە فەرمانڕەوای سەربەخۆ. سوڵتان مەسعوود، عەلیی بە هیچ نەدەگرت و خۆی پێوە ماندوو نەدەکرد.

عەلی زۆر چالاکانە کەوتبووە خۆی و زۆری لە کۆیلەکانی خۆی و



باوکی ساز کردن و گەلێک خزم و کەسوکار و غەوارەشی لێ هالاّ و هەمووی پرچەک کردن و ڕۆژ بە ڕۆژیش هەروا دەهات و کاری لە گەشەکردن و بالاّچووندا بوو.

موهەلهەل و ئەمیر نەزەری موستەرشیدی بە لەشکری بەغداوە هاتنە ویزەی عەلی، عەلی بەگژیاندا هاتەوە و شکاندنی و شکستەی لەشکری بەغدا بە ڕووتکراوی و هێز پێنەماوی و بە پەلەپرووزە خۆیان دەبەغدا پەستاوتەوە.

بەغدایی، عەلی کوڕی دەبیسیان زۆر خۆش دەویست؛ هەر کاتێ موهەلهەل و هەوالاّنی موهەلهەلیان دەدیت هەرایان دەکرد: عەلی بیخۆ! ئەو گاڵتە پێکردنە ئەوەندەی برەو پەیدا کردبوو کە موهەلهەل هەرگیز نەیدەوێرا بە سواری بگەڕێ.

عەلی لە مەڵبەندی حیللەدا بەشە موڵکی هەموو ئەمیرە نەیارەکانی خۆی داگیر کرد و خاوەنی بگرەوبەردە و بێنەوبستێنە هەر خۆی بوو. لە ئەنجامدا کار گەیشتە ڕادەیەک کە داروغەی بەغدا و خەڵکی بەغداش وا لە عەلی ترسابوون کە خەلیفە ئەبوولموقتەزی لیئەمریلا کۆمەڵە چەکدارێکی ساز کرد و پێی سپاردن لەسەر وارشەکانی شارەوە پاسەوانی بەغدا بن[1].

ئیتر هەر لەوساوە کێشە و دووبەرەکایەتی کەوتە نێوان بەرەی ئەسەدی و گاوانییە هاوپەیمانەکانەوە؛ چونکە گاوانییەکان بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتبوو کە بۆ ئەوان هەر وا باشە دۆست و ژێردەستی دەوڵەتی عەبباسی بن و لە فەرمانی دەرنەچن و خۆیانی لێ هەڵناوێرن. لەلایەکی تریشەوە باش لەوە گەیشتبوون کە وەختی

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٤٠ی ک.

خۆشی هەر هۆزی ئەسەدی وەسەر تەڵەیان پەڕاندبوون و بەگژ عەبباسییانیدا کردبوون و بۆ خۆشیان چووبوون دەگەڵ سەلجووقییان پێک هاتبوون و هەر لە سۆنگەی دۆستایەتیی سەلجووقییانیشەوە لە حیللە تەرە کرابوون و ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ نەمابوو. دیارە هەرکەسێک ناپاکی بە هاوڕەگەزی خۆی بکا، ئەمە سزایەتی! ئەسەدی عەرەب و خەلیفەش عەرەب. بەڵام چ دەکەی؟ چاوچنۆکی و تەماح چاوی عەقڵ دەبەستێ.

ساڵی ٥٤٧ی ک. سوڵتانی خوێنرێژ (مەسعوود) مرد. خەلیفەی سەربەرز ئەلموقتەزی لیئەمریللا، بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆ لە عێراقدا.

محەمەد کوڕی مەحموود کوڕی مەلیکشاش لە ئێران لەسەر تەختی پادشایەتیی سەلجوقی جێگیر بوو. هۆزی کوردی گاوانیش بە لایەنگریی عەبباسیان مانەوە. ئەو سەرکردە و ئەمیرانەی کە سەر بە سەلجووقییان بوون، هەستیان کرد کە سەربەخۆیی خەلیفە، زیانی بۆ ئەوان هەیە و لەوانەیە دەستەڵاتیان لە عیراقدا نەمێنێ و ئەو زەوییانەی زەوتیان کردوون، لێیان بسێنرێتەوە و سامان و دارایی مفت و خۆڕاییان و کوشتوبڕی نارەوایان لە عیراقدا لێ ببێتە خەون. ئیتر لە ناو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ و پیلان ڕێکخستن.

لە ساڵی ٥٤٩ی ک. دا چوونە بن کلێشەی سوڵتانی سەلجووقی و هانیان دا عیراق داگیر بکا. بۆ ئەو مەبەستەش لەشکرێکی تێکەڵاو لە کۆیلە و تورکمان بە سەرکردایەتیی ئەمیر مەسعوود بیلالی بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ.

وەزیری گەورە عەونەدین یەحیا کوڕی هوبەیرە پێشی لێ گرتن و





شکاندنی. مەسعوودی بیلالی جارێکی تر لەشکری کۆ کردەوە و بەرەو حیللە بزووت. دیسان وەزیری ناوبراو بۆی وەدەر کەوت و لەشکرەکەی لێ پەرژ و بڵاو کردەوە و ڕاوەدووی نا هەتا دەناو زوورکەکانی جەبەل حەمرینی پەستاوت. مەسعوودی بیلالی ماوەیەک لە جەبەل حەمریندا خۆی مەڵاس دا و چاوەنۆڕی هیمداد بوو. سوڵتان محەمەدی سەلجووقی ئەمیر سەلارجور کوڕی زوهەیری کورد -کە ئەمیرێکی پایەبەرزی لای خۆی بوو- بە لەشکرەوە نارده کۆمەگیەوە. ئەمیر سەلار و مەسعوود قسەی خۆیان کرده یەک و پلانی شەڕیان ڕێک خست و بە لەشکرێکی زۆرەوە پەلاماری حیللەیان دا.

لە پاشان مەسعوودی بیلالی کارێکی نامەردانەی دەربارەی ئەمیر سەلارجوری کورد کرد کە لە فوراتدا خنکاندی و لەپاش ئەم ڕووداوە سوڵتان دڵی لە مەسعوود ڕەنجا.

مەسعوود ڕووی کرده تکریت و لەوێوە ئەرسەلان شا، کوڕی سوڵتان توغرول، کوڕی محەمەد کوڕی مەلیکشای دەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەرسەلان لاوێکی منداڵکار بوو؛ بەنیازی ئەوە بوو بیکاتە دەسەڵاتداری عیراق؛ یان وەک ئێستا دەڵێن: داگیری بکا.

جەبەل حەمرینی کردەوە بە مەکۆی لەشکری خۆی و ئەمیر ئالبقوش کون خرپشی ڕەگەڵ کەوت کە ئەویش لە ئەمیرە گەورەکانی سەربە سەلجووقی بوو؛ لەشکرێکی زۆریشی دەگەڵ بوو. تورکمانیش لە هەموو لایەکەوە لێی کۆ بوونەوە و ئەوەندە لەشکر بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ کە ئەو دەشتە پانە هەر مونجی دەدا و تۆزی ئەو حەشاماتە بەری ئاسمانی گرتبوو.

خەلیفەی گەورە، ئەلموقتەزی لیئەمریللا هەر لە پێشدا تەواو

کارسازیی خۆی کردبوو، چاوەنۆڕی دەکردن. کاتێک کە زانییەوە وا بەرەو بەغدا دێن، بە لەشکری ساز و تەیار و زۆری خۆیەوە بۆیان لە بەغدا دەرکەوت؛ کوردە گاوانییەکانیش –کە سەرکردایەتییەکەیانی بە زیائەدین موهەلهەل کوڕی ئەبووعەسکەری گاوانی سپاردبوو– ئەو ڕۆژە بەشێک بوون لە لەشکری خەلیفە.

خەلیفە خۆی لە پێش لەشکرەوە دەهات و لە بەرازرووز (بەلەدرووز) لەشکربەزی کرد. هەردووک لەشکر لە نزیک گوندی بەجەمزی کە بەگمزیشی پێ دەڵێن و دوو فرسەخ لە باقووبەوە دوورە تووشی یەک هاتن و شەڕ قەوما.

چۆپەی لەشکری ئالبقوش –کە مەسعوودی بیلالیشی دەگەڵ بوو– پەلاماری ڕاستەی لەشکری ئەلموقتەزی لیئەمریللای دا کە ئەمیر موهەلهەلی گاوانیش تێکەڵ بەوێ کرابوو. ڕاستەی لەشکری خەلیفە شکا و شکانەکەشی بە جۆرێک بوو کە دوژمن دەناو شاری بەغدای کردنەوە و ئیبنولفەقیهی خەزنەدار کوژرا و گەنجینە بە تالان بران.

هۆی ئەم شکانەش ئەوە بوو کە عەرەبەکانی بەنی عەوف و ئەمیر هیندی کوردی گاوانی –کە دەناو لەشکری خەلیفەدا بوون– لە جەنگەی شەڕدا خۆیان دزیەوە و تەکیان دا بە تەکی سەلجووقیانەوە و لە خەلیفە هەڵگەڕانەوە.

ئەمجار خەلیفە هەر خودی خۆی دەگەڵ یووسفی جێنشیندا –کە لە دوایی بەناوی ئەلموستەنجیدوبیللا بووبووە خەلیفە– هێرشیان بردە سەر دوژمن و خەلیفە بە دەنگی بەرز بانگی کرد: هۆی بەرەی هاشم! دەشلێن گوتوویە: بەرەی موزەر! شەیتان درۆی کرد و هەڵات. ئەم ئایەتەشی خوێندەوە: وردَّ الله الَّذين كَفَروا بِغَيضهِمْ لَمْ ينالوا خَيْراً.



هەموو لەشکرەکە دەگەڵ خەلیفە هێرشیان هێنا و لەشکری سەلجووقییانیان شکاند و هەرچی کەلوپەل و بارخانەی سەلجووقییان بوو بەتایبەتی هەرچی لەلای تورکمانەکان بوو ئەو ڕۆژە هەمووی بەتالان دەست لەشکری خەلیفە کەوت[1].

خەلیفە لە شەڕی بەجمزیدا سەرکەوت. ئەمە واتا ئیتر حیللە بە بێ لاموجوم و ئەولائەولا کرا بە خەلاتی ئەمیر موهەلهەل کوڕی ئەبوو عەسکەری گاوانی و هۆزی گاوانیش لە حیللەدا بوونە گەورەی بەرەی ئەسەدی.

ئەمیر هیندیی گاوانی –کە لە جەنگەی شەڕدا خەلیفەی بەجێ هێشت– هەر ئەو ئەمیر هیندییە بوو کە ئیبنولوعەلیم شاعیری هورسی (هرپێ) لە هەڵبەستێکی خۆیدا پێی هەڵدەڵێ و دەڵێ:

وشیار بنەوە لکە نەرمەکانی داری ڕەند!
خەو هەتا کەی؟ شنەبای نەجد بزووت
بەسەر گوڵزاردا ڕابرد و لە بەیاندا هات
ڕای دەکێشا دوو پارچەی بۆنی خۆش و سەرما
کاتێ دەگەڵ سروەیەکی ئەو، دەستەملان بووم
وەک گرە گەڕایەوە، دڵداری ئازارێکی گیرۆیە
چەند سەیرە چاری دەردم لە شنەبا دەوێ
کەچی ئەو لە ئاگر هەر پۆلوو زیاد دەکا
لکی شلکی داری ڕامە دڵمی پێ ژێر دەکەمەوە

(١) اخبار الدولة السلجوقية لصدرالدين الحسيني، ل ١٢٩-١٣٣وزبدة النصرة (٢١٦-٢) چاپی میسر. کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٥٤٩ی ک.

هەرگیز نەمام جێگەی بەژنم بۆ ناگرێ
پرسیار لە هەوالآن دەکەم: کێم هەیە ئەگەر تێ بگا
دەنگدانەوەیەک یان بەخشش بکا بە وەرامێک
پێی دەوێ منیش بە دەنگ بگریم کۆترەکانی لەوا؟
ئەوەی لەلای لەوایە لەوە دوورە کە لای منە
چەندیان نێوانە والآ و دڵدار و شەو و بێدار و
خەوتوو، سرپۆش و ئاشکراکەر
چە زیانی هەیە ئەوانەی نەیانهێشت دیدەنییەک بکەم
ئەگەر خەیاڵیان بەڵێنی سەرلێدانێکم بداتێ
دوورکەوتنەوە نەماڵی (عەقیق) لەپاش ئەوان
ماڵە و نەڕۆژگاری خۆشی هۆبەش بە ڕۆژگار ماوە
ئاخ لە دووری! ئەگەر بەزەییتان بێتەوە
چە زیانی بۆم هەیە ئاخ هەڵکێشانم لە دووریم
دڵداریم نەئەو دەردی دڵدارییەم بۆ پێش لە من
گران هاتووە و نە دوای منیش چاو لە من دەکەن
خۆ خافڵاندنە ڕاوەستانمان لە کن شوێنەواران
گومڕاهیشە پرسیارمان لە بەردی ڕەق
ئەگەر باران هۆبەی ناهومێد کرد و دەست ڕژدی کرد کە
ڕووناکی بکاتەوە بە برووسکەی خۆی و تەڕاییی بداتێ
چاوم دەیدێرێ و پەراسووەکانم دەیهاوێنێ
بە لێزمەی باران و بریسکە و گرمەی هەور



چاوێکە هەور وشکاوی دادێ و ئەو هەر دادەڕژێنێ
دەڵێی پێڵوەکانی لەپی دەستی (هیندی)یە[1].

---

(١) ئەوانە ١٦ بەیتی عەرەبین و قەسیدەیە و قافیەی دال و دال و تێیە. یەکەم بەیتی ئاوایە:

تنبهي يا عذبات الرند
كم ذا الكرمى؟ هب نسيم نجد!

کراویشن بە شیعری کوردی و ئەوەیان لێ دەرچووە.

بێدار بەوە خەواڵوویی هەتا چەند
سروەی نەجد ڕادەژێنێ لکی ڕەند
پارچەی بەرامە ڕادەخا لە گوڵزار
نەرمونیان دەلەرێنێ چڵۆی دار
ویستم کە فێنک کا دڵەی بە تاسەم
گەرم بوو وەک گڕە بە بای هەناسەم
سەیرم هەیە چارەم لە با گەرەک بێ
گڕ خۆش دەبێ ئاگر شنەی لە تەک بێ
نەمامی شەنگ بالآت وەبیر دەهێنێ
جگە لە بەژنت کوانێ خەم ڕوێنێ
پرسیار دەکەم لە ماڵ و دەشت و چۆڵان
هەمیشە بێ وەرام دەبن کلۆڵان
وا کۆترە باریکەش بە سۆز دەناڵن
کوا وەک یەکین؟ ئەوان لە چاو مە کاڵن
چۆن دەبنە یەک بە خۆنەزان و دڵدار
ڕازدار و زۆر بڵێ و دەبەنگ و بێدار
ئەگەر ڕێشیان نەدامێ بێمە ماڵت
ئاواتمە بێتە ژوانمەوە خەیاڵت =

له ساڵی ٥٥٢ی ک. دا سوڵتان محەمەد کوڕی مەحموودی سەلجووقی -کە لە پێشدا باسمان کرد- دەوری بەغدای گرت و خەلیفە موقتەفی بیللاش لە بەغدا بوو.

لەشکری هەردووک لا زۆر بە ئامادەیی و پڕچەکی خۆیان لە یەکتر سازدابوو. ئەو شەڕە دەتوانین بڵێین شەڕێکی سنووردانەر و نێوانبڕ بوو. ئەنجامەکەی ئەوە بوو ئیتر دەوڵەتی عەبباسی لە چنگ سەلجووقییەکان ڕزگاری بوو؛ کە نزیکەی نیوەچەرخێک بوو وەک مۆتە چۆکیان لەسەر سنگی دادابوو.

هەروەها لەپاش بنەهێنانی ئەو دەسەڵاتە پڕ زۆرداری و ملهوڕی و لاسارییە، عیراقێکی ئازاد و سەربەخۆ هاتە ڕووی کار. خۆ بەتایبەتی

= ئەو ماڵی تۆی تێیدا نەمای ڕماوە
دڵخۆشیی ڕۆژانی بەرێم نەماوە
بۆ چاری جەرگی پڕبرین و ئێشم
لە دووریی تۆ هەناسە هەڵدەکێشم
دڵم بەوەندە خۆشە زۆرە هاودەرد
هەمیشە بوون هەناسەسەرد و ڕەنگزەرد
کۆنەهەوار نابن بە چاری دەردان
گومڕاهییە پرسیار لە وشکەبەردان
ئەگەر هەور دای نەباراند بە لووزەو
ئەگەر برووسکە ڕوون نەکا دڵی شەو
گلێنەکەم وەکو هەور نمینە
ئاهی دڵم برووسکەیە و بەتینە
هەور چییە؟ چاوم بە ڕێژنە و باران
وەک لەپی (هیندی) وایە بۆ هەژاران



کە کوردە گاوانییەکانیش لاگری خەلیفە بوون و لە بردنەوەی شەڕەکەدا زۆر کاریگەر بوون.

لە مێژوودا بەرچاوم کەوتووە دەڵێ: لەو کاتەدا کە بەنووعەوف ئەوانەی ڕۆژی شەڕەکەی (بەگمزی) لە خەلیفە هەڵگەڕانەوە- و بەر لەوانیش ئەمیر عەلی دەبیس و ئەمیر حەسەنی موزتەریبی ئامۆزای ئەمیر عەلیی دژی خەلیفە خۆیان دابووە لای سەلجووقییانەوە، ئەو ڕۆژە زیائەدین موهەلهەل کوڕی ئەبووعەسکەر، لە ژێر ئاڵای خەلیفەدا دەجەنگی و هەواڵی عەبباسییان بوو.

ئەلموقتەفی لیئەمریللا لەو شەڕەدا میر حەسەنی ناوبراو و مازیی برای میرحەسەن و کۆمەڵێکی زۆری لە پیاوە گەورەکانی بەنووئەسەدی بەدیل گرت. میر حەسەنی هێنا لە بەرانبەر لەشکری سوڵتانەوە بە داربادەوەی کەشتییەوە هەڵواسی بۆ ئەوە کە دوژمنەکانی پێ چاوترسێن بکا. میر موهەلهەلیش بە لەشکرەوە بەرەو حیللە ڕۆیشت کە نەهێڵێ لەشکری سوڵتان بگەنە حیللە و داگیری بکەن؛ کەچی هەتا ئەو گەیشتێ ، دیتی کەوا لەشکری بەنوو عەوف داگیریان کردووە[(١)]. ئەمە قسەی ئەبوولفەتح کوڕی جەوزیە.

ئیبنو ئەسیر لە کاملدا دەڵێ: چووە حیللە و ئەستاندی. ڕەنگە ئەمەش کەموکووڕیی هەبێ.

مێژووی یەکەم واتا ئەوەکەی کوڕی جەوزی نادرکێنێ کە ئەمیر موهەلهەل بەرەو حیللە چووە، چی کردووە؟ نەدەڵێ بەگژ بەنوو عەوفدا چووە، نەدەشڵێ گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا بۆ لای خەلیفە ئەلموقتەفی

(١) مێژووی دەوڵەتی سەلجووقی، نووسینی حوسەینی (١٣٤-١٤١) و المنتظم، (١٧٦/١٦٨/١)، زبدةالنصرة، ٢٢٦-٢٣٣ و کامل، ڕووداوەی ساڵی ٥٥١ی ک.

لیئەمریلا و پارێزگاریی لە بەغدا کردووە! من خۆم ئەم پارچەیەی دوایی بەڕاست دەزانم؛ چونکە لەم بێ دەنگییە هەر ئەوەندە هەڵدەکرێنرێ.

هەرچۆنێک بووبێ پوختەکەی ئەمەیە: لەسەر گفت و بەڵێنی خەلیفە ئەلموقتەفی لیئەمریللا، مەزنایەتیی حیللە کراوەتە خەڵاتی ئەمیر موهەلهەلی گاوانی و بەنوو ئەسەدیان لە حیللە بەشبڕاو و دەم لە پووش کردووە. ئەمەش لە سزای ئەوەدا بوو کە بەنوو ئەسەد بە تەگبیر و بە شمشیر خۆیان کردبووە پیاوی سەلجووقییەکان و هەمیشە لە دژی دەوڵەتی عەرەبی بەرەی عەبباسییان لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچاندا بوون. جا سەرەڕای ئەوەش کە لە حیللەیان دەرپەڕاندن، لە هەموو سەرزەمینی ژێر دەستی عەبباسییاندا جێگەیان پێ لێژ کرا و لە هەموو لایەک هەر دەریان دەکردن و جێ نەبوو وەخۆیان بگرێ.

وەک لە پێشدا گوتم نەدەبوو پشتی خەلیفەی عەرەبی هاوڕەگەزی خۆیان بەردابا؛ کە بۆ دواڕۆژیشیان هەر ئەو لە خەڵکی تر بۆیان باشتر دەبوو. خەلیفە لەو کەسانەش نەبوو لەسەر شیعایەتی ڕکیان لێ هەڵگرێ و بەهۆی کێشەی ئاینییەوە تووشی گێرە و قەرقەشیان بکا و جەزرەبەیان بدا؛ تا بلێین بۆیە هارووژابوون و لە دەلینگی ڕۆ دەهاتن. بەڵام هەروەک لە بەرێدا گوتم: ناکرێ چاکە و خراپە لێک هەڵوەژێرێ. سەردەمایەکی زۆر بوو کە خەلیفەکانی عەبباسی بووبوونە شافیعی مەزهەب و لە ڕچەی ئاینیشدا دەگەڵ گاوانییەکاندا یەکتریان گرتبوو.

لەو ڕۆژگارەدا کە ئەمیر موهەلهەل کوڕی ئەبوو عەسکەری گاوانی مەزنایەتیی حیللەی دەکرد، حەیسە بەیسەی شاعیر –ئەوەی گوتمان



شیعری بەسەر عەنتەری برای موهەلهەلدا هەڵدابوو، لە کۆنیشەوە دۆستایەتیی دەگەڵ موهەلهەلدا هەر هەبوو– هاتە حیللە و حەواڵەنامەیەکی هێنابووە سەر دەستەبەری پیتاکی حیللە (واتا ئەوەی باجی حیللەی کۆ دەکردەوە)، شاعیر پسوولەکەی بە پیاوێکی خۆیدا ناردە لای کابرای باج ئەستێن. کابرا جوابی پیاوەکەی نەدایەوە و قسەی سووکیشی خستە پارسەنگی مامۆستایەوە.

حەیسە بەیسە چووە لای موهەلهەل و شکاتی لێ کرد. موهەلهەل گوتی هێندێک کۆیلەی خۆمت دەگەڵ دەنێرم یاریدەت بکەن و ئەو پارەت بۆ بستێنن. شاعیر لەو وەڵامە دڵی ئاوی نەخواردەوە، نامەیەکی پڕ لە گلە و گازندەی بۆ موهەلهەل نارد و دەڵێ: من نەمدەزانی دۆستایەتی و خۆشەویستیی چەند ساڵە هەر ئەوەندە لە دڵدا جێگیر دەبێ. من لام وابوو ئەگەر لەشکرێکی گەورە و گران مێشەی چەمێکم لێ وشک بکا، هەموو کوڕە– کوڕەی مل ئەستووری بەرەی ئەبوو عەسکەر دەهاوارمەوە دێن؛ چ جایی کە دەگەڵ سەرکاری بازاڕۆکێک و دەستەبەری حیللۆکییەک و گزیری جەغزۆکێکم لێ بقەومێ!؟ هەموو لێ پرسینەوەی شکایەتیشم هەر ئەوەندە بێ، پیاوێک بنێری گلەیی لێ بکا و مافی ڕەوای منی لێ بستێنێ؟ نە بەخوا...

شێر کە تەنگاو کرا دەمی ڕاوێ
خوێن و لاشەی دەوێ و شەڕەی ناوێ

سوێندەکە بە خودا و پێغەمبەر و بە کەس و کاری پێغەمبەر، ئەگەر تۆڵەیەکی وام بۆ نەکەیتەوە کە ژنانی حیللە لە زەماوەند و ماتەمدا بە داستانی بگێڕنەوە، لەو حیللەیەتدا نامێنم و نزیکت ناکەوم؛ ئەگەر شەویشم لەبن پرد و ئاوباراندا ڕۆژ کردبێتەوە. وام دانا کە ئاژەڵی تێر

گۆشتم لە دەست دەچێ. خۆ تەمیمایەتیم لە دەست ناچێ. ئای لەو سووکایەتییە! ئای لەو ڕیسوابوونە! ئیتر دروود.

دەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانی ئەمیر موهەلهەل پڕیەتی لە هونەرمەندی و مەردی و ڕەندی، کەچی تا وێستا مێژووی مردنیم لە هیچ کتێبێکدا بەرچاو نەکەوتووە! ئەمەش نموونەی کەموکووڕیی کتێبە مێژووییەکانمانە. گومان لەوەدا نییە لەپاشساڵی ٥٥٣ی ک. مردووە؛ چونکە ئابڵۆقەدانەکەی بەغدا ساڵی ٥٥٢ی ک. بووە. ساڵکێمان بۆیە خستە سەر کە وامان دانا لەو ساڵەدا فەرمانڕەوای حیللە بووبێ و حەیسەبەیسەی شاعیر چاوی پێ کەوتبێ.

یەکێکی تر لەو ئەمیرە گاوانییانە –کە لەو ڕۆژگارەدا لە حیللە هەڵکەوتوون– ئەمیر ئەبولهەیجا عەبدوڵڵا کوڕی حارس وەرام بووە.

جەمالەدین شەرەفولکوتاب کوڕی جیای حیللی، شاعیر و نووسەر، بە هەڵبەست پەسندی ئەو ئەمیرە دەدا و ئەوساش ئەو ئەمیرە مێرمنداڵ بووە. لە پاشکۆی پارچەی یەکەمی مێژووی بەغدادا کە ناوی (المختصر المحتاج الیه من تأریخ بغداد)ە و ساڵی ١٩٥١ی ز. نووسیومە، لە پەراوێزەکەیدا گوتوومە: ئەبولهەیجا عەبدوڵڵا لەو ئەمیرە وەرامییە کوردانەیە کە بوونەتە عەرەب و دەگەڵ بەنوو ئەسەددا لە حیللە ژیاون. هەڵبەستەکە لە شیعرە عەرەبییە جێ چاکەکانە. ئەگەرچی باسی دڵداریی تێدایە، زۆربەی شیعرەکان بە هاسانی دەزاندرێن و ئەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە حیللە لەو ڕۆژگارەدا برەوی بە شیعری عەرەبی داوە:

شەو ڕەوی کرد لەسەرخۆ تارماییی خەیاڵی خەو ڕەوی و
هارووژا ئەوین لە دڵدارێکی بە تاسەوە



هەنگاوی نا بەرەو ئێمە لە دوورەوە، لە نێوانیشماندا
ڕەملی دەشتانە لە سەر هەردی ڕاستی کاکی بە کاکی
بە شەوێکی ئەوەندە ڕەش دەهات دەتگوت ئەستێرەکانی
پڵیتەن و دایسێن لە ناو شووشەی هەڵواسراودا
خۆی گەیاندە سەر جێگەم و کاروانیش لەو لامەوە دەتگوت
خەیاڵم لە تارماییی ئەو کیژە ڕژدە کردەوە، لە من وابوو
لە نزیک بارمەوەیە لەو تاریکییە خەو پەڕێنەدا
نزیکییەکەی خەوی لێ زڕاندم، کەچی نەشبوو
جگە لە خەونی دڵ ئاوارەیەکی بەندکراو...
وەها دیلی دڵدارییە گۆشتی لێ داماڵراوە
بۆ هەناسەدانیشی کڕ کڕەیان گرتووە
ئەگەر گلەییان کرد دڵداران لە ئەوینی بە تین و ژان،
هەرچی ئەوان گلەییی لێ دەکەن کەمێکە لەوەی تووشی بووە
سەرەڕای ئەوەش ئەگەر ئاواتی گەڕانەوەیەکی نەبووایە
کە لە سوعدای نزیک دەکاتەوە، هەر نەدەما
ڕوانیم و هەمە گلێنە چاوێکی زۆر پڕ ئاو
کەنگی گەرمایی دای دۆشێ بناو دەبێ
بۆ نیشانەیەک لە ماڵی سوعدا زۆر تامەزرۆ بووم
هەرکەس شوێنەواری دڵداری ببینێ بە تاسە دەبێ
مامەوە، دەتگوت لە کن جێ هەوارەکەی وێستاوم
لێشم دراوە بە دەمە شیری تیژکراوی تازە ساو
بەر لە جیابوونەوە دەگریام
چونکە دەمزانی لێک دابڕان چم بەسەر دێنێ

ئاخۆ بەهرەم دەدا کە نێوانی من و ئەو وا دوورە–
گەڕانی فرمێسکی گلێنەی ئاو تێتزاو
تۆزاوی وەک شیر ماندوو بووە لە شەوڕەوی و
بڕینی دەشتان و چین چین ئارەق ڕشتن
لە زمانەوە دیار دەدا ملی خوار دەکاتەوە
پاشماوەی دواخەوی چاو لێڵکەر
خەوم لێ ڕەواند بە پەسندی برای بەرزیەتی
ئەبوولهەیج خاوەنی گەورەیی کەونارای ڕەگدار
شیری برندەی لەشکران، شانازییی دەوڵەتی هاشم
هاوسوێندی چاوپۆشی و بەخششی بە لووزەو
لاوی هانایانە و بەوەوە باوکی چاکی
ئەوەندە سەربەرزە، بە سەر ئاسماندا دەسووڕێتەوە
لەسەر ڕوخساری تیشکی ڕابەری و لە دەستیدا
کلیلی دەرگای نەدیاری داخراو
ئەگەر دەرگای دەکرێنەوە وا خەیاڵ دەکەی
لە ڕووی وەک مانگی چاردەی هەڵاتوو کراونەوە
ئەگەر تەنگانە دووچاری پیاوان دێ و بڕیارەکانی
ئەوی دەگاتێ هەموو تەنگانەیەک دەبێتە فەرحانی
ماڵەکەی تالانی دەکەن گەدایان و بۆ ناموس
تا بیپارێزی، بە ڕمب لە هەموو لەشکرێک دەدا
کۆکەرەوەی هەموو بڵاوێکی چاکە و بردوویەتەوە
هەمیشە و بڵاوکەرەوەی کۆی ماڵیشە
هێشتا هەر لاوە و لە چالاکیدا باڵایە



بۆ یاریدەی باپیری کوشایەکی دڵسۆزە
دیار دەدا لە شان و باهۆیەوە نیشانەی بەرزی
وەک بریسکانی شەرم لە ڕوومەتی درەوشاو
لەو پیاوە گەورانەیە دنیای داگرتووە
چاکەی ئەوان لە هەموو ڕۆژاوا و خۆرهەڵات
ئەگەر شانازی دەکەن شانازی بە تێکەڵوپێکەڵ ناکەن
ڕەسەنێکی بۆ سوودی خزمان بە خۆیانەوە نووساندبێ
هەر خۆیان مەبەستی هەرە بەرزن جگە لەوان کێ ڕاکا
بۆ ئامانجێک لە مەیدانی گەورەییدا وەپێشی دەکەون
ئەگەر بڵندایی و گەورەیی ڕێگەی سەرکەوتنیان ببەسرێ
هیچ پێ هەڵگەڕێک لە ناو خەڵک نەتوانێ پێ هەڵگەڕێ
عەبدوڵڵا پێ هەڵدەگەڕێ و نیشە
کە لەو بارەوە ملەی دەگەڵ بکا جگە لە نەزان
خۆش بێ بۆ تۆ: کوڕی حارس نیوەڕۆخە و لە دەشت
دراوی گوڵان ڕووناهییان لێڵ نەبووە
هەتا نیازم کرد زۆر بچمە ناو سنووری پەستی تۆوە
بێ دەسەڵاتی پێم دەڵێ بەزەییت بێ
با زۆریشی لەسەر برۆم ناگەمە ئەوپەڕی
بە پێ هەڵگوتن یان بە نووسینی قسەی بەجێ
بزانە بەرگی ئاکاری چاک لەبەر ئێوەدا
پارێزگارە لەسەر لەشتان و شڕ نابێ
باوەڕیتان پەرژینی لێ دەکا و گەشەی پێ دەدا
سووربوونتان لەسەر تازەکردنە بە زیادییەکی ڕەونەقدارەوە

ئاکاری چاکەت هەیە و بۆ تۆ سروشتییە
ڕەوشتی ئینسان دەگەڵ ئەوەدا کە بەسەر خۆیدا دێنێ جیایە
ئەگەر بەخششی بە ڕێژەوی تۆ ببتە نایبی شەرم
بێ ئیحتیاجمان دەکا لە داڕژێنی بارانی بە لووزەو
گوتنی پەسندی ئێوە لەوانە نییە عەیبدارم کا
ئەگەر هێندێک زمانلووسی قسەیان گنخاندوون
بەڵام بە گوتنی ڕاست بە ئێوەم هەڵگوتووە
کەسێک لە ڕاست بگەڕێ ڕاست دەبێژێ
ئەگەر بیگەمێ ئەوەی ئاواتمە لە دۆستیتان و
لە پەسنددانتان ئەی کوڕی بەخشندان! دەبمە داهێنەر
لە بەرانبەر ویستمدا پەردەیەک نییە بمگێڕێتەوە
دەرگایەکیش نییە لە ڕووی چاکە داخرابێ
من ئەگەر دەستم کەوێ خۆشەویستی لە ئێوە
هەر ئەوەندەم بەسە چونکە زۆر سەرکەوتووم[١]

---

(١) ئەو شیعرانە چل و سێ بەیتن. قافیەیان قافە و قەسیدەکە بەم شێوە دەس پێ دەکا:

سري موهناً طيف الخيال المؤرق
فهاج الهوى من مغرم القلب شفق

مانای وشە بە وشەشمان بە پەخشان نووسییەوە و کراونەتە شیعری کوردیش و ئاوان:

خاو خاو خەیاڵی بێ خەو تارمایی بووبووە شەوڕۆ
ئەڤین سەری دەرانی لە ناو دڵێکی پڕ سۆ
مەودای نێوان هەراو و دەشتی کاکی بە کاکی
خشپەم دەهاتە بەر گوێ لە نەرمە ڕەمل و خاکی



لەم ڕۆژگارەشدا ناوی ئەمیرێکی گەورەی تر لە هۆزی گاوان هاتە

---

= ئەستێرە لەو شەوی ڕەش هێند گەش و لەبەر چاون
وەک پڵیتی بە گڵپە لە ناو شووشە خراون
کاروانییەکانی هاوڕێم هێند شەکەت و خامۆشن
وەک بادەخۆرەوەی خەست هەموومەست وسەرخۆشن
تارماییی ئەو کچۆڵە وا دەوری دڵمی دابوو
پێم وابوو لەو شەوەیدا هەر خۆی دەگەڵ مندا بوو
لە خۆشیی ئەو خەیاڵە خەوم لە چاو زڕا بوو
کەچی ئەویش خەون بوو دڵ پێی بادی هەوا بوو
وا دیلی دەستی یارە ئەوەند کز و زەبوونە
ئاهێکی بۆ نەماوە ژیانی سەرەونخوونە
ئەگەر دڵداری دیکە دەردی دڵیان گەلێکە
هەرچی بەسەر ئەوان هات لە دەردی من پەلێکە
ئەگەر هومێدی نەبوا ئێستا دەبا نەژیبا
بەنیازە جارەکی دی سۆدای بە چاو بدیبا
بۆ شوێنەواری ماڵی سوعدا ئەوەند بە تاسەم
وەکو گڕەی بەسۆزە تەپومژی هەناسەم
لە دیاری کۆنەواری وێستام بەبێ قەراری
دەڵێی بە تیر و شیران لێمن برینی کاری
لە ڕۆژی لێکبڕاندا گریام بە تاوی باران
دەردێکی زۆر بەژانە لێک هەڵبڕانی یاران
هەر ساتێ هەوری پێڵو بارانە دادەڕێژێ
لافاوی دەمڕەتێنێ دەمخاتە سووڕ و گێژێ
بێ بەهرەیە گرین و هاوار و شین و زاری
بۆ هەڵوەدای وەکو من وا دوور لە چاوی یاری
لە شەوگەڕی وەڕەز بوون تۆز و غوماری ڕێگەش
سەرباری بارە باران ڕژانی ئارەقەی ڕەش

بەرچاوان کە ئەویش قەسیمودەولە نازناوێکی زلە– تەغلەبی گاوانییە.

= بە سەرکزی و زەبوونی ناسراوی هۆز و خێلم
خەویشی تێ شکاوە چاوی پرووش و لێلم
خەوم ڕەواند بە پەسنی بولهەیج ئەمیری گەورە
چەند پشتی خانەدان و جێ بەرز و سایە چەورە
بەرەی کوڕانی هاشم بەو میرەوە دەنازن
گەلێ کلۆڵ و داماو یاریدە لەو دەخوازن
لاوچاکە ژیرە، پاکە چالاکە مەرد و ڕەندە
باوکێکی ئەو کوڕەی بێ زۆر شاد و سەربڵندە
دەرگای هومێد و ئاوات ئەگەر گرێ درابن
ڕێگەی نیاز و داخواز لە ڕووی خەڵک بڕابن
دەسی ئەوی بگاتێ دەکرێنەوە بە خۆشی
تیشکێ لە ڕووی بداتێ دەڕۆن کزی و پەرۆشی
ڕوخساری مانگی چاردە لە ئاسۆی لاوەتیدا
ناشێ کەسی بگاتێ لەباری پیاوەتیدا
بۆ ئابڕوو لە شەڕدا دەبڕێ سەری هەزاران
سامان و ماڵی دنیای تالان دەکەن هەژاران
هەرچی ڕند و پەسندە لەلای ئەو کۆ کراوە
کۆی ماڵ و زێڕ و زێوان لە دەستی ئەو بڵاوە
هەرچەند تەمەن کەمیشە بەڵام بە بیر و ژیری
بلیمەتێکە بوویتە ڕاوێژکەری باپیری
شان و شکۆی بڵندی لە دیمەنی دیارە
با هۆزەکەی بنازێ بەو لاوە شۆڕە سوارە
ئەو هۆزی ناوی دەرکرد لەم سەرزەمینە پانە
دڵخۆش و سەربڵندە هەرکەس کە سەر بەوانە
خۆیان بنیچە پاکن هونەروەرن بەڕێزن
لە فێڵکەری ڕەگەزدز گەلێک بە قێز و بێزن =





(إبن الفوطي) دەڵێ: لە دەفتەری یاداشتی وەزیر موئەیدەدین ئەبوو

= کێ بێ لە ڕووی ئەواندا بتوانێ خۆی نیشان دا
ئەو گێلیی خۆی نیشان دا بەجێ ما لە مەیداندا
ئەگەر لە ڕژد و ماهێک سەربەرزیی خۆی وەشێرێ
پێ هەڵگەڕان و چوونیش دژوار بێ کەس نەوێرێ
ئەو میری گەنجی بێباک دەچێت و دەیشیهێنێ
جگە لەویش هەموو کەس لە ڕێ بەجێ دەمێنێ
هەر خۆش بێ لاوی ڕووگوڵ خەوت لە ناو گوڵاندا
نەمامی شلک و پاراو لە ناو هۆزی گاواندا
مەردایەتی و نەبەردیت بە شیرەوە مژیوە
سروشتییە و دەگەڵتە نەتخواست و نەتدزیوە
هەرچەند دەخۆم دەنوسێم پێت هەڵبڵێم وەکوو هەی
زمانی نارەوانم دەنگم دەدا کە نەیکەی!
بۆ پەسنی ئێوە یەکجار بێ هێز و دەستەڵاتم
هەرچەندی دەگژی ڕاچووم دەرۆستی هەر نەهاتم
ئاکاری چاکی ئێوە بە چەشنێ دەوری داون
لە باسی کەم لە زۆری بنووس و دەم ساون
ئەگەر لە ئێوە بدوێم خۆم بەختەوەر دەزانم
بەگفتی ڕاست و پاراو پاراو دەکەم زمانم
لە باس و خواسی تۆدا پیاو هەر بە ڕاستەکاری
پەسندەری تۆ هەرگیز تۆش نایە شەرمەزاری
درۆکەر و زمانلووس بۆ دەرکی ئێوە نابن
بازاڕ کەساد و لاتن بەدبەخت و ماڵ خەرابن
لەجیاتی شەرمی ئێمە دەست و دڵی گوشادت
ئەگەر لە کاتی بەخشش ئێمەش بخاتە یادت
ئەوسامە سەربڵند و چاوتێر لە کۆڕی یاران
گەمەی دەکەم بە چەنگی قوچاوی تاوی باران =

تالب محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلقەمیدا خوێندمەوە لە هەیبەتوڵڵا کوڕی نەما و ئەویش لە سەید تەقیی شەمسەددین ئەبوو تالیب کوڕی ئوسامەی عەلەوی دەگێڕێتەوە کە گوتوویە لە ماڵی ئەمیر قەسیمودەولەی تەغلەب گاوانیدا بۆیان خوێندومەتەوە[١].

ئەوی لەو باس و خواسەم هەڵکڕاند ئەمە بوو کە هەیبەتوڵڵا ی کوڕی نەمای حیللی قسەگێڕەوەی بە ناوبانگ، شتێکی لە سەید شەمسەدین کوڕی ئەبووتالیبەوە گێڕاوەتەوە. شتەکەش لە وێنەگرتنی دەسنووسەکەدا لەناو چووە. ئەمەش لە ماڵی ئەمیر قەسیمودەلەی تەغلەبی گاوانیدا بووە. ئەبوو تالیبی کوڕی ئوسامەش، محەمەدی کوڕی عەبدولحەمید کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئوسامەی عەلەوییە و خەڵکی کووفەیە و وێژەوانێکی قسە ڕەوان و ڕەگەزناسێکی پسپۆڕ و لێزان بووە. ئیبنونەجار دەڵێ: هاتە بەغدایە؛ باسی هێندێک لە شیعرەکانی کردووە. دەشڵێ: ساڵی ٥٩٩ی ک. هاتووەتە دنیاوە[١]. بەڵام ناڵێ کەنگێ مردووە. واتا خەڵکی چەرخی شەشەم بووە و گومانیش لەوەدا نییە کە ئەمیر تەغلەب ماڵی لە حیللە بووە.

هەروەها لە هۆزی گاوانی وەرامیدا، ئەبووحوسەین وەرام کوڕی ئەبوفەراس عیسا کوڕی ئەبوونەجم بە پیاوچاک بەناوبانگ بووە. خاوەنی (الروضات) لەو بارەوە دەڵێ: ئەمیری تەرکەدنیا

ئاواتی من بەجێ بێ ئەمجارە لێم بڕۆنە
= بۆ پەسنی تۆ بزانە زمان و دەستم چۆنە؟
گەر خۆشەویستیی ئێوە لە دەوری خۆم ببینم
تیراو و پڕ گەڵایە و بەرداره داری ژینم

(١) تلخيص معجم الالقاب، ٤/ ,٣٠٥

(١) الوافی بالوفيات، ٣/ ,٢١٩



ئەبوولحوسەین وەرام کوڕی ئەبووفەڕاس لە نەتەوەی مالیکی ئەشتەری نەخەعییە؛ کە مالیک هەواڵی سەرداری موسووڵمانان، ئیمام عەلی کوڕی ئەبووتاڵیبە. ئەبوولحوسەین لە ئاین شارەزایە و زانایەکی پایەبەرزە. دەشبێتە بابی دایکی سەید ڕەزیەدین عەلی کوڕی تاوس. ئەبوولحوسەین کتێبی (تنبيه الخواطر و نزهة النواظر)ی داناوە؛ کتێبێکی باشە بەڵام لەڕ و قەڵەوی تێدا لێک داوە. هەر دەربارەی ئەو ئەبوولحوسەینەوە قسەی خاوەنی (صحيفةالصفا)ش دەگێڕێتەوە کە گوتوویە: «وەرام کوڕی ئەبوو فەراس عیسا کوڕی ئەبوونەجم کوڕی حوسەینی نەخەعی، ئەشتەری حللییە»، هەروەها لە سەری دەڕوا و دەڵێ: ئەبونەجمی ناوبراو کوڕی حەمدان کوڕی خەولان کوڕی ئیبراهیم کوڕی مالیکی ئەشتەرە. کتێبەکەش باسی تەرکەدنیایی و ئامۆژگارییە و زۆریش خۆش و بەناوبانگە و گەلێک فەرموودەی پێغەمبەر و فەرمایشتی خزمانی پێغەمبەر و پاکان و زنایانی دەربارەی زانست و ئامۆژگاریی باشەوە تێدایە. بەڵام زۆربەیان لەوانەن کە دەماودەم هاتوون و لەسەر پەڕەکاغەزان نووسراوە و شتی وای کەوتووەتە ناو کە جێگەی باوەڕ نین.

لەم پلار پیادانە نیازی ئەوەیە کە لە دەمی زۆر کەسەوە وەرگیراون و هەموو سەرچاوەکان شیعە نەبوون.

(إبن الساعي) لە باسی ئەوانەدا کە ساڵی ٦٠٥ی ک. مردوون دەڵێ: ئەبوولحەسەن[١] وەرام کوڕی ئەبووفەراسی حیللی شێخێکی تەرکەدنیا و نوێژ و ڕۆژوو پاک بوو. ئەو پیاوە لە پێشدا سەربازێک بوو؛ لە ڕێگەی ڕاستی لادابوو. خوای گەورە ڕێگەی تۆبە و پەشیمانبوونەوەی نیشان دا. دەستی لە ئاکاری پێشووی هەڵگرت و

(١) لە باسەکانی پێشوودا بە ئەبوولحەسەین ناوبراوە.

بەردەرگای خوای گەورە و گرانی بەرنەدا و لەسەر چاکەکردن و خواپەرستی و قورعان خوێندن و ڕۆژوو گرتن و زیادە نوێژکردن، کروشمەی کرد و لە ئەنجامدا خەڵک بە پیاوچاکیان زانی و پیاوی گەورەش بۆ ودم و پیرۆزی دەچوونە خزمەتی. ڕۆژی هەینی دووەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی... کۆچی دوایی کرد و بردیانە کووفە و لە گۆڕستانی ئیمام عەلی –دروودی خوای لێ بێ– نێژرا[١].

مونتەخەبەدین عەلی کوڕی عوبەیدوڵڵا کوڕی بابوویە لە فەهرەستی ڕیزی پیاوانی سەرناسدا دەڵێ: ئەمیری تەرکەدنیا، ئەبوولحەسەن وەرام کوڕی ئەبوو فەراس –کە لە حیللە بوو– لە نەتەوەی مالیک کوڕی حارسی ئەشتەری نەخەعی، دۆستی ئەمیرولمۆئمینین عەلی کوڕی ئەبووتالیبە. ئاینزانێکی پیاوچاک بوو؛ لە حیللە چاوم پێ کەوت و وەک بیستبووم وابوو. لە شاری حیللە لەلای شێخمان ئیمام سەدیدەین مەحموودی حەمسی خوێندوویەتی و هەر ئەویش پێی گەیاندووە[٢].

ئیبنوئەسیر لە ڕووداوەکانی ساڵی ٦٠٥ی ک. دا دەڵێ: ئەمساڵ لە دووەم ڕۆژی مانگی موحەڕەمدا ئەبوولحەسەن وەرامی تەرکەدنیا، کوڕی ئەبووفەراس لە حیللەی سەیفییە مرد. هەر حیللەییش بوو؛ پیاوچاکیش بوو[٣].

کتێبەکەی ئەبوولحەسەن لە (کشف الظنون)دا ناوی نەهێناوە؛ بەڵام ئیسماعیل پاشای بابانی لە کتێبەکەی خۆیدا کە (المصباح المکنون في الذیل علی کشف الظنون)ی ناوە دەڵێ: (تنبیه الخواطر ونزهة النواظر) نووسراوی وەرام کوڕی ئەبوو فەراس (؟!) عیسا کوڕی مالیکی

(١) الجامع المختصر، ٩/٢٧١–٧.

(٢) بحارالأنوار، ٢٥/, ١٣

(٣) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦٠٥ی ک.



ئەشتەری حیللی شیعە(؟!) لە دەوری ساڵی ٦٠٠ (؟!) مردووە[١].

قسەی خۆمان بێ: ئەمیر وەرام ئەگەر ناوەکەیشی بکەینە عەرەبی، هێشتا وەک ئیسماعیل پاشا فەرمایشتی کردووە– شیعە نەبووە. ئەویش وێڕای کوردە گاوانییەکان شافیعی بووە؛ بەهۆی ژیانگە و پەروەرشتییەوە خزمەکانی پێغەمبەری زۆر خۆش ویستووە. چونکە سەیدە تاوسییەکانی حیللەی وەک ڕەزیەدین و ئی دیکەش خوارزای بوون، بۆیە لە کتێبەکانی شیعەدا نووسراوە و ڕێزیشی لێ گیراوە. ئەگینا ئەوا دیمان کە زانایەکی شیعە دەڵێ: کتێبەکەی پڕە لە لاواز و تیرگۆشت و شتی وای تێ خراوە کە لە کن شیعەمەزەبان برەوی نییە. ڕەنگە ئیسماعیل پاشا هەر بۆیەی بە شیعە زانیبێ، چونکە مونتەجەبودین کوڕی بابوویەی ناوبراو لە کتێبەکەی خۆیدا لە ڕیزی پیاوانی سەرناسدا ناوی هێناوە. ئەمەش نابێتە بەڵگە. هەر ئەو مونتەجەبودینە باسی فەخری ڕازییشی کردووە کەچی فەخری ڕازی لە پیاوە ناسراوەکانی شافیعی و لە پێشەوا گەورەکانیانە.

لە باسی ژیانی وەرامی تەرکەدنیادا شتێکی نوێ لە مێژووی کوردە گاوانییە وەرامییەکاندا دێتە بەرچاو: وا دیارە خۆیان لە ڕەگەزی کورد دزیوەتەوە و بنەچەی خۆیان بە ئیبراهیم کوڕی مالیکی ئەشتەرەوە پیلۆز کردووە و کوردیان بە مالیک گۆڕیوەتەوە! وەک (الروضات) باسی دەکا. بۆ کەڵک و ڕیشەی ئەم ڕەسەنە تازە ئیجادەشیان هەر بۆیە بەو ئیبراهیمەوە نووسان، چونکە ئیبراهیم و مالیکی باوکی، شیعەی بەرەی ئەبووتالیب بوون. بەم ڕەسەن سازییە خۆیان گەیاندووەتەوە ئەو عەرەبە جێ گەورانەی کە بە ئاواتەوە بوون خزمیان بان. جا وەنەبێ هەر ئەوان وایان کردبێ. کوردی تریش زۆریان

(١) تنبیه الخواطر،ساڵی١٣٠٣ی ک. بەناوی کۆمەڵەی شێخ وەرام، لەتاران چاپ کراوە.

ڕەگەزگۆرکێیان کردووە. برێکیان خۆیان کردووتە نەوەی ئیمام عوسمان کوڕی عەففان؛ دەستەیەکیان بنەچەی خۆیان بە سەر خالیدی کوڕی وەلیدا بڕیوە؛ کۆمەڵێکیان ڕەسەنی خۆیان بە ڕیسمانی ڕەگەزی عەبباسییانەوە گرێ داوە. ئاهۆی ئەو ڕەگەز داتاشینە لە ناو عەرەبیشدا بووە: کچەزای ئیبنوولجەوزی کە باسی وەزیری گەورە عەونەدین کوڕی هوبەیرە دەکا دەڵێ: هێندێک لە زانایان کە یەک لەوانە محەمەد کوڕی دەبیشییە لە (زیل)دا دەنووسێ: ئەبووبەکر کوڕی مارستانییە و عیمادی ئیسفەهانیش دەڵێ: یەحیا کوڕی محەمەد کوڕی هوبەیرە کوڕی سەعید کوڕی حەسەن کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەن کوڕی جەهم کوڕی هوبەیرەیە.

لە دوای دوو ساڵ کە بووبووە وەزیر ئەم ڕەسەنەیان بۆ هەڵبەستووە. ئیبنولفوتی لە باسی ئیبراهیم کوڕی میکایلی کورددا دەڵێ: فەخرەدین ئەبوو محەمەد ئیبراهیم کوڕی میکایل کوڕی ئیسماعیلی عوسمانی شێخی ناو چیایە و لە شێخەکانی کێوات و دەربەندە –ئەو دەربەندە دەکەوێتە ئەو لای حەلوان و دەرەتەنگ و پاوە– بە ڕەسەن دەچێتەوە سەر ئەمیرولمۆئمینین عوسمانی کوڕی عەفانی ئەمەوی. قوتبەدینی کوڕ هاتە بەغدا و من ڕەسەن نامەم بۆ نووسی و ئێستا لە لایەتی.

دیسان هەر ئیبنوولفوتی لە باسی کوڕەکەیدا دەڵێ: قوتبەدین میکایل کوڕی ئیبراهیمی ئەمەوی، شێخی ناو چیا –کە شێخی ناو چیاکانی نزیک حەلوان و دەرەتەنگە– خەڵکێکی زۆر بەوانە و لەو چیا و دەشتانەدا خۆیان داوەتە ژێر سایەی خەرقەی ئەوانەوە و لەو ناوەدا ناوبانگیان هەیە. بە ڕەسەن دەگاتەوە عوسمانی کوڕی عەفان، ساڵی ٧١٠ی ک. هاتە بەغدا و دیدەنیی لێ کردم.

جا کەوا بوو هیچ سەیر نییە باسی: عیمادەدین کوڕی محەمەد



کوڕی ئەبوو فەراس حوسامودین کوردی گاوانی وەرامی لەلایەن مێژونووسێکی گەورەی وەک ئیبنووساعییەوە بکرێتە عیمادەدین ئەبولموزەفەر محەمەد کوڕی ئەبوو فەراسی نەخەعی حیللی ئەمیر[١]. کەچی ئیبنو ئەسیر لە باسی باوکیدا دەڵێ: حوسامەددین ئەبوو فەراسی حیللی کوردی وەرامی، برازای شێخ وەرام بوو. مامی لە پیاوچاکە بژاردەکانی موسڵمان بوو[٢]. لە دەورانی دەسەڵاتی خەلیفە ناسرلدینیللادا –کە ڕۆژ ڕۆژی پیاوی بە جەوهەر و کارامە و بەکار بوو– بنەماڵەی میرانی گاوان –کە بووبوونە عەرەب– دەراوی ڕوونیان بەدی کرد و باویان هات و برەویان سەند.

لە ساڵی ٦٠٨ی ک. دا کابرایەکی ئیسماعیلیی باتینی بەو نیازە خۆی گەیاندبووە مەکە کە لەوێ قەتادەی کوڕی ئیدریس کوڕی مەتاعینی حەسەنی بکوژێ؛ کە قەتادە ئەوسا ئەمیری مەکە بوو. لە مینا تووشی خزمێکی قەتادە هات وەی زانی ئەوە خۆیەتی، هەڵی کێشایە کێرد و هەڵی کردێ و دای هێنایە و کوشتی. کاتێ ئەمیر قەتادە ئەمەی زانی، گەورە پیاوان و عەرەب و کۆیلەکانی خۆی و هەموو خەڵکی مەکەی لە حاجیان دەنگ دا و چوونە سەریان و لە چیاوە بۆیان هاتنە خوار و بە تیر و بە گاشبەرد دایان گرتن.

ئەو ساڵە عەلائەدین محەمەد کوڕی ئەمیر یاقووت –کە مێرمنداڵەیەک بوو– لە جێگەی ئەمیر یاقووتی باوکی – کە یەکێک بوو لە ئەمیرەکانی بەردەستی خەلیفە ناسرلدینیللا – کرابووە میرحەجی حەجاجەکانی عیراق و ئەو حاجییە ڕۆژهەڵاتییانەی کە دەگەڵیاندا بوون. کاتێ ئەوە قەوما، عەلائەدین ورەی بەردا و شڵەژا و نەیدەزانی

(١) تلخيص معجم الالقاب، ٤/ ١١٨.

(٢) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٣ی ک.

چ بکا! قەتادە ملی نا لە تالآن و هەر حاجییەکی کەوتە بەرچەنگی ڕووتی کردەوە. حاجییەکان زۆر دڵخورد بوون و لە خۆیان دەترسان.

کاتێ تاریکان بەسەردا هات، بە میرحەجەکەیان گوت با بگوێزینەوە و بچینە لای حەجاجی شام. میر حەج فەرمانی دا باران لێ نێن. کاتێ حەجاج خەریکی بارەبار بوون و سەریان قاڵ بوو، کۆیلە و شڕەخۆری مەکە- ئەوانەی سەربە قەتادە بوون - مرخی خۆیان لێ خۆش کردن و لە نەکاو خۆیان دەناو هاویشتن و شیشانە گیانیانەوە و دەستیان کردە تالآن کردنیان. ئەوی کەوڵی خۆی پێ ڕزگار کرا، خۆی گەیاندە ناو حەجاجی شام و ڕەگەڵ ئەوان کەوت.

حەجاج لە زاهیر قەتیس مابوون؛ ڕێگەیان نەدەدان بچنە مەکەوە. لە دوایی هەرچۆنێک بو ڕێگەیان دان و چونە مەکە و حەجی خۆیان بەجێ هێنا و گەڕانەوە[1]. قەتادە دەزانێ کە خەلیفە ناسرلدینیللا ئەم کارەی بە کەتنێک دادەنێ کە بە دەوڵەتی عەباسی کراوە و بە سووکایەتییەکی دەزانێ کە بەسەر ئیسلامەتی هاتووە، بە هیچ جۆرێک دەستی لێ هەڵناگرێ و بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانە سەنگینە هەستا کۆمەڵێک لە دۆست و هەوالآنی دەگەڵ کوڕی خۆیدا ناردە بەغدایە و هەموویان بە شیری ڕووتەوە و کفن بە شانەوە هاتنە ناو شارەوە و چوون لاشیپانەی دەرگای (نوبی) یان ماچ کرد -کە یەکێک بوو لە دەرگاکانی بارەگای خەلیفە- و پاڕانەوە کە خەلیفە لەو تاوانەی ئەوان دەربارەی حەجاجیان کردووە چاوپۆشی بکا و بیانبەخشێ[2]. ئەوەش مانای ئەوە بوو ئەگەر خەلیفە نەیانبەخشێ ئەوان ئامادە بەو شیرانەی پێیانە بکوژرێن و بەو کفنانەی خۆیان کفن بکرێن. لە ڕۆژگاری خەلیفە

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٣ی ک.

(٢) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦٠٨ی ک.



ناسرلدینیللادا پەشیمانی و تۆبەی گوناهباران بەمجۆرە بوو.

سەبارەت بەو ڕووداوە نالەبارە کە ساڵی ٦٠٨ی ک. لە مینا بە سەر حەجاجەکان هات، خەلیفە ناسرلدینیللا ئەمیر ئەبوو فەراس کوڕی جەعفەر کوڕی ئەبوو فەراسی کوردی گاوانی کە زۆری باوەڕی بە ئازایەتی و نەترسانی هەبوو- بانگ کرد و لەباتی محەمەدی کوڕی یاقووت- کە میرحەجە بچکۆڵە بوو- کردیە میرحەج و فەرمانی بۆ دەرکرد کە حەجاجان بەرێتە مەکە و دراو و خەلآتیشی لەو ماڵەی کە بۆ هەژار و نەدارانی مەکە تەرخان کرابوو بە دیاری بۆ قەتادەی خاوەنی مەکە نارد[1]. کچەزای ئیبنوولجەوزی دەڵێ: کارەساتەکەی حاجییەکانی عیراق و ڕۆژهەڵات لە سەردەمی میرحەجایەتیی حوسامەدین ئەبوو فەراسی گاوانیدا ڕووی داوە[2]. ئەبووشامەش هەر لە مێژووەکەی ئەو بەوەی وەرگرتوە و هەر ئاواشی دەگێڕێتەوە[3]. کەچی ئیبنووئەسیر لە ڕووداوەکانی ساڵی ٦١٠ی ک. دا دەڵێ: ئەبوو فەراس کوڕی جەعفەر کوڕی ئەبوو فەراسی حیللی لەباتی میرحەجەکەی کوڕی یاقووت حەجی بە حەجاج کرد و نەیانهێشت کوڕی یاقووت بێتە حەج؛ چونکە لە سەردەمی میرحەجیەتیی ئەمدا ئەو کارەساتە بە سەر حەجاج هات[4]. ئیبنووئەسیریش لە کچەزاکەی ئیبنوولجەوزی پتر جێگەی باوەڕە؛ چونکە هەروەک مێژوونووسی ئیسلام شەمسەدین زەهەبی باس دەکا، ئەو کچەزایەی ئیبنوولجەوزییە لە هەڵبەستنی وتەی بێ بەڵگەدا زۆر بەناوبانگە. لە بڕانەوەی ساڵی

(١) مرآة الزمان، چاپی هند، ٥٦١/٨ والنجوم الزاهره، ٢٠٦,/٦

(٢) المرآة، ٥٦,/٨

(٣) ذيل الروضتين، ٩,/٨٨

(٤) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦١٠ی ک. و تأریخ – الخزرجي، پەڕەی ,١٢٢

٦٢٢ی ک. دا حوسامەدین ئەبوو فەراسی گاوانی هەر میرحەج بوو. کاتێ حاجییەکانی گەیاندە نێوان مەکە و مەدینە، لەوێ بەجێی هێشتن و بۆ خۆی چووە میسر. ئیبنوو ئەسیر دەڵێ: برادەرێکی بۆی گێڕامەوە کە حاجییەکانی بۆیە بەجێ هێشتووە خەرجیان زۆر بووە و خەلیفە کەمی یارمەتی داون. کاتێ ئەو ڕۆیشت حەجاجەکان زۆر دەترسان کە عەرەبان بەڵایەکیان بەسەر بێنن؛ بەڵام خوا پاراستنی و لە هەموو ڕێگەدا تووشی هیچ کێشەیەک نەهاتن و ناگوزوریان نەهاتە بەر و بەبێ دەردی سەر گەیشتنە مەکە؛ هەرچەندە ئازار کەوتە ناو وشترگەلیانەوە و زۆر کەمیان بۆ دەرچوو[١]. دانەری کتێبی ئەلحەوادس دەڵێ: حوسامەدین دەمێک بوو لە وەزیر موئەیدەدینی قەممی دڕدۆنگ بووبوو؛ دەترسا ڕۆژێک کێسی خۆی لێ بێنێ و شتێکی بەسەر بێنێ. جا لەو سەفەرەدا هەلی بە دەرفەت زانی و حاجیی بەجێ هێشتن و خۆی گەیاندە میسر و لە دەست وەزیر ڕزگار بوو. ئەم حەجاج بەجێ هێشتنەش ساڵی ٦٢٢ی ک. نەبووە و ساڵی ٦٢١ی ک. بووە. لە میسر پەنای بە مەلیک کامیل ئەبوولمەعالی محەمەد کوڕی مەلیک عادیلی ئەیووبی برد. مەلیک کامیل زۆری بەخێر هێنا و کردیە لە پێشترین ئەمیری خۆی لە میسر.

ساڵی ٦٢٩ی ک. کاتێ حوسامەدین زانییەوە کە وا خەلیفە موستەنسیر وەزیر موئەیدەدینی قەمیی گرتووە، نامەیەکی بۆ دیوانی خەلیفایەتی نارد و داوای کرد ڕێگەی بدات و بگەڕێتەوە بەغدا. خەلیفە ئاواتەکەی پێک هێنا و ڕێگەی دا. حوسامەدین هاتەوە و کاتێ گەیشتە ناو شاری بەغدا هەر لە ڕێوە لای دا لای نەسیرەدین ئەحمەد کوڕی ناقیدی نایب وەزیر. نایب زۆری ڕێز لێ گرت و شتی زۆر گرانبەهای

(١) کامل، ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٢ی ک.



بەخەڵات دایە. ئەمیرایەتییەکەی خۆشی پێ درایەوە. ئەوسا ڕووی کردەوە ماڵەکەی خۆی کە لە سوقولعەجەم (عەجەمە بازاڕ) بوو. لەپاش چەند ڕۆژێک بانگ کرایە وەزارەت و شیرێکی بە زێڕ نەخشاو و چەند باریان ئاڵا و تەپڵی شەڕ پێ دا و کۆمەڵە سەربازێکیشیان بۆ دیاری کرد کە دەژێر فەرمانیدا بن و (دەقووق) واتا تاوقیشیان بە تەرخانی دایە کە بەهرەی بخوا[١].

حوسامەدین لە ڕۆژگاری ناسرلدینیللا و لە زەمانی موستەنسیردا دوو جاران سەردارۆغەی واسیت و بەسرە بووە، سەردارۆغە وەک حاکمی عەسکەریی ئێستا وا بووە- سێزدە ساڵان میرحەجیەتیی کردووە؛ لە ئازایەتیدا ناوی دەرکردوە. هەر لە تەمەنی گەنجیشەوە هەمیشە ئەمیرێکی لەپێش و سەرکردەیەکی بەڕێز و خۆشەویست بووە.

ساڵی ٦٣٧ی ک. کاتێ جەمالەدین قوشتەمری -کۆیلەی ناسری- مرد، حوسامودین داوای کرد لە جێگەی ئەو بکرێتە پێشڕەوی لەشکری دەوڵەتی عەباسی، واتا سەرکردەی گشتی؛ بەڵام ئەمەیان بۆ نەکرد. لەوساوە ئیتر جێژنان دەگەڵ ئەمیرانی تردا بە سواری نەدەگەڕا. تیپی سوارانی ئەو کە ڕادەبردن، عیمادەدین موزەفەری گاوانی کوڕی حوسامەدین لە پێشیانەوە دەهات. موستەنسیر هەر بۆ ئەوە کە حوسامودین دڵی نەشکێ و پایەی دانەشکێ، ئەمەی بە ڕوودا نەدەداوە. لە دوای مەرگی موستەنسیربیللا، حوسامەدین یەکێک بوو لەو ئەمیرە گەورانە کە بانگ کرانە بنکەی خەلیفایەتی بۆ ئەوە بە کاروباری دەوڵەت ڕابگا و پلان و ڕێوشوێن دابنێ. هەر بەو پایە و ڕێزیشەوە ژیا هەتا لە ساڵی ٦٤١ی ک. دا کۆچی دوایی کرد[٢].

(١) الحوادث، ل ٤٣/، ١٨٩.

(٢) الحوادث، ١٦٧-، ١٩٠.

عیمادەدین ئەبولموزەفەر محەمەد کوڕی حوسامەدین، ئیبنوعەباسی ئاوای باس دەکا: عیمادەدین ئەبولموزەفەر محەمەد کوڕی ئەبووفەراس حوسامەدین کوڕی جەعفەر کوڕی ئەبووفەراسی نەخەعی حیللی ئەمیر، سەر بە بنەماڵەی ئەمیرایەتی و والیەتی، لە مانگی مەولوودی ساڵی ٦٣٥ی ک. دا هاتە ڕێزی ئەمیرانەوە و پێی سپێردرا کە دارۆغەی شاری حیللەی سەیفی ڕێک بخا. لە پاشان هێندێک کاری وای لێ ڕوودا کە بوونە هۆی لابردنی. واتا لە ڕۆژگاری موستەعسیمدا بووە (ساڵی ٦٤٣ی ک.) لە کار بەرکەنار کراوە و هەر لە مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا دارۆغەیی حیللە –لە باتی عیمادەدین– بە ئەمیر قوتبەدین سەنجەری بەگلەگی سپێراوە. لە پاشان عیمادەدین خرایە جێگەی ئەمیر ناسرەدوین ئاقووشی سامییەوە و کرا بە سەردارۆغەی کووفە. لەوێش، چونکە شەرابی دەخواردەوە و ئەرکی خۆی باش بەڕێوە نەدەبرد، لەسەر کاریان لابرد. ساڵی شەشسەد و پەنجا و شەش لە شەڕدا شەهید کرا. واتا لە شەڕەکەی بەغدای نێوان عەباسی و هۆلاکۆدا کوژراوە(١).

ئا بەم جۆرە دەگەڵ بڕانەوەی خەلیفایەتیی خانەدانی عەباسی، ئەمیرایەتیی بنەماڵەی هۆزی گاوانیش دوابڕا و بووە و دوامین ئەمیریان ڕەگەڵ کاروانی شەهیدانی جەنگ و هەنگامەی گەورەی بەغدا کەوتووە؛ کە ئەو شەڕەش شەڕێکی سنووردانەر بووە و سەرەتای کلۆڵی و کەساسییی عەرەب لەوساوە دەستی پێ کرد.

ئەوەندەی بە کتێبەکانی مێژوومدا ڕوانیوە ئیتر چاوم بە ناوی ئەمیرێکی هۆزی گاوان نەکەوتووە کە لە پاش ڕۆژگاری عەبباسییان سەری هەڵدابێ. وا دەردەکەوێ ئەوانە بە یەکجارەکی خۆیان کردبێتە

(١) تلخیص معجم، ٤/١١٨–٩،



عەرەب و دەگەڵ عەرەبی ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستدا تێکەڵاو بووبن و لەبیر چووبنەوە. بەڵام گەڕەکەکەیان وەک باسم کرد– هەتا ئێستاش هەر بە ناوی کوردانەوە ماوە و ناوی نەگۆڕاوە. ناوی گاوانی لە مەیدانی مێژوودا خۆی شاردەوە؛ ئەگەر چی وێنەی ناوەکە –کەم تا زۆرێک– هەر ماوە. ناوی گاوان میرخانی هەمەوەندی کورد، لە کتێبەکەی مێجەر سۆندا بەرچاو دەکەوێ کە لە ژێر ناوی (بۆ نێوان دوو چۆمان و کوردستان(١))دا نووسیویە و ساڵی ١٩١٩ی ز. چاپ کراوە. بەڵام لە مەیدانی زانیاری و کتێبداناندا یەکەم گاوانییەک کە بەو ناوە ناسراوە، ئەبو حوسەین وەرام کوڕی ئەبوو فەڕاسە؛ کە باسمان کرد: کتێبی (تنبیه الخواطر و نزهة النواظر)ی لە باسی ئامۆژگاریی ئاینی و نزا و نووشتەدا نووسیوە و باسی ئەویشمان کرد: هەروەها ئەبووسەعید محەمەد کوڕی حیللیی شافیعی فەقیهیشان لێ هەڵکەوتووە؛ کە بەناوی ئەبوو عەبدوڵڵاشەوە ناسراوە. ئەو ئەبووسەعیدە ساڵی ٤٦٨ی ک. لە دایک بووە و لە بەغدا لەلای حوجەتولئیسلام غەزالی و ئەبووبەکر محەمەد کوڕی ئەحمەدی شاشی و ئەبووحەسەن عەلی هەراسی –کە بە یەکوا ناسراوە– خوێندوویەتی و ئەوانە هەرسێکیان –هەریەکە لە سەردەمێکدا– لە مەدرەسەی نیزامییە مامۆستا بوون. سەرەڕای ئەمەش لەلای ئەبوو عەبدوڵڵای حەمیدی ئەندەلووسی و ئەبوو سەعید عەبدولواحید کوڕی مامۆستا ئەبولقاسمی قەشیری و ئەبووبەکری شامی قازیی شافیعی، فەرموودەکانی پێغەمبەر و زانستی تری گوێ لێ گرتووە و فێری بووە. مەقاماتیشی لەلای محەمەدی حەریری خاوەنی مەقامات خوێندووە و شەرحێکیشی لەسەر مەقامات کردوە. لە ئاینزانیدا زۆر

(1) E. B.Soane.To Mesopotamia and Kurdistan in disgues, London 191, P 179.

سەرکەوتوو بووە، (عیون الشعر) و (الفرق بین الراء والغین) کە دوو کتێبن، دای ناون و لە کتێبی (الجام العوام)ی غەزالیشەوە فەرموودەی بۆ خەڵک دەگێڕانەوە.

حاجی خەلیفە لە باسی ئەبوو سەعیدی گاوانیدا دەڵێ: یەکەم کەسە کە شەرحی لە مەقامات کردووە، دەشڵێ: زۆر کەس لە وێژەوانان خۆیان بە مەقاماتەوە خەریک کرد. ئەبوو سەعید محەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵا شەرحی لێ کرد و بۆ حەریریی دانەری مەقاماتی خوێندەوە. لە باسی ئەو کتێبەشدا کە ناوی (عیون الشعر)ە دەڵێ: (عیون الشعر)ی ئەبوو سەعید محەمەد کوڕی عەلی گاوانی. دەربارەی کتێبە سێهەمەکەشیەوە دەنووسێ: (الفرق بین الراء والغین)ی ئەبو سەعید محەمەد کوڕی عەلی گاوانی.

ئەبوو سەعیدی گاوانی ساڵی ٥٦١ی ک. کۆچی دوایی کردووە[١].

ئەمەش هێندێک لە شیعری ئەوە:

درووود بۆ ڕۆژگاری دڵداریی پێشوو
ئەو ڕۆژانەشمان کە لە جەرعای جاسم بووین
ئەو ماڵەش کە لەودا هۆگری دڵداری بووین
و لەو شوێنەی خۆشمان ڕابوارد دەگەڵ چاوڕەش و نەرماندا
جێگەی خۆشیان بوون و شوێنێک بوون
بۆ گاڵتەی مناڵی و پێکگەیشتن، کۆڵەکەی داکوتراو بوون [٢].

---

(١) طبقات الشافعیة الکبري ٨٨/٤ و کشف – الظنون عاموودی، ١١٨٧، ١٢٥٥، ١٧٨٨، چاپی وەکاڵەتی مەعاریفی تورکیا، ساڵی ١٩٤٢ی ز.

(٢) سێ بەیتی عەرەبین و قافیە میمن. ئەو مانایە دەگەنن. بە سێ شیعری کوردیش وەرگەڕاون کە ئەوانەن:
=



تاجەدین سەبووکی دەڵێ: محەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای عیراقی بەغدایی لە شاگردانی غەزالی و شاشی و کەیای هەراسی بوو. حەدیس خوێن ئەبوولفەوارس حوسەین کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی شافیعی دیمەشقی لە هەولێر دیتوویە و گوێی لێ گرتووە. شێخمان (الذهبی) گووتویە کە ئەو پیاوە لە پاش ساڵی ٥٤٠ی ک. مردووە. نازانم ئایا ئەوە خۆیەتی یان یەکێکی ترە؛ خوا دەیزانێ.

---

=لەجەرعای جاسما لێک کۆ بووبوین ئەوسا کە چەند خۆش بوو
بەڵێ یادی بەخێر بێ دەوری لاوی و چاخی دڵداری
چ ماڵێک بوو! تەماڵی ناسکە ئاسکی لێ دەدۆزراوە
گەلێ ئاسکی سپی و چاوڕەش لەوێ بوون بۆ گەمە و یاری
ئەوێ دەم کێ لەبیری بوو کە ئەم خۆشیانە نامێنێ
لە من وا بوو بەهەشتم پێ دراوە هەر بە یەکجاری